
# شیکاریی هەڵەکانی وتارێک سەبارەت بە شەرەفخان و شەرەفنامە

مەنسوور سدقی



## سەرەتا

ساڵی ٢٠١٧ «بنکەی ژین بۆ بووژانەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی» لە سلێمانی، پەرتووکی شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی کە لە لایەن «سەلاحەددین ئاشتی»یەوە وەرگێردرابووە سەر زاراوەی سۆرانی، چاپ و بڵاو کردەوە. «دوو پاشکۆ» لە کۆتاییی ئەم بەرهەمە زیاد کراوە لەژێر ناوی: «وردبوونەوەیەک لە ژیاننامەی شەرەفخان» (پاشکۆی ١) و «شەرەفخان بۆچی کوژرا؟» (پاشکۆی ٢) کە «مستەفا دێهقان» و «ڤورال گەنچ» لە گۆڤاری: Manuscripta Orientalia, Vol:21, No: 1, June 2015 بە زمانی ئینگلیزی بڵاویان کردبووەوە و لەلایەن «سەلمان عەلی» و پاشکۆی ٢ لەلایەن «عەبدولڕەحمان پەناهەندە» لە ئینگلیزییەوە کراوەتە کوردی.

لەم شیکارییەدا، تەنێ پاشکۆی ١، واتە «وردبوونەوەیەک لە ژیاننامەی شەرەفخان» خراوەتە ژێر لێکۆڵینەوە، بەڵام دەروازەیەکیش کراوەتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی بۆچوونێکی هەڵەی بابەتی دووەم «شەرەفخان بۆچی کوژرا؟» کە باسی ساڵمەرگ (یان وەک نووسەرانی پاشکۆ دەڵێن، ساڵی کوژرانی) شەرەفخان دەکات.

## شیکاریی پاشکۆی ١

پێش هەر شتێک، پێویستە بڵێین بەهۆی سروشتی زۆر ئاڵۆزی پاشکۆکە، بەناچاری لە زۆر شوێندا، دەقەکە وەک خۆی دەنووسینەوە تاکوو تیشک بخرێتە سەر وشە بەوشەی بۆچوونەکانی نووسەران.

چونکە لە توێژینەوەی مێژووی میرانی بدلیسدا، بۆ چەندین میری بدلیس، تووشی ناوی «شەرەف» دەبینەوە، لەم نووسراوەیەدا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، وەک هێندێک لێکۆڵینەوە سەبارەت بە مێژووی بدلیس کە لەم نزیکانەدا لەلایەن توێژەرانی کورد و تورکەوە لە باکووری کوردستان و تورکیا کراون، ئێمەش بەم شێوەیەی خوارەوە لێکیان جیا دەکەینەوە:

١ شەرەفخانی یەکەم: میر شێخ شەرەف (پێنجەم میری بدلیس).
٢ شەرەفخانی دووەم: حاجی شەرەف (حەفتەم میری بدلیس).
٣ شەرەفخانی سێیەم: میر شەرەف (نۆهەم میری بدلیس).
٤ شەرەفخانی چوارەم: میر شەرەف (١٧هەمین میری بدلیس و باپیری شەرەفخانی نووسەری شەرەفنامە).
٥ شەرەفخانی پێنجەم: میر شەرەف (١٩هەمین میری بدلیس و نووسەری شەرەفنامە).

لەم نووسراوەیەدا پتر باسی شەرەفخانی پێنجەم و ئاماژەیەک بە شەرەفخانی چوارەم دەکرێ.

لە دەستپێکی پاشکۆی ١دا، هاتووە: «ژیاننامەی شەرەفخان بەڵگەنامەیەکی یەکجار سەرنجراکێشی مێژووییە. بەشداریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بەردەوام و تۆماری ڕووداوگەلی جۆراجۆر لەخۆ دەگرێ. جا لەم باسەدا شەرەفنامە و ئەو ڕووداوانە (واتە: ئەو ڕووداو گەلە جۆراوجۆرانە) لەگەڵ یەک بەراورد دەکەین تا بتوانین باشتر ژیانی نووسەر و هەڵکەوتە مێژووییەکە ببینین».

بەڵام لە تەواوی پاشکۆی ١دا کە ٣٥ لاپەڕەی بۆ تەرخان کراوە؛ لە هیچ شوێنێک «ڕووداوگەلە جۆراوجۆرە»کان لەگەڵ یەکتر و یان لەگەڵ ڕووداوەکانی نێو شەرەفنامەدا، بەراورد نەکراون، بەڵکو تووشی گەلێک تێڕوانین دەبین کە نووسەرانی پاشکۆ بە «ڕەنگە» و «ڕێی تێدەچی» تەنیا ژیانی شەرەفخانی پێنجەمیان خستووەتە بەر ڕەخنە.

دواتر نووسەرانی پاشکۆی ١ دەڵێن: «شەرەفنامە خۆی بنەمای سەرجەم ئەو باس و لێکۆڵینەوانەیە کە تا ئێستا سەبارەت بە شەرەفنامە نووسران و کاری ڕەخنەگرانەش

لــەم مێژووە گرینگەی کوردان، یەکجار کەمە. توێژینەوەکان تا ئێستا زۆر کەم تیشکیان خستۆتە سەر ژیان و کاری شەرەفخان و زانیارییەکی ئەوتۆیان لە دەرەوەی ژیاننامەکە نەداوەتە خوێنەر. بابەتە بیۆگرافییەکانی ئەم دواییانەش گەلێک زانیاریی وەها لەسەر ژیانی شەرەفخان دەخەنەڕوو، کە بێ گرفت نین. چەند توێژینەوەیەکی گرینگی «باکێ گرامۆب» و بەتایبەتیش «سینکلەیر»، لەم بوارەدا شایانی ئاماژە پێ کردنن».

لێرەدا و لە ژێرنووسدا، سەرجەم ئاماژە بە ۱۴۰ لاپەڕی ۷ سەرچاوە کراوە کە دەبێ توێژینەوەکانی خۆیانیان بۆ ژیانی شەرەفخانی پێنجەم تەرخان کردبێ، بەڵام بەداخەوە نووسەرانی پاشکۆی ۱، تەنانەت ئاماژەیان بە یەک ڕستەی «بەگرفت» و «بێ گرفت»ی ئەم توێژینەوانە نەکردووە.

نووسەران دواتر دەڵێن: «ئێمە کار لەسەر ژیانی شەرەفخان دەکەین ... بۆ ئەمەش بایەخ دەدەینە بەڵگە سەرەتاییەکانی شەرەفنامە. لەمانەش ئەرشیفی عوسمانی، زنجیرەی ڕووداوەکانی سەفەوی و چەندین زانیاریی بنەتا دەستنووسەکانی ئەرمەنی. هەڵبەت زۆر توێژینەوە پێشتر بایەخی باشیان بە شەرەفنامە داوە. بۆیە ڕەنگە لێرەدا پێویست نەبێ ئەم توێژینەوانە بخەینەڕوو (چونکوو بایەخی باشیان بە شەرەفنامە داوە) ، بەتایبەتی کە ئێمە دەمانەوێ باسەکەمان تەرخان بکەین بۆ ژیان و کاری نووسەرەکە، بۆ ئەم مەبەستەش، گشت ژیاننامە تازەکانی نووسەرانمان، بە دوایین توێژینەوە گرینگەکەی «باجەلان»یشەوە، وەبەرچاو گرتووە».

نووسەران لە بیریان چووە چەند دێر پێشتر ئاماژەیان کردووە کە مەبەستیان «بەراوردکردنی ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی نێو شەرەفنامەیە لەگەڵ یەکتر»، بەڵام لێرەدا و دواتریش مەبەستەکەیان دەبێ بە لێکۆڵینەوە لە ژیان و بەسەرهاتی شەرەفخان. بۆ ئەمەش بایەخ دەدەنە

واتایەکی نادیاری «بەڵگە سەرەتاییەکانی شەرەفنامە» کە گوایە یەکیان دەبێ ئەو ۷ بەڵگەنامەیە بن کە لە ئەرشیفی عوسمانی دەستیان کەوتووە و لەم ۷ بەڵگەنامەیەش تەنیا ۲یان بەتەوای وەرگێڕاوە کە لە درێژەی پاشکۆی ۱دا، ئاماژەی پێ دەکەن و ئێمەش لێکدانەوەیەکی چروپریان بۆ دەکەین و پێشانی دەدەین کە نووسەرانی پاشکۆی ۱، چەندە بەهەڵە ئەو دوو بەڵگەنامەیان لێک داوەتەوە. دووەم «بەڵگە سەرەتاییەکانی شەرەفنامە»ش، گوایە «زنجیرە ڕووداوەکانی سەفەوی»یە کە لێرەشدا بەگوێرەی نووسراوەکانی مێژوونووسانی ناسراوی سەفەوی، لێکدانەوە هەڵەکانی ئەم دوو نووسەرە پێشان دەدەین؛ سێهەم «بەڵگە سەرەتاییەکانی شەرەفنامە»ش کە نووسەران پشتیان پێ بەستووە واتای نامۆی «بنەتا دەستنووسەکانی ئەرمەنی»یە کە ڕەنگە مەبەستیان «ئەنستیتووتی دەستنووسە کەونارەکانی ماتێنداران» لە ئەرمەنستان بێت؛ بەڵام لێرەشدا نووسەرانی پاشکۆی ۱، تەنیا ئاماژە بە نووسراوەی مێژوونووسێکی کۆنی ئەرمەنی دەکەن و پێشانی دەدەین چەندە ئەم سەرچاوەیەش بەهەڵە ڕووداوەکانی لێکداوەتەوە.

پاشکۆی ۱ لەژێر سەردێری «ژیاننامە: وێنە قاڵب گرتووەکە» دەپەرژێتە سەر مەبەستی سەرەکیی وتارەکە و دەڵێ: «ژیانی شەرەفخان بەو جۆرەی کە خۆی نووسیویەتییەوە، زۆر جیاوازە لەوەی کە خەڵک لە بارەیەوە نووسیویە». سەرنجڕاکێشە نووسەران پێیان وایە شەرەفخان ژیاننامەکەی خۆی نووسیوەتەوە و خەڵک لەباریەوە نووسیویانە، دیاریش نییە ئەو خەڵکە کێن، کەی و لە کوێ نووسیویانە و ئەو جیاوازییانەش چین؟

جگە لەمانە، لە سەرتاسەری ئەم پاشکۆیەدا، ڕووبەڕووی دەربڕینگەلێکی وەک «چیرۆکی باوی ژیاننامەکە»، «ژیانی شەرەفخان بەو شێوەیەی لە دوایین بەشی شەرەفنامەوە

پێمـــان گەیشـــتووە»، «وێنـــەی بـــاوی ژیانی شـــەرەفخان»، «ژیاننامەکە بـــەو جۆرەی کەوا لە شـــەرەفنامەدا هاتـــووە»، «ژیاننامەکە وەها نووسراوە» دەبینەوە کە لێکدانەوەی گوماناوی لە مەبەستی نووسەرانی پاشکۆی لێدەکرێ.

پاشـــان لەم بەشەدا هاتووە: «شاتەهماسبی یەکـــەم، شـــەرەفخانی وێـــڕای ژمارەیـــەک فەرمانبەری دیکەی سەفەوی، ڕەوانەی گیلان کردووە. ...وەک شـــەرەفخان نووسیویەتی گۆیا شاتەهماســـبی یەکەم، کردوویەتە حوکمداری گیلان».

شـــەرەفخانی پێنجەم هەرگیز نەیگوتووە، شاتەهماســـبی یەکەم کردوویەتە حکومداری گیـــلان بەڵکـــو دەڵێ: «منی هـــەژاری لەگەڵ چەند ســـەرکردەیەکی قزڵباش ڕاسپارد هەتا پێی ڕابگەین» (شەرەفنامە، ل. ٦٦٢). واتە لەگەڵ ئەم چەند کەسە بە گیلان ڕابگەن ئەمەش لە ساڵی ٩٧٥ی کۆچی ڕوویداوە.

نووسەرانی پاشکۆ دواتر دەڵێن:

«شەرەفخان کاتێک لە قەزوێن گەڕاوەتەوە، شاتەهماســـبی یەکـــەم چەنـــد دەڤەرێکـــی شـــیروان و قەفقازیشی پێ بەخشـــیوە. بەڵام مەرگی شاتەهماســـب دواتـــر دەرفەتەکەی لە دەست دەرهێناوە. شاسمایلی دووهەم سەرەتا کردوویەتـــە «ئەمیرولئومەرا»ی کوردانی وڵاتی ئێران و فەرمانڕەوای «نەخجەوان» کەچی شای سەفەوەی بە هۆی پیلانگێریی قزڵباشەکانەوە، بە شـــێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، لە بڕیارەکەی پاشگەز بۆتەوە».

لێـــرەدا وا دیارە نووســـەرانی پاشـــکۆ لە دەربڕینی شەرەفخان ســـەبارەت بەم ڕووداوە تێنەگەیشـــتوون. شـــەرەفخان «لـــە قەزوێن نەگەڕاوەتەوە»، بەڵکوو پاش ٧ ســـاڵ مانەوەی لە گیلان، لە ساڵی ٩٨٢ی کۆچیدا گەڕاوەتەوە قەزوێن. لەم بارەیەدا شەرەفخان زۆر بە ڕوونی و پـــاش باســـکردنی پێکدادانەکانـــی هێزی ڕۆژەکـــی و قزڵباشـــەکان لـــە دژی حاکمی گیلان (لە خوارەوە پتر باسی دەکەین) دەڵێ:

«کاتێک کەشـــوهەوای ناخـــۆش و بەچڵک و کێمی گیلان تینی هێنا و نەخۆشیی بەرەبەرە و درێژخایەن گەلێک پیاوی بەدەســـتوبردی ڕۆژەکییانـــی تێدا بردن، دڵم لێی هەڵکەندرا و بێزرام و منی هەژار ویســـتم چی دیکە لەوێ نەمێنم. ڕووی ڕاســـتەقینەی مەبەســـتەکەم گەیاندە خزمەت پادشای هێژا و ئەویش دوای حەوت ســـاڵ مانەوەم لەوێ (واتە لە گیلان) ئیزنـــی دەرچوونـــی دام و گەڕامەوە قەزوێن». دواتر دەڵێ: «کاتێک قزڵباشان لەیەکتر ڕاسان و بـــارودۆخ گـــۆڕا و دووبەرەکـــی کەوتە نێو ســـەفەوییەکان و پادشاش پیر ببوو» بۆیە داوا لە شاتەهماسب دەکات بینێرێتە «ناوچەیەک لە قەلەمڕەوی دەســـەڵاتی» و ئەویش دەیکاتە حاکمی شیروان و گەلێک ناوچەی وەک باکۆ، کەناراب و هتدی پێ دەدا (شـــەرەفنامە، لاپەڕەی ٦٦٤). ئەمـــەش لە مانگی جەمـــادی دووەمی ســـاڵی ٩٨٣ی کۆچیـــدا ڕوویـــداوە. بەڵام ٨ مانـــگ دواتر، واتە لە ١٥ی مانگی ســـەفەری ٩٨٤ی کۆچیدا، هەواڵی مەرگی شاتەهماسب و هاتنە ســـەر دەسەڵاتی شاســـمایلی دووەم دەبیسێ، بە فەرمانی شاسمایلی دووەم دیسان دەگەڕێتەوە بۆ قەزوێن (هەمان لاپەڕە). پاشان دەڵێ: «(شاســـمایلی دووەم) ئەوەندە دەستی ڕێزی لێنام کە هاوشـــانەکانم چاویان چووەوە پشتی سەریان و تەنانەت مەزنانی قزڵباشیش ئێرەییـــان پێ بردم. ســـەرەنجام پیلانگێران هەدایان نەدا و لە بنەوە بە خزمەتیان ڕاگەیاند کە منی بەستەزمان و چەند میرێکی قزڵباش بە تەماین هەتا سوڵتان حوسێنمیرزای برازای لەبڕی وی بکەینە شـــا. لە ڕاستیدا، شا خۆی کەسێکی فیفی و هەر جارە لەسەر هەوایەک بـــوو. ئـــەو ماوەیەی لـــە قـــەڵادا مابووەیەوە (شاتەهماســـبی باوکی، لە قـــەڵای قەهقەهە لەنزیک شـــاری مشگینشـــاری ئازەربایجان زیندانیی کردبوو) هێندەی تریاک کێشـــابوو بەجارێکـــی وا گۆڕابـــوو کە قـــەت مانگێکی نەیدەتوانی لەگەڵ کەس هەڵکا. لەسەر ئەم باو

و هەوایە تێچاندنی درۆزنان و بەرچاوتەنگان و گریمانە لە دڵان بە لای منی بەستەزمانیشدا خوار بووە و لێی وەدڵ گرتم. بەشێک لەو قزڵباشانەی سزا دان و چوارمێخەی کێشان و دەستەیەکی لەسەر کار لابردن و لە بەندیخانەی پەستاوتن. بە بیانووی ئەوەی کە دەمکاتە حوکمڕانی نەخجەوان منیشی لە جێی خۆم هەڵداشت و فەرمانێکی دامە دەستی و ناردمی بۆ ئازەربایجان»(شەرەفنامە، لاپەڕەی ٦٦٥). بەم شێوەیە لە مانگی جەمادی دووەمی ساڵی ٩٨٤ی کۆچیدا، شەرەفخان دەبێتە حاکمی نەخجەوان و دوای ساڵێک و چوار مانگ لە مانەوەی لە نەخجەوان، دەڵێ: «خوسرەوپاشای مەزنی سەرکردەکانی وان و زەینەلبەگی هەکاری و حەسەنبەگی مەحموودی لە دەرانەی سوڵتان مرادخانەوە مزگێنیی حکوومەتی بدلیسیان بۆ هێنام». لە سێهەم ڕۆژی مانگی شەشەکانی ٩٨٦ی کۆچیدا، وێڕای گەلێک عەشیرەتی ڕۆژەکی، نەجخەوان بەرەو بدلیس جێدەهێڵی (شەرەفنامە، لاپەڕەی ٦٦٦).

ئەم ڕێکەوتانەی کە لەسەرەوە زەق کراونەتەوە. بەوردبوونەوە لە لاپەڕەکانی شەرەفنامە وەدیار کەوتوون و لە درێژەی ئەم شیکارییەدا و بۆ باشتر ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکانی دیکە کە نووسەرانی پاشکۆ دەیورۆژێنن، بەکەڵک دێن. دواتر نووسەرانی پاشکۆ دەڵێن:

«بەگوێرەی ژیاننامەکە، هەنگاوەکانی دواتری شەرەفخان سەرەنجامی گۆڕانی سیاسەتی سەفەوییەکان بوون دوای گەڕانەوەی لە نەخجەوان، لەگەڵ خوسرەو پاشای سپاسالاری عوسمانی کۆدەبێتەوە. ئەمجا فەرماندەی لەشکری تورک و سوڵتان مرادی سێهەم پایەی فەرمانڕەوای «بەدلیس»یان بۆ گێڕاوەتەوە».

بەپێچەوانە، وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، شەرەفخان کە دەچێتە نەخجەوان، ئیتر ناگەڕێتەوە قەزوێن و خوسرەوپاشا و زەینەلبەگی هەکاری و حەسەنبەگی مەحموودی هەر لە نەخجەوان فەرمانی سوڵتان مراد سەبارەت بە ڕادەستکردنەوەی حکوومەتی بدلیسی پێ ڕادەگەیەنن.

پاشان لەژێر سەردێڕی «خاڵە ناکۆکەکانی وێنە باوەکە»، نووسەرانی پاشکۆ دەڵێن:

«لە ژیاننامە یا دووایین بەشی شەرەفنامەدا، گەلێک زانیاریی گرینگ بەرچاو دەکەون. خوێنەر سەرنجی دەچێتە سەر کۆمەڵێک ڕووداوی جێمتمانە کە نووسەر تێبینیی خۆی لەسەر نووسیون. ئێمەش دەمانەوێ لێرەدا پەردە لەسەر چەندین زانیاری و ئاماژە لابدەین (ئامانجی ١) کە لە توێژینەوە پەیوەندیدارەکاندا هەستیان پێ نەکراوە. هەروەها هەوڵیش دەدەین (ئامانجی ٢) پێشینەی خودی شەرەفخان لە دوایین بەشی شەرەفنامەدا بخەینەڕوو. بەم جۆرە (واتە لە ئاکامدا) ئاشنای چەندین خاڵی ناکۆکیی نێو ژیاننامەکە دەبین».

لێرەدا نووسەرانی پاشکۆی ١، لە ٦ خاڵدا، «خاڵە ناکۆکەکانی نێو ژیاننامەکە» دەورووژێنن. جا بزانین نوسەرانی ئەم پاشکۆیە ئەم ٢ ئامانجەی سەرەوەیان چەندە پێکاوە و چۆن ئێمە لەگەڵ «چەندین خاڵی ناکۆکی نێو ژیاننامەکە و یان وێنە باوەکە» ئاشنا دەکەن؟

«خاڵی یەکەم: سەرەتای ژیاننامەکە قەسیدەیەکی درێژە لە دیوانی جامی، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی بە ناوی جامی نەکردووە. شەرەفخان وەک ئاماژەیەک بە خوێندەواریی خۆی ٢٣ بەیتی شێعری جامی بە ناونیشانی «شەرح حال» لە شەرەفنامەکەیدا داناوە. لێرەدا شەرەفخان لەبارەی خوێندەواریی خۆیەوە، زیادەڕۆییی کردووە چونکە ڕاست نییە بڵێین شەرەفخان لە ئیعراب و ئیعلال و فیقە دا زۆر شارەزا بووە».

شەرەفخان لە سەرتاسەری شەرەفنامەدا سەدان بەیت شێعری نووسیوە و لە چەند

شــوێنیش ئاماژەی بە ناوی شاعیرەکەشــی کردووە. دیارە ئەمە شــێوازێکی نووسینی ئەو سەردەمی بووە. بەڵام ســەیرە کە نووسەرانی پاشکۆی ١، پێیان وایە هەر کەس شێعرێکی لە کتێبێکدا نووسی، ئەوە نیشانەی خوێندەوارییە. ئاخــر مەگەر شــەرەفخان لە دیوانی شــای سەفەویدا گەورە نەبووە و خوێندن و نووسینی لە ئاســتێکی بەرزدا وەدەســت نەهێناوە؟ لە لایەکی دیکەوە، وا دیارە نووسەرانی پاشکۆی ١، لەبیریان چووە لە پاشکۆی ٢دا چۆن باسی شەرەفخانیان کردووە: «... لەو سەردەمەدا هیچ دیوانسالارێکی کورد شانی لە شانی شەرەفخان نــەداوە. ئەو لە بواری مێژووی کورددا گەلێک لێوەشــاوە بــووە... شــەرەفخان پیاوێکــی خوێندەوار بووە و چاکی لە پرســی ســنوور و یاســا و ریســاکانی دین و بابەتگەلی دیکە زانیــوە... خەڵکی نیشــتمانەکەی خۆی پاکی گوێڕایەڵی بــوون. لە نێو ڕۆژەکییاندا هێندەی وی باش نەبۆتە مەزنی میرنشینێکی کوردی». نووســەرانی پاشــکۆ تەنانەت دواتریش باسی «جێگە و پێگەی بەرز و بڵیندی شــەرەفخان و ڕێبەرایەتیــی بنەماڵەکــەی لەگــەڵ چەند بنەماڵەی دیکە» لە لای شاعەباسی یەکەمیش دەکەن! (پاشکۆی ٢، شەرەفنامە، ل. ١٠٩٩-١١٠٠). هەڵبەت نووســەرانی پاشکۆ، ئەم دێڕانەیان بۆ ســەلماندنی بۆچوونەکانی خۆیان لە پاشکۆی ٢دا زۆر پێویســت بــووە، مخابــن لەبیریان چووە لە پاشکۆی ١دا، هەڵسەنگاندنێکی تەوا پێچەوانەیان کردووە.

«خاڵــی دووەم: لەبــارەی پێوەندیی نێوان دایکی شــەرەفخان و خێڵەکانی «بایوندور»ەوە دەتوانیــن نەتەنیا ئاماژە بە پرســی پێوەندیی ســوڵتانی ئاققۆینلو، ئووزوون حەســەن (... ١٤٢٥-١٤٧٨ی ز) لەگــەڵ شــا ســمایلی یەکەمی ســەفەوی بکەین، بەڵکوو ئەمە هەر خۆی ڕەسەنایەتیی نووسەر دەسەلمێنێ. وەک ئیزەدی نووسیویە: شەرەفخان ڕەچەڵەکناسیی پێش ئیسلامی ساسانییەکانی لا پەسەندتر بووە.

هەر چەند ئەگەر شەمســەددین ئەکاسێریی کوڕی شــەرەفخان لەو دەستنووســەدا ناوی هاتبــێ کە ئیزەدی بەکاری هێناوە، نووســەر لە شــوێنی دیکــەدا جەختــی کردۆتەوە کە فەرمانڕەواکانــی ساســۆن و ڕۆژەکــی، ڕێک بە ئەکاســێری یان هەمان ساســانییەکانەوە بەستراوەتەوە. جا ســەرباری زۆر و زەوەندیی بەڵگەکان ســەبارەت بــە ڕەچەڵەکی بەرەی باوکی، وا دیارە هێندێــک پێیان وایە دایکی تورکمان بووە».

لێرەدا پێویســتە وەبیر نووسەرانی پاشکۆ بێنینــەوە کــە شــەرەفخان زۆر بەڕوونــی گوتوویەتــی دایکی بایەندوری بــووە، (نەک بایونــدوری ئەم هەڵەیە چەنــد جار لەلایەن وەرگێڕی شــەرەفنامەش بە سۆرانی دووپات بووەتــەوە) و دەڵێ: «پاش ئــەوەی کە باوکی پایەبــەرزی منــی ...، بەناچــاری لــە زێد و نیشــتمانی دڵبەندی هەڵپچــڕاوە و کەوتۆتە عەجەمستان و تەرکەوەتەن بووە، دایکی منی داماوای خواســتووە کە دەبێتــە کچی ئەمیر خانــی مووســڵوو. ئەمیرخانــی باپیرم کوڕی گوڵاویبەگ کوڕی میرەبەگە کە ناســراوە بە تۆقاتی بایوندوری و لە ســەردەمی پاشایەتی حەســەنبەگی بایوندوریدا یەکێــک بووە لە مەزنەمیرانی ئــەو خانەدانە». (شــەرەفنامە، ل. ٦٥٨-٦٥٩). بۆیــە ئیتر پێویســت ناکات بڵێن هێندێــک پێیان وایە دایکــی تورکمان بووە؛ یــان بڵێن «ئەمــە هەر خۆی ڕەســەنایەتیی نووسەر (شــەرەفخان) دەســەلمێنێ». ڕەنگە بەپێچەوانەی شــەرەفخان کە گوایە «ڕەگەزی نێر، لای پێگەیەکــی بەرزی هەبووە» (بڕوانە برگــەی: «کــوڕ و براکانــی شــەرەفخان» لە پاشــکۆی ١دا، لە ژێرەوە)، نووسەرانی پاشکۆ، ڕەگــەزی مێیان لا پەســەند بووبێت؛ بۆیە ڕەسەنایەتیی شەرەفخانیان گەڕاندووەتەوە سەر دایکی کە تورکمان بــووە. هەڵبەت زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤــەکان (ڕەنگە جگە لە جوو و ئاڵمانی) ئێستاشــی لەگــەڵ بێت، ڕەگەزی

خۆیان دەبەنەوە سەر باوک و باپیریان. کەوابوو سرووشتییە شەرەفخان ڕەسەنایەتیی بنەچەی خۆی بە باوکییەوە ببەستێتەوە و ئەویش «بەپێی قسەی باوەڕپێکراوان و دەقی نووسینی ئەوانەی کەوا پشتیان پێ دەبەسترێ» بیگەڕێنێتەوە سەر «ئەکاسێرەکان»، واتە ساسانییەکان، وەک لە شەرەفنامە و لە بڕگەی «باسی ژیان و بەسەرهاتی خێڵی ڕۆژەکی و چۆنیەتیی ناودێرکرنیان»دا، دەڵێ: «... بەکورتی و پوختی، بەپێی قسەی باوەڕپێکراوان و دەقی نووسینی ئەوانەی کەوا پشتیان پێ دەبەسترێ، گۆیا ڕۆژێک لە ڕۆژان ٢٤ تیرەی کوردان لە مەڵبەندی «تاب»ی سەر بە ناوچەی «خویت» کۆبوونەوە و بوونە دوو بەش. دوازدەیان ناویان بوو بە بڵباسی و دوازدەکەی دیکەشان بە قەوالیسی ناودێر کران... و زەوییەکانی ئەو مەڵبەندەیان لە نێوان خۆیاندا دابەشیوە و چونکە هاودەنگ و هاوزمان و هاوبیر بوون میرێکیشیان بۆ خۆیان داناوە و بەرەبەرە هەرێمەکەیان داگیر کردووە... پاش گیرانی بدلیس و حەزۆ و تێپەڕبوونی چەند ساڵێک، سەرکۆماڵی ڕۆژەکی بە وەجاقکوێری سەری ناوەتەوە و بێسەرەوبەریی ڕووی تێکردوون»، بۆیە خێڵی ڕۆژەکی لەدوای چارەسەری گەڕاون و لە ئاکامدا وایان پێ باش دەبێ «بچنە لای دوو برا بەناوی عیزەددین و زیائەددین لە شاری ئەخلات کە بە ڕەسەن دەچوونەوە سەر کیسراکان (واتە ساسانییەکان)... و هەرکامیان شیاوی مەزنایەتی بوو، بە سەرۆکی خۆیانی دابنێن ... چەند پیاوماقووڵێک هەستاون و چوونە شاری ئەخلات و تەدارەکیان بۆ ئەو دوو شازادانە گرتووە و هێناویانن بۆ بدلیس. کۆمەڵێک عیزەددینیان لە بدلیس کردۆتە میر و تاقمێکیش زیائەددینیان لە حەزۆ بە حوکمڕان داناوە. پاشان لە بڕگەی «باسی بنە و بنەچەکی میرانی بدلیس، کە دەچنەوە سەر کێ»، شەرەفخان دەڵێ: «بەپێی گێڕانەوەی زمانەوزمان ڕوون بۆتەوە و لە چەند دەقێکی دیرۆکیشدا نووسراوە، کە میرانی بدلیس دەچنەوە سەر تۆرەمەی کیسراکان». (شەرەفنامە، ل ٥٥٣-٥٦٠).

لە خاڵی سێیەمدا، گرینگە سەرنجی ئەم ڕستەیە بدەین: «(شا) پێی دەگوتین پێویستە هێندێک جار بایەخ بە هونەری وێنەکێشانەوە بدەن، چونکە سەلیقە ڕاست و ڕێک دەکا». جا شەرەفخان، بەپێی ئەم ئامۆژگارییەی شاتەهماسبی یەکەم و ئەو تابلۆ بچووک و پڕ واتایانەی وا لە دەسنووسە کۆنەکەی شەرەفنامە « MS.Or.Elliot 331»دا پێشان دراون، دیارە هونەرمەندیش بووە. بەگوێرەی دەقی شەرەفنامەی کتێبخانەکەش، هەر تابلۆیەک سەبارەتە بە نێوەرۆکی لاپەڕەی بەرانبەری، بۆیە دەبێ نووسەر خۆی کێشابنییەوە و پێشانی دابن. هاوکات هێندێک توێژەرەوەی نێوخۆ، شەرەفخانیان بە وێنەکێشێکی توانا لە قەڵەم داوە و بۆ پێداهەڵدانی مینیاتۆرەکانی کەوتوونە زیادەڕۆیی».

بڕوانە ئەم دەربڕینانە نووسەرانی پاشکۆی ١: لە سەرەتادا تابلۆکانی نێو شەرەفنامە بە «پێشاندراو» باس دەکەن، واتە شەرەفخان نەیکێشاونەتەوە، پاشان دەڵێن» «دەبێ خۆی کێشابنییەوە» و لە کۆتاییدا هەڵسەنگاندنەکانی دوو سەرچاوە ئاماژەپێکراوەکە دەشوبهێنن بە: «پێهەڵدانی مینیاتۆرەکانی» کە گوایە «کەوتوونە زیادەڕۆیی»ش. بەمە دەڵێن شێوازی لێکۆڵینەوەی زانستی. هەڵبەت دووەم سەرچاوەی ئاماژەپێکراو بۆ ئەم تێڕوانینەی نووسەرانی پاشکۆی ١ («یووسف ١٩٩١»)، بریتییە لە کتێبێک بەناوی «تابلۆکانی شەرەفنامە، لە نووسینی مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٥، ٢٧٥ لاپەڕە» کە نووسەرانی پاشکۆ پێیان وایە نووسەر «زیادەڕۆیی»ی کردووە لە «پێهەڵدانی» شەرەفخان، بەڵام ڕێک بەپێچەوانە، ئەم پەڕتووکە لێکۆڵینەوەیەکی گەلێک پڕ نێوەڕۆک، بەنرخ و بێ وێنەیە لە چەشنی خۆی لە بواری توێژینەوەی

شێوەکاری- مێژوویی کوردیدا و زۆر بە تێروتەسەلی باسی ٢٠ مینیاتۆری نەخشێندراو لە یەکەم دەستنووسی شەرەفنامە دەکات (کە «بچووک»یش نیین!) و عەبدولرەقیب یوسف، نووسەری ئەم بەرهەمە بەنرخە دەیسەلمێنێ کە شەرەفخانی پێنجەم بۆخۆی ئەم تابلۆیانەی کێشاوەتەوە.

لە خاڵی چوارەمدا هاتووە: «هەروەها پێویستە تێبینیی ئەوە بکەین کە شەرەفخان لە باسی دەوری خۆیدا، وەک کەسی سەرەکی لە شکست پێ هێنانی خانی گیلاندا، زۆری پێ لێ هەڵێناوە، چونکە ئەو هەرگیز حاکمی گیلان نەبووە، بەڵکوو باشترە بگوترێ فەرمانڕەوایەکی سەفەوی بووە لە «تۆنێکابۆن» کە بەشێک بووە لە گیلان. کاتێکیش لە هەڵمەتەکانی گیلاندا دەوری زۆر بەرچاوی گێڕاوە، ئەمجا کراوەتە شەریکەدەسەڵاتی ئەڵلاقوڵی سوڵتان، ئیچاق ئۆغلیی ئوستاجلوو، ئەسکەندەربەگی ئەفشار، هەمزە بەگی تالیش و زەینەڵبەگی زولقەدر».

لێرەدا هەڵەیەک لەم دەقەدا هەیە، ڕەنگە هەڵەی وەرگێران بێت: «ئەڵلاقوڵی سوڵتان، ئیچاق ئۆغلیی ئوستاجلوو» دوو کەس نییە، بەڵکوو ئەمە «ئەڵلا قوڵی سوڵتان ئیجەک ئۆغلیی ئۆستاجلوو» سەرکردەیەکی قزڵباشی تایفەی ئوستاجلوویە کە لە کێبەرکێی جێنشینیی شاتەهماسب، لە نێوان ئیسماعیل میرزا کە دواتر دەبێتە شا ئیسماعیلی دووەم و حەیدەر میرزای برای، پشتی حەیدەر میرزای گرتبوو. (والتر هینتس. ص. ٥٦).

شەرەفخان هەرگیز نەیگوتووە، حاکمی گیلان بووە، بەڵکوو وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد، دەڵێ کاتێک شاتەهماسب بڕیاری دا هەرێمی ژێر دەسەڵاتی خان ئەحمەدی گیلانی، واتە ناوچەی گیلان بگرێ (چونکوو خان ئەحمەدخانی گیلانی خەریکی ڕێککەوتن لەگەڵ عوسمانییەکان بووە تا هێرش بەرێتە سەر قەزوین و شیروان و لاهیجان) بۆیە: «منی هەژاری لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی قزڵباشان ڕاسپارد هەتا پێی ڕابگەین و بیپارێزین» (شەرەفنامە، ل. ٦٦٢). دیارە بەگوێرەی ئاماژەی «ئەسکەندەری مونشی» لە «تاریخ عالم آرای عباسی»یشدا، دەردەکەوێ کە شەرەفخان «حاکمی تۆنێکابۆن بووە» (اسکند بیگ منشی، بەرگی ١، لاپەڕەی ١٤١).

وادیارە لەم سێ ئاماژەیەی خودی شەرەفخان کە لە ژێرەوە هاتووە، نووسەرانی پاشکۆ پێیان وایە شەرەفخان «زۆری پێ لێ هەڵێناوە»:

١ «... بە خۆم و ٤٥٠ کەسی سوارە و پیادەوە توانیم بەرەنگاری کەسێک ڕاوەستم بەناوی سوڵتان هاشم لە تۆرەمەی فەرمانڕەوایانی گیلانی کە ... بە هەژدەهەزار سوارە و پیادەوە هاتبوویە سەرم. پاش قەومانی شەڕ و ... سپای ئەو نەگبەتییەم شکاند» (شەرەفنامە، ل. ٦٦٣).

٢ شەرەفخان لە لاپەڕەی ٩٦٢ی شەرەفنامەشدا دەڵێ: «لەم ساڵەدا (٩٧٦ی کۆچی) جەماوەری گیلان کەسێکیان بەناوی سوڵتان هاشم... ، بەکۆدەنگی کردە حوکمڕان. پاشان بە سەر سەرداران و سەرۆکانی قزڵباشیاندا دا و تاقمێکیان کوشتن و ژمارەیەکیان ڕەپاڵنان. دواتر نزیکەی ١٨ هەزار سوار و پیادەیان کۆ کردەوە و چوونە زگ حاکمی تۆنێکابۆن. حوکمڕان بەخۆی و ٥ سەد کەس لە سەرکردە و غوڵامان و چەکدارانی کورد و دەستەیەک لە بەگلەرانی قزڵباش لە قەزوێنەوە چووبوونە یاریدەی و لە سەر ڕووباری مەرز بەرەنگاریان بوونەوە و سپای سوڵتان هاشم شکا». نووسەران بەم ڕووداوە کە قەوماوە دەڵێن، «زۆری پێ لێ هەڵێناوە». هەڵبەت تەنیا خاڵی ناکۆک لێرەدا ئەوەیە کە لە ئاماژەی یەکەمدا شەرەفخان باسی ٤٥٠ کەس و لە ئاماژەی دووەمدا ئاماژە بە ٥٠٠ کەس دەکات. ڕەنگە دۆزینەوەی ئەم جیاوازییە لە ژمارەدا زۆر بەدڵی نووسەرانی پاشکۆ بێت!

۳ هەروەها لە لاپەڕەکانی ۹۵۷ ـ ۹۶۰ و لەژێر ڕووداوەکانی ساڵی ۹۷۵دا، شەرەفخان بە تێروتەسەلی باسی کێشەکانی گیلان و ڕووداوی شکستی خان‌ئەحمەدخانی گیلانی دەکات و لە هیچ شوێنێک باسی «دەوری سەرەکیی خۆی» نەکردووە، تەنیا لە کۆتاییی ئەم بەشەدا دەڵێ: «پێنج کەس لە سەرداران لەگەڵ ئەڵلاقولی سوڵتانی لەلە و شازادە سوڵتان مەحموودمیرزای کوڕی پێنجەمی پادشا، بۆ پاراستنی گیلان دیاری کران کە یەکیان خودی خۆم بووم».

۴ ئەسکەندەری مونشیش بەم شێوەیە باسی ئەم بابەتە دەکات: «شەرەفخان روزکی که از امیرزادەهای بتلیس بود و در خدمت حضرت شاه جنت مکان تربیت یافته معتبر بود و حاکم تنکابن گیلان بود». واتە: شەرەفخانی ڕۆزکی (ڕۆژەکی) کە یەکێک لە میرزادەکانی بتلیس (بدلیس) بوو و لە خزمەتی «شای پایەبەرزی بەهەشتی»دا، پەروەردە ببوو و ناوبانگی هەبوو؛ حاکمی تۆنێکابۆن بوو. (اسکندر بیگ منشی ، ج ۱، ص،۱۴۱).

نووسەرانی پاشکۆی ۱، لە خاڵی پێنجەمدا دەڵێن:

«ژیاننامەکە وەها نووسراوە کە جەخت لە پێگەی بێ‌وێنەی شەرەفخان بکاتەوە. ناکۆکییە نێوخۆیییەکانی سەردەمی شاسمایلی دووهەم و شامحەمەدی خودابەندە، سەفەوییەکانیان بێ‌هێز کردووە. عوسمانییەکان ئەم دۆخەیان بە هەل زانیوە، تا هەوڵ بدەن سەرۆک خێڵەکانی ڕۆژەکی بۆ لای خۆیان ڕابکێشن؛ هەر بۆیە دەسەڵاتی عوسمانی پاساوی خۆیان هەبووە بۆ هێنانەوەی شەرەفخان. ساڵی ۹۸۵ی کۆچی، فەرمانێکیان دەرکردووە تا ڕێگە لە پێوەندیی کوردەکان بە شەرەفخانەوە بگرن. دەوڵەتی عوسمانی ترساوە سەرهۆز و تیرە و خێڵات و جەماوەری کورد جارێکی دیکە کۆچ بکەن، چونکە کۆچی کوردان دەسەڵاتی قانوونی و بڕیاردانی ئەوانی لە ناوچە بارناسەکانی سەرسنوور کەم کردۆتەوە».

سەبارەت بەم بڕگەیە:

نووسەران یەک نموونەیان کە گوایە شەرەفخان «جەختی لە پێگەی بێ وێنەی» خۆی کردبێتەوە، پێشان نەداوە.

ناکۆکییە نێوخۆیییەکانی سەفەوی نەک لە ساڵی ۹۸۵ی کۆچیدا، بگرە زۆر پێشتر ڕوویداوە و لە دوایین ساڵەکانی دەسەڵاتی شاتەهماسب (دەوروبەری ساڵی ۹۸۲ی کۆچیدا) دیسان دەست پێ دەکاتەوە. بەگوێرەی شەرەفنامە «قزڵباش لەیەکتر ڕاسان، بارودۆخەکە گۆڕا و دووبەرەکی باڵی ئەنگاوت و شاتەهماسبیش لەبەر پیری هیچی بۆ لەگەڵ نەکران و زۆر وێدەچوو هێندەی پێ نەچێ دە گژ یەکتر ڕاچن و ئاوری ئاژاوەیەکی گەورە بتەنێتەوە» (شەرەفنامە، ل. ۶۶۴). بۆیە شەرەفخان داوا لە پادشا دەکات بینێرێتە «یەکێک لە ناوچە و هەرێمەکانی نێو قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی» (شەرەفنامە، هەمان لاپەڕە). لێرەدا شەرەفخان دەکرێتە حاکمی شیروان کە دەبێتە ساڵی ۹۸۳ی کۆچی. دوای ۸ مانگ مانەوە لە شیروان و پاش مردنی شاتەهماسب لە ۱۵ی سەفەری ۹۸۴ی کۆچی و هاتنە سەر دەسەڵاتی شاسمایلی دووەم، شەرەفخان دەگەڕێتەوە قەزوێنی پایتەخت. ئێنجا بە فەرمانی شاسمایلی دووەم لە مانگی جەمادی یەکەم یان دووەمی ساڵی ۹۸۴ی کۆچیدا دەبێتە حاکمی نەخجەوان و ۳ یان ۴ مانگ دواتر لە شەوی ۱۶ی ڕەمەزانی ۹۸۵دا، پاش کوژرانی شاسمایل، «گەورەکانی قزڵباش» «پادشا کوێرەمووشە (واتە شامحەمەدی خودابەندە) دەکەن بە پادشای هیچکارە. (شەرەفنامە، ل. ۹۷۸). پاشان شەرەفخان دەڵێ، «ساڵێک و چوار مانگ بەسەر ماوەی دەسەڵاتیدا لە نەخجەوان تێپەڕ دەبێ، واتە لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی ۹۸۶ی کۆچیدا، خوسرەوپاشای مەزنی سەرکردەکانی وان و زەینەڵ بەگی هەکاری و حەسەن بەگی

مەحموودی لە «دەرانەی سوڵتان مرادخان»ەوە مزگێنیی حکوومەتی بدلیسیان بۆ هێناوە و «سێیەم ڕۆژی مانگی شەشەکانی ٩٨٦ی کۆچی، واتە سێی مانگی شەوالی ٩٨٦ وێڕای ... لە نەخجەوان بزووتین» (شەرەفنامە، ل. ٦٦٦).

سەبارەت بە «هێنانەوەی شەرەفخان»، ڕاستتر ئەوەیە کە سوڵتانی عوسمانی، سوڵتان مرادی سێیەم، دەسەڵاتی میرنشینی بدلیسی بۆ خانەدانی شەرەفخان و هۆزی ڕۆژەکی گەڕاندووەتەوە. لەمەشدا دیارە سوڵتانی عوسمانی پاساوی بەهێزتر کردنی دەسەڵاتی خۆی لەبەرامبەر دەسەڵاتی لاوازی سەفەوییەکانی مەبەست بووە، بەڵام لە هەمان کاتدا وەک سەردەمی شەرەفخانی چوارەم، عوسمانییەکان بۆیان دەرکەوتبوو کە لەم هەلومەرجە ناسکەدا چیتر ناتوانن ویلایەتی بدلیس بە بێ گەڕانەوەی ئەم خانەدانە بۆ سەر دەسەڵات بەڕێوە بەرن. شەرەفخان هەر لە بارەی بەزۆر دەرپەڕاندنی دەسەڵاتدارانی کوردستان لە لایەن «پادشاکانەوە» و لەبەر ناچارییان، دووبارە ڕادەستکردنەوەی دەسەڵات بە حاکمانی کوردستان، لە پێشەکیی شەرەفنامەدا دەڵێ: «... خۆ ئەگەر چەند پادشایەکیش خۆیان لە گرتنی کوردستان هەڵکردووە و لەو پێناوەدا تووشی چەرمەسەری و کوێرەوەرییەکی لەڕادەبەدەر هاتوون. ئاخرییەکەی پەژیوان بوونەوە و بە خاوەنی پێشوویان ئەسپاردۆتەوە. بۆ نموونە ناوچە و هەرێمەکانی گورجستان، شەککی، شیروان، تالش، گیلان، ڕۆستەمدار، ئەستەرابادی باکووری ئێران کە بەسەر خاکی کوردستانەوەیە، بارودۆخێکی ئاوایان بەسەردا تێپەڕیوە» (شەرەفنامە. لاپەڕەی ٦٧).

بەڵام سەبارەت بەم بەڵگەنامەیەی عوسمانی کە گوایە سەرچاوەکەی دەبێ MD 32, hkms, 168, 514 بێت کە کورتکراوەی Mühimme Defterlie =MD و hkum=hkm)ن؛ نە بە نیوەڕۆکی ئەم بەڵگەنامانە و نە بە ڕێکەوتیان و تەنانەت نە بەو کەس و یان بەرپرسە عوسمانییەکەی کە ئەم بەڵگەنامانەیان دەرکردووە، ئاماژەیان نەکردووە. نووسەرانی پاشکۆ تەنیا دەڵێن ساڵی ٩٨٥ی کۆچی دەرچووە. جگە لەمە هیچ لێکدانەوەیەکیشان نەخستووەتە ڕوو کە ئەم فەرمانە چی لە پشتەوە هەبووە، لە کاتێکدا پاش کەمتر لە ساڵێک، سوڵتان مرادی سێیەم فەرمانی گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی ناوچەی بدلیسی بۆ شەرەفخانی پێنجەم دەرکردووە. بەگوێرەی شەرەفنامەش دەزانین کە «لە ماوەی ساڵێکدا تەواوی ماڵ و سامان و نەغدینە و خەزێنەیەکی کە شاتەهماسب وەسەریەکی نابوو، هەموو بە بادا چوو. بارودۆخێکی نالەباری بەرەو تێکچمین، باڵی بە سەر وڵاتی ئێراندا کێشا. هەر لەم ساڵەدا (واتە ٩٨٦ی کۆچی، ساڵی گەڕانەوەی شەرەفخان بۆ بدلیس) سوڵتان مرادخان پێی لەسەر بڕیاری پاری داگرت (واتە ساڵی ٩٨٥ی کۆچی بڕیاری ئەم هێرشەی دابوو) و دەشیزانی هەلومەرجەکە چۆنە. خۆی هەڵکرد و بە هەموو هێز و توانایەوە تێداچوونی نیشتمانی ئێران و بڕانەوەی بنەماڵەی بەدمەزەبانی ڕەچاو کرد. مستەفاپاشای وەزیری دووەمی کردە سەرکردەی قۆشەنی چەشنی دەریا بەژاوەژاو و ١٥٠ هەزار سوارەی دڕ و خوێنڕێژی وەپێش دا و فەرمان دەرچوو کە سپاسالاران و حاکمانی کوردستان بکەونە تالانوبڕۆی ئازەربایجان» (شەرەفنامە، ل. ٩٧٨).

لە درێژەی ئەم خاڵەشدا نووسەرانی پاشکۆی ١، بە ئاماژە دان بەم سەرچاوانە:

MD 39, hkm. 16; MD 40, hkm. 351; MD 47, hkm. 1; MD 60, hkm. 438. MD 60, hkm. 355& MD 49, hkms. 507-509, respectively

دەڵێن:

«چەندین کوردی دیکەش جگە لە شەرەفخان، بوونەتە مەترسی بۆ سەر

عوسمانییەکان. لەبەر ئەوە سوڵتانی عوسمانی، بەگوێرەی «MD 48, 84; Dated 990/1582» بەڵێنی پێگەیەکی شایانی بەو میرە کوردانە داوە کە بەیعەتیان پێ کردووە. بە هۆی ئەم سیاسەتەی عوسمانییەکانەوە، بەتایبەتی کاتی هەڵمەتەکانی ڕۆژهەڵات، تەیموور خانی ئەردەڵان، محەمەد خانی لورستان، قوبادبەگی ئامێدی و زۆری دیکە ولامی ئەرێنیی داخوازیی سوڵتانیان داوەتەوە، عەبدولوەهابی فەرمانڕەوای خووزستان و سولاق حوسێنی فەرمانڕەوای هەمەدانیش داواکەیان قبوول کردووە. پێگەی ئەم هەموو کاربەدەستانەش لە شەرەفنامەدا بە درێژی باسی کراوە».

نووسەرانی پاشکۆ لێرەشدا ناونیشانی گەلێک بەڵگەنامە دێننەوە، بەلام تەنیا بە یەک دێڕ، باسی نێوەڕۆکی ئەو هەمووە بەڵگەیە دەکەن: گوایە «بەڵێنی پێگەیەکی شایان» بەم «چەندین کوردە» دراوە و هیچی تر! ئەم پێگەیە چ بووە و بۆچی ئەم بەڵێنییە دراوە و ئایا پاشان ئەم بەڵێنییە ئەنجام دراوە یان نا؟ بێدەنگیی لێ دەکەن.

لە خالی شەشەمدا هاتووە:

«دوابەدوای سەرکەوتنی لەشکەرکێشییەکەی ساڵی ٩٩١ی کۆچی، بۆ سەر جۆرجیا، مووش خراوەتە ژێر دەسەلاتی شەرەفخان، تۆمارەکانی عوسمانی دەریدەخەن کە پاش تەواو بوونی ڕەوتی بەیعەتەکەی شەرەفخان، سوڵتان دووبارە خەلاتی کردووە. بەڵگەی ئەرشیڤەکانیش ئۆبالْ بۆ زانیارییەکانی ژیاننامەکە دەکێشن. ژیاننامەکە ئاماژەی نەکردووە بەو موڵک و ناوچانەی وا بۆ شەرەفخان گێردراوەتەوە بەلام بدلیس خۆی «نفس بتلیس» و پێنج گوندی گرینگ، ئووربان، خۆرۆس، پێسێل، حاجی کەند و ئەکۆچکی گوێزراونەتەوە بۆ سنووری دەسەلاتی ئەو. جێی باسە هیچکام لەم گوندانە لە شەرەفنامەدا ئاماژەیان پێ نەکراوە».

لێرەشدا شەرەفخان زۆر بە ڕوونی باسی ئەمەی کردووە و دەڵێ: «ساڵی ٩٩١ی کۆچی، پاش ئەوەی فەرهادپاشای سەردار، ئێرەوانی گرت و قەلایەکی لێ ساز کرد. پادشا منی کڵۆڵی لەگەڵ حەسەنپاشای مەزنی سەرکردەکانی شام نارده تفلیس و گورجستان هەتا بارخانەی پاشەکەوت و خەزێنە بەرین. لەو سەفەرەدا منی هەژار چەند خزمەتێکم لە چنگ هات و لە چاکەی ئەو کارانە سوڵتان ناوچەی مووش و چەند گوندێکی مڵکی تایبەتی خۆی بۆ خستمە سەر بدلیس» (شەرەفنامە. ل. ٤٦٨).

بەڵێ! ئەمەیە خالی ناکۆک: شەرەفخان، ناوی ئەم «چەند گوندەی» نەهێناوە!

بەلام سەبارەت بە ناوچەی «مووش». پێشتر پێویستە ئەمە ڕوون بکەینەوە کاتێک ئاماژە بە «بدلیس» دەکرێ، دەبێ ئاگادار بین باسی کام لەمانەیە: «قەلای بدلیس»، «شاری بدلیس»، «ناوچەی بدلیس» و یان «میرنشینی بدلیس».. شەرەفخانیش میرنشینی بدلیسی هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بە ناوچەکانی «بدلیس»، «مووش» و ... لەگەڵ تەواوی گوندەکانی پێناسە کردووە. ئیتر ئەوە بابەتێکی دیکەیە کە هەمیشە سوڵتانەکانی عوسمانی ئەگەر پێیان نەکرابێ تەواوی میرنشینەکە بخەنە ژێر دەسەلاتی خۆیان؛ هەوڵیان داوە ناوچەگەلێکی میرنشینی بدلیس دابڕن، بەلام دواتر ناچار بوون دیسان بیگەڕێننەوە ژێر دەسەلاتی سەربەخۆی میرنشینەکە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ملنەدانی خێڵ و هۆزە کوردەکانی ناوچەکە و بەتایبەت هۆزی بەهێز و مەزنی ڕۆژەکی وەک پاڵپشتی سەرەکیی دەسەلاتی خانەدانی مێرەکانی بدلیس. هەڵبەت ئەم کێشە و ململانییە بەردەوام لە نێوان سوڵتانەکانی عوسمانی و کاربەدەستانی لە هەموو میرنشینە سەربەخۆ و نیمچەسەربەخۆکاندا درێژەی هەبووە کە دواتر پتر لەمبارەیەوە دەدوێین.

سەبارەت بە میرنشینی بدلیس پێویستە بڵێین کە ٤٩ ساڵ پاش تەواوبوونی شەرەفنامە، «ئەولیا چەڵەبی» لە ساڵی ١٠٥٦ی کۆچیدا کاتێک سەردانی شار و قەڵای بدلیس و میرنشینی بدلیس دەکات و میوانی «میر ئەبداڵخانی بدلیسی، نەوەی شەرەفخانی نووسەر دەبێ، لە باسی «سنووری ئەیالەتی بدلیس»دا ئاماژە بە ناوچەی مووش دەکات و دەڵێ «بدلیس ئەیالەت و حکوومەتێکی سەربەخۆ»یە. واتە ٤٩ ساڵ پاش تەواوبوونی شەرەفنامە، میرنشینی بدلیس هەر سەربەخۆ بووە و مووشیشی لەگەڵ بووە. ئەولیا چەڵەبی هەروەها دەڵێ: «خان (ئەبداڵخانی بدلیسی) حەفتا هۆز و عەشیرەتی لەژێر دەست دایە. ... هەر سەعاتێ ئارەزوو بکا دەتوانێ حەفتا هەزار شەرکەر کۆبکاتەوە. (میرنشینی بدلیس) بەپێی قانوون خاوەنی سێ هەزار عەسکەری جبەلەبەرە کە لەژێر فەرمانی خاندا لەگەڵ ئۆردووی وان بۆ شەڕ دەچن... مفتی و نەقیبی شافعی و قەڵادار و باجدار و شابەندەری هەیە کە هەموویان لە لای خانەوە دادەندرێن، تەنیا ئاغای خەرج و سەرداری یەنیچەری لە لایەن سوڵتانەوە دیار دەکرێن» (چەڵەبی ئەولیا، لاپەڕەکانی ١٠٧-١٠٨).

ئەولیا چەڵەبی دواتر بە سەردێڕی: «ئەو حکوومەتانەی لابردنیان بۆ نییە»، ئاماژە بە «نیمچە حکوومەتی هەکاری»، «حکوومەتی بتلیس»، «حکوومەتی مەحموودی»، و «حکوومەتی بنیانش (کە) ئەمانەش هەر مەحموودین» دەکات. (هەمان سەرچاوە. لاپەڕەکانی ٢٠٩-٢١٠).

جگە لەمە، نووسەرانی پاشکۆی ١ لێرەشدا دیسان لەبیریان کردووە کە بۆخۆیان لە پاشکۆی ٢دا چۆن باسی سنووری میرنشینی بدلیس دەکەن: «...(شەرەفخانی پێنجەم) فەرمانڕەوای هەرێمێک بوو کە لە سنوورەکانی ئێرانەوە دەستی پێ دەکرد و تا ناوچەکانی ڕۆژاوای بدلیس پەلی داویشت. ناوچە و مەڵبەندەکانی ژێر فەرمانی بریتی بوون لە: عادلجەواز، مووش، مەلازگرد، ئەخلات، ئەرجیش، تاتوان، گوێزەلدەرێ، ئۆکان و بەشێک لە گواش» (شەرەفنامە، پاشکۆی ٢، لاپەڕەی ١١٠٠).

دواتر پاشکۆی ١، بە سەردێڕی «ژیاننامە: ڕێگەیەک کە کەمترین ڕێبوار گرتوویانەتە بەر» دەپەرژێتە سەر ژیانی خێزانیی شەرەفخان و دەڵێ:

«هێشتا زۆر لایەنی ژیانی شەرەفخان ڕوون نەبۆتەوە. ڕێگەیەک بۆ زانینی ئەو بوارانە، نووسینەوەی ژیاننامەیەکە. هێندەی ئێمە بزانین، گەلێک لایەنی گرینگی ژیانی شەرەفخان لە هیچ سەرچاوەیەکی نووسراودا باس نەکراوە. سەرەنجام گەلێک پرسیار بێ وەڵام ماونەتەوە. جا بۆ ئەوەی بتوانین ئەم گرفتانەش چارەسەر بکەین، دوو پێشنیار بۆ توێژینەوەی زیاتر دەکەین: یەکەم ژیانی خێزانی؛ دووهەم، مەرگی شەرەفخان ئەمانەش پەیوەستن بە ژیاننامەکە و ڕووداوەکانی بەشەکانی دیکەی شەرەفنامە».

نووسەران پێمان ناڵێن ئەگەر «ئەم لایەنانەی ژیانی شەرەفخان» لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەنووسراون، چۆنچۆنی و لەسەر چ بنەمایەک ئەم ژیاننامەیە دەنووسنەوە؟ ڕەنگە بەپێی ئەم چەند بەڵگەنامەیە بێ کە یان ڕێکەوتیان پێوە نییە و یان ئەگەر ڕێکەوتەکەی لەگەڵ مەبەستەکەیان یەک نەگرێتەوە، بەهەڵە هەژماری دەکەن و بەحەزی خۆیان دەیگۆڕن! (دواتر باسی ئەم بەڵگەیە و بەڵگەکانی دیکەش دەکەین). لێرەدا نووسەرانی پاشکۆی١، باسی «برا و کوڕەکانی شەرەفخان» بەم چەشنە دەوروژێنن:

«ڕەگەزی نێر لای شەرەفخان پێگەیەکی بەرزی هەبووە، کەچی لە بەشەکانی دیکەی شەرەفنامەدا ئاماژەیەکی بە کوڕەکانی تری نەکردووە، بەڵام ڕەچەڵەکناسی و بنەچەکەی حوکمدارانی کوردی بەرلە ئاوابوونی خۆری

میرنشـــین و تەنانەت کاتـــی تێداچوونی هەر میرنشینێکیشی زۆر بە بایەخەوە باس کردووە، بە جۆرێک کــە ژمارەی تەواوی برا و کوڕانی هەر حوکمدارێکی هێناوەتەوە».

لێـــرەدا ئێمــە ناپەرژێینــە ســەر واتای نازانستی و نائەکادیمیکی «بەرزبوونی پێگەی ڕەگەزی نێر لای شـــەرەفخان». تەنیا جەخت لەوە دەکەینەوە کە بەڵێ ڕاســتە شەرەفخانی پێنجەم جگە لە «شەمسەدین» کە دەسەڵاتی میرنشـــینی بدلیسی بۆ جێهێشـــتووە، باسی کوڕەکانی دیکەی خۆی نەکردووە. بەڵام لێرەدا دەبێ پرسیار لە نووسەرانی پاشکۆ بکەین ئێوە وەک «توێژەری مێژوو»، چ گریمانەیەکتان بۆ ئەم کەمایەســـییە هەیە و بــە ڕوونبوونەوەی ئەمـــەش، چ گرێکوێرەیەکـــی مێژوویی ئەو سەردەمە بۆ ئێمە ڕوون دەبێتەوە؟

پاشان نووســـەرانی پاشکۆ باسەکە دەبەنە ســـەر ناوی کوڕەکانی شـــەرەفخانی پێنجەم و لێرەدا لەژێر ســـەردێڕی «شەمسەدین یان ئەحمەد»، باســێکی زۆر ئاڵۆز دێننە مەیدان ســـەبارەت بە کوڕێکی شـــەرەفخان کە گوایە ناوی شەمســـەدین یان شەمسەدین‌ئەحمەد بووە و یان نەخێر شەمسەدین و ئەحمەد، دوو کوڕی جیاوازی شەرەفخان بوون و دەڵێن:

«ئەبولمەعالی شەمسەدین‌بەگ، تاقە کوڕی شـــەرەفخانە کە لە شەرەفنامەدا ناوی هاتووە. وا دەردەکەوێ نووســـەر زیاتـــر ئەمی لەچاو کوڕەکانی دیکە، لا پەســـەند بووبێ. هەروەها دەزانین کە شەرەفخان کوڕێکی بووە بەناوی ئەحمەد کە ناوی لە شـــەرەفنامەدا نەهاتووە. ڕێی تێدەچێ ئەحمەد و شەمسەدین هەر یەک کەس بووبن. نووســـەرەکانی عوسمانی کوڕە گەورەی شەرەفخانیان بە شەمسەدین‌ئەحمەد ناو بردووە. ئێمە نەمانتوانی ناوی شەمسەدین لە ئەرشـــیڤەکانی دەوڵەتی عوســـمانیدا ساغ بکەینەوە. لەبەر ئەوە لەوانەیە ئەو کەسانەی کە شـــەرەفخان ناوی هێناون، کەم یا زۆر، ناویان جیاواز بووبێ لەو ناوانەی وا لە بەڵگەنامەکاندا هاتوون».

لێرەدا دیار نییە نووســـەرانی پاشـــکۆی ١ بەپێی چ بەڵگەیەک دەزانن کە شـــەرەفخان کوڕێکـــی دیکەی هەبووە بەنـــاوی ئەحمەد؟ خۆشـــیان باوەڕیان بە بووچوونی خۆیان نییە و دەڵێن ڕەنگە شەمسەددین و ئەحمەد یەک کەس بوون!» تەنانەت دواتر دەڵێن:

«دووریش نییە، ئەحمەد کوڕی دووهەمی شەرەفخان بووبێ و ... بەڵام هۆی ناو نەهێنانی لە شەرەفنامەدا ڕوون نییە».

ســـەیر ئەوەیە نووســـەرانی پاشکۆ هێشتا ڕوونیـــان نەکردووەتە ئایـــا ئەحمەدێک وەک کـــوڕی شـــەرەفخان بوونی هەبـــووە یان نا، دەپەرژێنە ســـەر ناساندنی ئەحمەد و بۆشیان گرینگ نییە ئەحمەد بێت یان شەمسەددین و دەڵێن:

«ئەم پێناســـەیەی وا ئێمە بۆمان پێشنیار کـــردووە ... بێ‌گومـــان دەکـــرێ بـــە هێند وەربگیـــرێ، بـــەڵام دەبێ هێندێک ڕاســـتی لە بـــارەی ئەحمەدەوە بخاتە بەردەســـت. جا ئیتر شەمســـەدین بێ یـــان کوڕێکی دیکەی شـــەرەفخان. ئەحمەد کوڕی شـــەرەفخان لە مێژووی مووشـــدا کەســـایەتییەکی ناســـراو بووە. بدلیـــس وەک «ئۆجاقلیق»ێک و پێگەی میراتگرانـــەی میرنشـــینێک، دراوەتـــە کوڕە گەورەی، واتە شەمسەدین. بۆیە ئەحمەد پاش و پێش خانەنشین بوونی شەرەفخان، حوکمی دەڤەرێکی سەر بە بدلیسی کردووە».

بەڵێ! نووسەرانی پاشکۆ بەم ژوورە تاریکە دەڵێن توێژینەوە و گەرەکیانە پشیلە ڕەشەی ئەحمەد، و یـــان گرینگ نییە تەنانەت ئەگەر شەمســـەددین و یان خـــود کوڕێکی دیکەی شـــەرەفخانێش بێت، تێیدا بدۆزنەوە! ســـەیر ئەوەیە نووســـەرانی پاشـــکۆ هێشـــتا بوونی ئەحمەدیان بۆ ســـاخ نابێتـــەوە بەڵام خوێنەر دەخەنە گێژاوەیەکی دیکە و یاری بەهێندێک ڕێکـــەوت ســـەبارەت بە ئەحمـــەد دەکەن و دەڵێن:

«ئەحمەد یەکەم جار، ١٨ی قوربانی ٩٨٦ی کۆچی، ناوی وەک سەنجەقبەگی مووش هاتووە. (واتە ٢ مانگ و ١٥ ڕۆژ پاش «بزووتنی» شەرەفخانی پێنجەم لە نەخجەوانەوە بەرەو بدلیس). بەڵام وادیارە لە ساڵی ٩٩٣ی کۆچی، بەدواوە سەنجەقی مووش بە بەدلیسەوە بەستراوە (نەخێر! ساڵی ٩٩١ی کۆچی، پاش شەری تفلیس و گورجستان بووە. نووسەرانی پاشکۆ لەبیریان چووە کە بۆخۆیان لەسەرەوە باسیان کردووە پاش ئەم شەرە مووش دیسان خراوەتەوە ژێر فەرمانی شەرەفخانی پێنجەم، واتە گەڕاوەتەوە بۆ سەر میرنشینی بدلیس). لەو ساڵەدا بە ئەحمەد، گوتراوە میرلیوای شەرەفخان یا وەلەدەی شەرەفخان؛ بەڵام ساڵی ٩٩٦ی کۆچی، پێیان گوتووە سنجەقبەگی مووش (واتە بە ئەحمەد گوتراوە سەنجەقبەگی مووش). مووش ساڵی ٩٧٢ی کۆچی کە لە بدلیس جوێ کراوەتەوە، تا ئەو کاتەی وا ئەحمەد حوکمی گرتۆتە دەست (واتە تا ساڵی ٩٩٦ی کۆچی، یانی لەو ساڵانەدا کە شەرەفخانی پێنجەم لە ئێران بووە و میرنشینی بدلیس داگیر کرابوو)، دوو سنجەقبەگی تریشی هەبوون. ئەوانیش بەهائەدین و قلیچ بوون و ناویان لە لیستەکەی شەرەفنامەدا نییە. دەشێ ئەحمەد ناودارترین میری کوردی ئەو ناوچەیە بووبێ و پێش ساڵی ٩٨٦ی کۆچیش، بەتایبەت ساڵی ٩٧٧ی کۆچی، فەرمانڕەوای هەمان سنجەق بووبێ؛ ساڵی ٩٩٢ی کۆچیش، بەرەسمی سنجەقبەگی مووش بووە (واتە ئەم ئەحمەدە زووتر لە باوکی گەڕاوەتەوە هەرێمی بدلیس و «پێش ساڵی ٩٨٦ی کۆچی، بەتایبەت ساڵی ٩٧٧ی کۆچی» بووەتە ناودارترین میری کوردی ئەم ناوچەیە! لە کاتێکدا شەرەفخانی پێنجەم مانگی شەوالی ٩٨٦ی کۆچی لە نەخجەوانەوە وەرێکەوتووە بەرەو بدلیس! ئێمە دەزانین کە لە ساڵی ٩٤٢ی کۆچییەوە کاتێک سولتان سولەیمانی عوسمانی «هەرێمی بدلیس» داگیر دەکات و باوکی شەرەفخانی پێنجەم، واتە «شەمسەدینخان لەوێ «دەردەپەرێنێ» و ئەویش «لەترسان ڕەوی و ڕووی کردە خاکی عەجەمان» (شەرەفنامە، ل ٥٥٥)، تاکو «سێهەم ڕۆژی مانگی شەشەکان /مانگی شەوال/ی ساڵی ٩٨٦ی کۆچی» (شەرەفنامە، ل. ٦٦٦) کە شەرەفخانی پێنجەم لە نەخجەوانەوە بەرەو بدلیس دەردەچی، واتە لە ماوەی ٤٤ ساڵ «دەربەدەری و لە وڵاتی غەریبایەتی» مانەوەی هۆزی ڕۆژەکیدا، هیچکام لە ئەندامانی ماڵباتی شەرەفخان لە هەرێمی بدلیس نەبوون تا ئەم «ئەحمەدە» یان «ئەحمەد شەمسەدین یان ...»، سەنجەقبەگی مووش بووبێت.

دواتر ئەم گێژاوە لە پاشکۆی ١ دا، هەر دێ و قوڵتر دەبێ و نووسەران دەڵێن:

«وەک لە سەرەوە ئاماژمان پێ کرد، مووش ساڵی ٩٩١ی کۆچی، دراوەتە شەرەفخان. وا وێدەچێ ئەحمەد بە جیاکردنەوەی مووش ڕازی نەبووبێ. ئەو، بە چەند مەرجێک ناوچەی نەخجەوانی لە هەڵمەتەکانی ساڵی دواتر بەدەست هێناوە. بەگوێرەی«MD»، ئاشکرایە یەکێک لە نیگەرانییەکانی شەرەفخان پرسی «تیمار»ی ئەوانە بووە کە لە هەڵمەتەکەدا بەشدار بوون. تەنانەت داوای «تیمار»ی ئەو کوڕانەشی کردووە کە هەڵاتوون بۆ کۆشکی سەفەوی؛ بۆیە ڕەنگە دەوڵەتی عوسمانی، لە وەڵامی ئەم داخوازییەی شەرەفخاندا، پۆستە نوێیەکەی ئەحمەدی لە نەخجەوان پەسەند کردبێ».

سەرنجڕاکێشە نووسەرانی پاشکۆ چەند لاپەرە پێشتر ئاماژەیان پێ کردووە کە لە ساڵی ٩٩١ی کۆچی مووش دراوەتەوە شەرەفخانی پێنجەم، بەڵام سەیر ئەوەیە هەر لەم چەند دێری سەرەوەدا دەڵێن، «وادیارە» ساڵی ٩٩٣ی کۆچی «سەنجەقی» مووش بە بدلیس بەستراوەتەوە. واتە پێدانەوەی مووش بە شەرەفخان بەمانای ئەوە نەبووە کە مووش

کەوتووتە ژێر دەسەڵاتی بدلیس!؟
لە لایەکی دیکــەوە، بەپێی چ بەڵگەیەک وا وێدەچــێ ئەحمــەدی کوڕێ شــەرەفخان «بەجیاکردنەوەی مووش ڕازی نەبووبێ» ئەویش لە کاتێکدا بۆخۆیان لەســەرەوە دەڵێن، مووش ساڵی ۹۷۲ی کۆچی لە بدلیس جیا کراوەتەوە. هەڵبەت لەم ســاڵەدا ئەو «ئەحمەد»ە کە گوایە کوڕی شەرەفخانە، ناتوانێ بەهیچ شێوەیەک لە مووش بووبێت، چونکوو لەم ساڵەدا شەرەفخان بەخۆی وماڵباتییەوە لە «لای عەجەمان بووە»!
لێرەدا نووسەرانی پاشکۆی ۱ دەڵێن: «ئەو، بە چەنــد مەرجێک ناوچــەی نەخجەوانی لە هەڵمەتەکانی ســاڵی دواتر بەدەست هێناوە». «ئــەو»، مەبەســت کێیــە؟ شــەرەفخان یان ئەحمــەدی کوڕی؟ لە لایەکی دیکە، «ســاڵی دواتــر»، واتە ســاڵی ۹۹۲ی کۆچی نەک هەر بەپێــی زانیارییەکانــی شــەرەفخان، بەڵکوو بەگوێرەی زانیارییەکانی قەوماو لەم ساڵەدا، لە کتێبەکانی «تاریخی عوسمان پاشا» و «ئێرانی ســەردەمی ســەفەوی» و «تاریخ عباســی یا روزنامه ملا جلال» و «تاریخ عالم آرای عباسی»، هیچ شــەڕێک لە لایەن عوســمانییەکانەوە بۆ «وەدەســت هێنانی نەخجەوان» لەم ســاڵەدا ڕووی نەداوە!
پاشــان نووســەرانی پاشــکۆی ۱ باسی زیائەددین کوڕێکی دیکەی شەرەفخان دەکەن و دەڵێن، لــەو بەڵگەنامانەی عوســمانیدا کە بڵاویــان کردووەتــەوە و ڕێکەوتــی ۱۰۰۱ی کۆچیــی پێوەیــە (مەبەســتیان بەڵگەنامەی ۲یــە)، ناوی «زیائەددیــن» هاتووە هەروەها لە تۆمارەکانی سەفەوی ساڵی ۱۰۱۱ی کۆچیشدا ئامــاژە بەوە کراوە کــە «باوکی کۆچی دواییی کردووە یا دەسبەرداری پۆستەکەی بووە. ئەو، ناوی لە شەرەفنامەدا نەهاتووە، کە ئاماژەیەکە بــۆ پێوەندیی لەگــەڵ ســەفەوییەکان». زۆر سەیرە، ئەگەر ناوی لە «تۆمارەکانی سەفەوی»دا هاتبێ، ئەمە ئاماژەیە بۆ پەیوەندیی زیائەددین لەگەڵ ســەفەوییەکان؛ و گوایە لەبەر ئەمەش دە شەرەفنامەدا ناوی نەهاتووە!؟ سەرنج بدەنە درێژەی ئەم باســە. تۆ بڵێــی چۆن دەبێ لەم ڕستەیە تێبگەین:
«لــە دەرەوەی نیگەرانییە سیاســییەکانی شەرەفخاندا، کە کتێبەکەی بۆ عوسمانییەکان تەرخــان کــردووە، بەگوێــرەی تۆمارێکــی گرینگی ســەفەوییەکانیش، زیائەددین دەوری لــە پێکدادانەکانــی نەخجەوانــدا هەبــووە. هەروەها ســاڵی ۱۰۱۵ی کۆچی بەیعەتی بە شاعەبباســی یەکەم کردووە». واتە: شەرەفخان «نیگەرانیی سیاسی»ی هەبووە بۆیە کتێبەکەی بــۆ عوســمانییەکان «تەرخــان» کــردووە و بەپێچەوانەی ئەمــەش، زیائەددین «بەگوێرەی تۆمارێکی گرینگی ســەفەوییەکان» دەوری لە پێکدادانەکانی نەخجەوانــدا هەبووە، هەروەها ساڵی ۱۰۱۵ی کۆچی «بەیعەتی بە شاعەباسی یەکەم» کردووە.
جا ئەم ۳ لێکدانەوەی نووسەرانی پاشکۆی ۱ بەیەکــەوە گرێ بدەن، لە کاتێکدا «بەیعەتی زیائەددیــن» ۱۰ ســاڵ پــاش تــەواو بوونی نووسینی شەرەفنامە ڕوویداوە.
بەڵام ســەبارەت بە «تۆمــارە گرینگەکەی ســەفەویان» کە باســی بەیعەتــی زیائەدینی کردووە، کتێبی «تاریخ عالم آرای عباســی»یە کــە لــە لاپــەڕەی ۷۲۱ و لــە ڕووداوەکانی ســاڵی ۱۰۱۵ی کۆچی و لە باســی شەڕکانی دەوروبەری «نەخجەوان»دا، هاتووە کە گەڵێک لە ســەرکردەکانی کــورد و لەوانــەش «میر شــەرەف حاکم جزیره و ضیاءالدین خان ولد شــەرەفخان حاکم بتلیس»، واتە میر شەرەف، حاکمی جزێرە و زیائەددین کوڕی شەرەفخان حاکمی بدلیس، «بنا بــر اظهار دولتخواهی و انجاح مطالب و مقاصد خود نزد امیر کونەخان (حاکــم ایــروان) آمده باتفاق بــدرگاه جهان پناه (واتە شــاعەباس) آمدند و بوساطت خان مذکور در حدود نجچوان سعادت بساط بوسی دریافتند» و پاشــان هەرکامیان خەڵات کران و گەڕانەوە شــوێنی فەرمانڕەواییــان. جا ئەم

«بەیعەتەی زیائەددین بە شا عەباس» لە ساڵی ١٠١٥ی کۆچیدا دەتوانێ چ پەیوەندییەکی هەبێ بە شێوازی نووسینی شەرەفنامە کە لە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچیدا تەواو بووە، ئەوەش وەک گەلێک لە تێڕوانینەکانی نووسەرانی پاشکۆ، دیار نییە.

دواتر لە پاشکۆی ١دا، هاتووە:

«بەڵگەنامەی «MD 78, hkm. 1227» دەقێکی تێدایە کە ساڵی ١٠١٨ی کۆچی نووسراوە و تیشک دەخاتە سەر ئەو بەڵگانەی وا لە سەرەوە باسمان کرد. (یانی لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی کە لە ساڵی ١٠١٨ی کۆچیدا نووسراوە، دەقێکی تێدایە ئاماژە بەوە دەکات کە: بەگوێرەی تۆمارێکی گرینگی سەفەوییەکان، زیائەددین دەوری لە پێکدادانەکانی نەخجەواندا هەبووە و ساڵی ١٠١٥ی کۆچی بەیعەتی بە شاعەباسی یەکەمەوە کردووە. واتە هەمان ئاماژەی «ئەسکەندەری مونشی لە «تاریخ عالم آرای عباسی»دا)». دواتر دەڵێن: «ئەمجا زیائەددین لە لایەن عوسمانییەکانەوە کراوەتە فەرمانڕەوای بدلیس». لێرەدا نووسەرانی پاشکۆی ١، دیاری ناکەن کاتی ئەم «ئەمجا»یە، کەی بووە؟ بەڵام دەڵێن:

«هەروەها ڕیشی تێدەچێ لە نێوەڕاستی ئەو ماوەیەی نێوان شەرەفخان و زیائەددیندا، کە ئێمە دەیزانین، شەمسەدین کرابێتە فەرامانڕەوای بدلیس. زیائەددین، بەگوێرەی بەڵگەنامەکە، ئەو کەسەیە کە وەک فەرمانڕەوای بدلیس ناوی هاتووە و چەندین ساڵ حوکمڕانیی میرنشینەکەی کردووە خۆ ئەگەر شەمسەدین حوکمڕانیی کردبێ، کاتێک کردوویەتی کە شەرەفخان هێشتا ماوە. سەنجەقەکانی دەوروبەری بدلیس هیچ بەڵگەیەکیان لێ چەنگ ناکەوێ تا لە پڕ کردنەوەی ئەم کەلێنەدا یارمەتیمان بدەن. تەنانەت ناشزانین ساڵی ١٠٠٢ی کۆچی، کێ فەرمانڕەوای مووش بووە. هەر بەپێی بەڵگەنامەی نێو پاشکۆکە، دوور نییە زیائەددین ئەو کەسە بووبێ کە دەوروبەری ساڵانی ١٠٠٠ی کۆچییش حوکمڕانیی «مووش»ی کردبێ».

لێرەدا دیار نییە زانینی «فەرمانڕەوای مووش «لە دەوروبەری ساڵی ١٠٠٠ی کۆچیدا»، چ گرینگییەکی بۆ نووسەرانی پاشکۆ هەیە؟ لە کاتێکدا، لە ساڵی ١٠٠١ی کۆچیدا بەگوێرەی هەمان بەڵگەنامەی ٢ کە لە ژێرەوە پتر باسی دەکەین، شەرەفخان داوای «قاپۆ موتەفەریقلیقی» بۆ زیائەددین کردووە و دەڵێ: «ئێستا زەوی «زەعامەت»ی هەیە و لە پایتەختی ئیمپراتۆرییە بۆ خزمەتی وڵات». هەروەها مەبەستی نووسەرانی پاشکۆ لە «بەڵگەنامەی نێو پاشکۆ»، کامە بەڵگەنامەیە؟ دیار نییە. ئەگەر لەم بەڵگەنامەیەدا کە وەک «شاهید» باسی دەکەن، ئەم ئاماژەیەی هەبێ، ئیتر پێویست ناکات بڵێن: «دوور نییە ...». کەواتە لەم بەڵگەنامەیەدا کە دیار نییە مەبەستیان کامەیە، ئاماژەیەک کە بیسەلمێنێ: «زیائەددین دەوروبەری ساڵی ١٠٠٠ی کۆچی (نەک ساڵانی ١٠٠٠ی کۆچی!) حوکمڕانیی مووش-ی کردبێ»، بەدی ناکرێ. ئەم شێوازە لە «سەلماندن»، بەگوێرەی فەلسەفی پێی دەگوترێ «سەفسەتە».

پاشکۆی ١، دواتر باسی کوڕێکی دیکەی شەرەفخان بەناوی بەهرام (بارام) دەکات و دەڵێ:

«بارامیش یەکێکی تر بووە لە کوڕانی شەرەفخان، نازاندرێ داخوا بارام ئەو کوڕە ناو نەهێندراوەی خشتەکەی خوارەوەیە یان نا».

مەبەستی نووسەرانی پاشکۆی١ لە خشتەی ناوەکان، بەڵگەنامەکانی ١ و ٢ن کە بەهۆی هەڵە لێ تێگەیشتنییان لەم دوو بەڵگەنامەیە، دوچاری ئەم گێژاوەیە بوون سەبارەت بە بارام. ئەم «کوڕە»، زیائەددینە نەک بەهرام یان بارام. لە دەقی نووسراوەکەی شەرەفخان لە بەڵگەی ٢دا، بەڕوونی ئاماژە بە ناوی زیائەددین کراوە

که داوای «قاپۆ موتەفەریقەلیغی» بۆ کردووە و بەرپرسەکەی عوسمانی لە بەڵگەی ١دا، بە هەڵە نووسیوێتی: «بۆ کورێکی داوای موتەفەریقەلیقی کردووە» و ناوی نەهێناوە و نووسەرانی پاشکۆ یان لەمە تێنەگەیشتوون و یان خۆیان لێ گێل کردووە و پێیان وایە ئەمە دەبێ بارام بێت کە هەر ناویشی نەهێندراوە. لە خوارەوە باسی جیاوازیی ئەم دوو دەقە دەکەین.

نووسەرانی پاشکۆ دواتر سەبارەت بە بارام دەڵێن:

«بەڵام زاندراوە کە برێک دەسەڵات و ناوبانگی لە ناوچەکەیدا هەبووە (دیار نییە لەکوێوە «زاندراوە»). تەنیا لەوە دڵنیاین کە شەرەفخان داوای «موتەفەرریقەلیق»ی بۆ کردووە (زۆر سەیرە! بەهرام یان بارامێک کە ناوی نەهاتووە، چۆن دەکرێ دڵنیا بن داوای «موتەفەریقەلیقی بۆ کردبێ؟ لە کاتێکدا شەرەفخان نەک داوای «موتەفەرریقەلێقی»، بەڵکوو «قاپوو موتەفەرریقەلیغی» کردووە. ئەویش بۆ زیائەددین، نەک بۆ «بەهرام». تەنانەت لەم بەڵگەنامەیەدا، ناوی بەهرام و یان بارام هەر نەهاتووە. سەیرتر ئەوەیە کە نووسەرانی پاشکۆ لێرەدا بە ئاماژە بە بەڵگەنامەیەک دەڵێن: «واش دەردەکەوێ هەوڵی موتەفەرریقەلیقی «وان»ی بۆ دابێ». بریا نووسەرانی پاشکۆ، وێنەی ئەم بەڵگانەشیان بڵاوکردباوە کە ئاماژەیان پێ کردووە.

وەک دەرکەوت، نووسەرانی پاشکۆ بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەکانی ١ و ٢، گێژاوەیەکی زۆر ئاڵۆزتر بۆ خوێنەر ساز دەکەن کە ڕوونکردنەوەکەی گەلێک دژوارە، بۆیە پێویستە خوێنەر وێنەی بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان و دەقی وەرگێڕدراوەکانی، زۆر بەوردی لەگەڵ ئەم لێکدانەوەی خواروو بەراورد بکات.

ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە بەڵگەنامەی ١، لە لایەن بەرپرسێکی عوسمانییەوە نووسراوە، نەک شەرەفخان، چونکوو:

**١** لەسەرەتای بەڵگەنامەی ١دا، نووسراوە: «تۆماری داخوازییەکانی شەرەفخان، فەرمانڕەوای بدلیس». پاشان هاتووە:

بۆ یەکێک لە کوڕەکانی
بۆ دوو لە کوڕەکانی
بۆ یەکێک لە پیاوەکانی
(نەک کوڕەکەم)
(نەک کوڕەکانم)
(نەک پیاوەکانم)
موتەفەریقەلیق
زەعامەت
چاوشلیق
(١)
(٢)
(٣)
بۆ ١٠ سوار
بۆ ١٣ سەربازی بدلیس
بۆ ٢٤ لە پیاوەکانی(نەک پیاوەکانم)
تەرەقی
سێیەکی زەوییەکی تیمار
ئیبتیدا
(٤)
(٥)
(٦)

لێرەدا زۆر بە ئاشکرا دەبینیین کە بەرپرسێکی عوسمانی باسی کەسێکی سێهەم، واتە شەرەفخان دەکات و تەنانەت شەرەفخان بە بەندەی نۆکەری سوڵتان ناوزەد دەکات و دەڵێ:

«بەرێز سوڵتانی بەختەوەر، بەندەی نۆکەرتان، خان (لێرەدا دیار نییە بۆچی نووسەرانی پاشکۆ، واتای «خانی کوڕی خان»یان قرتاندووە! و تەنیا «خان»یان داناوە؟! بەڵام دواتر و لە درێژەی نووسراوەکەیاندا ئاماژەیەکی زۆر ناڕوون و ئاڵۆز بەم واتایە بەشێوەی «خان اوغلی خان»، واتە «خانی کوڕی خان» دەکەن) لەمێژە ملکەچی پایەبەرزتانە (باسی

کەســی ســێهەم واتە شــەرەفخان دەکات)، ئێســتاش ئەمەگــدار و گوێڕایەڵــی بــەرەی عوسمانییە (دیسان باسی کەسی سێهەم واتە شــەرەفخان دەکات)، (و) لەگــەڵ خێڵەکەیدا بەشــداری هەڵمەتەکانــی ڕۆژهەڵاتی کردووە (دیسان باسی کەسی سێهەم واتە شەرەفخان دەکات) و جەنگاوەرێکی دڵســۆز بووە (دیسان باســی کەســی ســێهەم واتــە شــەرەفخان دەکات) داخوازییەکانــی (واتە داخوازییەکانی شــەرەفخان) زۆر نین. بریتییــن لە پلەیەکی «موتەفەرریقەلیــق» بۆ یەکێــک لە کوڕەکانی (واتە یەکێک لــە کوڕەکانی، نەک یەکێک لە کوڕەکانم) و پلەی «چاوشلیق» بۆ ئەوانی دیکە (ئەمەش هەڵەیەکە بەرپرســە عوســمانییەکە کردوویە. داخوازیی ئەم پلەیەیەی بۆ «ئەوانی دیکــە نەکردووە» بەڵکوو بۆ کەســێک بەناوی «محەمەد»ی خەڵکی مــووش کردووە. بڕواننە «داخوازییەکانی بەندە» لــە بەڵگەنامەی ٢دا.) ئەگەر داخوازییەکانی خزمەتکارەکان پێبەپێی ڕەزامەندیی ئیمپراتۆریــی بەڕێزتان بێ. لەبەر خزمەتکارتان گرینگە ڕازی بن. ئەگەر ئێســتا ناکرێ پلەکان ببەخشرێن، دەکرێ دوا بخرێن. (ئەم دوایین ڕەســتەیەش لە بەڵگەنامەی ١دا، نییە).

سەرنجڕاکێشــە کــە هەر ئــەم دەقە لە کتێبی «تابلۆکانی شــەرەفنامە»، لە نووسینی «عەبدولڕەقیب یوســف» لاپەڕەی ٢٦٩دا، بەم شێوەیەی خوارەوە بەکوردی وەگێڕدراوە:

«پاشــای بەختداری من، بەنــدەی تۆ لە کۆنــدا ناوی هاتــووە کە لایەنگــری ئێوەیە و خانــی کوڕی خان و دڵســۆز و ملکەچی ئێوە بــووە و، بە هەمــوو خێڵەکەیەوە بەشــداریی شــەڕی ڕۆژهەڵاتی کردووە. هیــوای ئەوەیە دیسان پلەی موتەفەریقەیی بدرێتە کوڕێکی و چاوەشی بە یەکێکی تری، ئەرکی بەندایەتیی ئەوەیە کە بە ئۆمێدە جێی ڕەزامەندیی پاشــا بێ. ئەوەی ڕاستی بێ بەخشەندەیی و چاکەی ئێوەی بە فەرمانی پاشای خاوەن مەزنایەتییەوە

گرێ داوە».

لــەم وەرگێڕانــەدا ئیتر بە ڕوونــی دیارە کــە ئەم دەقە لە لایەن کەســێکی دیکە، واتە بەرپرسێکی عوسمانییەوە نووسراوە. بەڵام دیار نییــە بۆ نووســەرانی پاشــکۆ هێندێک واتای دیکەیان لێ زیاد کردووە و چەند وشــەیەکی دیکەیان لێ «قرتاندووە»؟

کەوابوو ئەم بەڵگەنامەیە دەقی نووسراوەی بەرپرســێکی عوســمانییە کــە هاوپێچــی داخوازییەکانی شەرەفخان، واتە «داخوازییەکانی بەنــدە» (بەڵگەنامەی ٢) کراوە و بۆ ســوڵتانی عوسمانی ناردراوە.

جگە لەمانــە؛ تێبینییەکانی ١ تا ٦ (واتە: ١- هیچ خزمەتیکی نەکردووە و کەڵکی نەبووە. ئێســتا دەتوانرێ چی بکــرێ؟ ٢- زەوییەکی زەعامەت بەخشرا، ٣- پلەی چاوشلیق بەخشرا، بەپێی «تەلخیس»ێکی ئەم دواییە، ٤- تەرەقی بەخشــرا، ٥- ســێیەکی زەوییەکــی تیمار بەخشــرا، ٦- ئیبتیدا بەخشرا.)، دەبێ سوڵتان نووســیبێتی، بەڵام ئەم تێبینییانەی ســوڵتان لەسەر بەڵگەنامەی ١دا کە نووسراوەی بەرپرسە عوسمانییەکەیە بۆ سوڵتان، نەنوسراوە؛ بەڵکوو لەسەر خشتەکانی دەقی داخوازییەکانی خودی شەرەفخان (لەسەر خشــتەکانی بەڵگەنامەی ٢دا) نووســراوە. جگــە لەمانــەش ژمــارەی ئەو کەســانەی شــەرەفخان لە خشــتەکەیدا ناوی بــردوون لەگەڵ ئــەو هەژمارکردنانەی بەڵگەنامەی ١دا جیاوازیان هەیە کە لە ژێرەوە و لە خاڵی ٤دا، پتر باسی دەکەین.

**٢** ســەبارەت بــە «داخوازییەکانی بەندە» (بەڵگەنامەی ٢ دەستی ڕاست):

لــە نووســراوەی ئــەم دەقــەدا بەڕوونی دیارە شــەرەفخان لە لایەن خۆیەوە (کەســی یەکەم)، داواکارییەکانی لە ســوڵتان (کەســی دووەم) دەردەبــڕێ و زۆر بە ڕوونی جیاوازیی دەربڕینەکانی ئــەم دوو بەڵگەنامانە دەبینین، هەروەها شــەرەفخان دوو جار داخوازییەکەی خــۆی بەســتووەتەوە بــە واتــای «بەپێــی

یاسـای ئیمپراتۆری» و جارێکیـش بە واتای «پشتبەسـتوو بە قانوونی ئیمپراتۆری»، بەڵام نووسەرانی پاشکۆ نەک هەر لە جیاوازیی نێوان ئەم دوو دەقە تێنەگەیشـتوون، بەڵکوو خۆیان زەحمەت نەداوە لەم دوو واتایەش بکۆڵنەوە کە پاشخانێکی مێژووییان هەیە.

ئێستا دەڕوانینە داخوازییەکانی شرەفخان لـە بەڵگەنامـەی ٢دا کـە بـە سـەردێڕی «داخوازییەکانی بەندە» (واتە کەسـی یەکەم) دەست پێدەکات.

پاشان شەرەفخان دەڵێ:

داواکارم (کەسـی یەکـەم)، پلەی «قاپوو موتەفەرریقەلغـی» ببەخشـن (واتـە ئێوەی سـوڵتان ببەخشـن) بە زیائەددیـن. کوڕی خزمەتکاری خۆتان (لێرەدا شـەرەفخان وەک ڕێزگرتن، خۆی دەکاتە کەسـی سێهەم) کە ئێستا زەوی «زەعامەت»ی هەیە و لە پایتەختی ئیمپراتۆرییە بۆ خزمەتی وڵات.

داواکارم (کەسـی یەکەم)، بەپێی یاسای ئیمپراتـۆری، زەوی «زەعامەت» ببەخشـن بە کوڕێکـی تری بەندە سـەیدی، کە بە هەمان شێوە خزمەت دەکا.

داواکارم (کەسـی یەکەم)، بەپێی یاسای ئیمپراتۆری «زەعامـەت» و «تیمار» بە کوڕانی برایانی بەندە خەڵەفبەگ، عەلیخان و مستەفا ببەخشن.

دەربـارەی محەممـەد، کـە یەکێکە لە سـوارەکانی مـووش، هـەر «ئوجاقبەگ»ێک بەردەوام یەکێک لـە پیاوەکانی، وەک «دەرگا چاوشلیق»، دەنێرێتە پایتەخت. جا لەبەر ئەوەی پیاوەکەی ئێمە، شـەهاب چـاووش، کۆچی دوایـی کـردووە. داواکارم (کەسـی یەکەم) بفەرموون پلەکەی بەم محەممەدە ببەخشـن. (لێرەدا نوسەرانی پاشکۆ لە ژێرنووسێکدا، بە بێ هیچ بەڵگەیەک پێیان وایە ئەم «محەممەد»ە، ڕەنگە هەمان میر محەممەد ناسرەدین بێ کە ئەمەگداری باوک و باپیری شەرەفخان بووە).

**٣** بۆ ئاگاداریی خوێنـەران، بەکارهێنانی ئەلفوبێـی لاتینی بۆ ڕێکەوتـی بەڵگەنامەکان لەسـەر گۆشـەی هێندێک لەم بەڵگەنامانەدا بە لاتینی، پێشـانمان دەدات کە دەبێ بەلانی هەرە زۆر، پاش دامەزرانی «کۆماری تورکیا» و لە سـاڵی ١٩٢٧ بەم لاوە، کاتێک لە «کۆماری تازە پێکهاتووی تورکیا» ئەلفوبێی لاتینی دەکار کراوە، ئـەم ڕێکەوتە لەسـەر بەڵگەنامەکاندا نووسـرابێ؛ و بەلانی هەرە کەمیش لە سـاڵی ١٩٨۴ بەم ولاوە، کاتێک بۆ یەکەمجار ئەرکی «کاروبـاری ڕێکوپێـک کـردن و پاراسـتنی بەڵگەنامەکانی عوسمانی» دراوە بە ئەنجومەنی وەزیرانـی ئەوکاتی تورکیا (دواتر باسـی ئەم «ڕێکوپێک کردنە» و لێکەوتەکانیشی دەکەین).

**۴** بـە هەڵسـەنگاندنی دەقـی «تۆماری داخوازییەکانـی شـەرەفخان، فەرمانـڕەوای بدلیـس» (کـە ئێمـە دەبێژین نووسـراوەی بەرپرسێکی عوسمانییە) لەگەڵ «داخوازییەکانی بەندە» (کە ئێمە دەبێژین نووسـراوەی خۆدی شـەرەفخانە) چەند هەڵەیەک بەدی دەکرێن (هەر ئەمەش دیسان دەیسەلمێنی کە ئەم دوو دەقە دوو کەس نووسیویانە):

بەرپرسی عوسمانی نووسیوێتی
شەرەفخان نووسیوێتی
- پلەیەکی «موتەفەرریقەلیق»
- داواکارم، پلەی «قاپوو موتەفەرریقەلغی»
بۆ یەکێک لە کوڕەکانی.
ببەخشن بە زیائەددین.
- پلەی «چاوشلیق» بۆ ئەوانی دیکە.
- «دەرگا چاوشلیق» بۆ محەممەد
لە خشتەکەدا:بۆ یەکێک لە پیاوەکانی

■ جگە لـەم جیاوازییانەی سـەرەوە، لە درێـژەی بەڵگەنامەی ٢دا و لە خشـتەکەیدا بەرپرسـی عوسمانی نووسـیوێتی، بۆ دوو لە کوڕەکانی (زەوییەکـی زەعامەت). لە کاتێکدا ئەم بەرپرسـە تێنەگەیشـتووە کە شەرەفخان داوای زەوی «زەعامەت»ی بۆ کوڕێکی بەناوی

«سیدی» و زەوی «زعامت و تیمار»ی نەک بۆ ٢ لە کورەکانی خۆی! بەڵکوو بۆ دوو لە کورەکانی خەڵەفبەگی برای، واتە بۆ «مستەفا» و «عەلیخان»، کردووە و نووسەرانی پاشکۆش ئەم هەڵەیان «قۆستووەتەوە» و دەگەڕێن بەدوای ئەم دوو کوڕەی شەرەفخاندا. لە کاتێکدا دواتر لەسەر بنەمای هەر ئەم ئاماژەیەی شەرەفخان، خوێنەر لە هەبوونی ئەم دوو کوڕەی خەڵەفبەگ ئاگادار دەکەنەوە. بەمە دەڵێن شێواندنی مێشکی خوێنەر، نەک توێژینەوە.

■ بەرپرسی عوسمانی لە خشتەکەیدا نووسیویێتی، بۆ ١٠ سوار (زەوی) «تەرەقی». شەرەفخان نووسیویێتی، «پشتبەستوو بە قانوونی ئیمپراتۆری، داواکارم فەرمان بدەن بە بەخشینی زەویی تەرەقی بەم زەعیم و سوارانەی سەرەوە». کە ناوی ٤ «زەعیم» و ٦ «سپاهی» هێناوە.

■ بەرپرسی عوسمانی نووسیوێتی، بۆ ١٣ سەربازی بدلیس، یەک لەسەر سێی زەوی تیمار. لە کاتێکدا شەرەفخان نووسیوێتی، «لە موتەفەرریقەی تەورێز داواکارم فەرمان بدەن سێ‌یەکی زەویی ببەخشرێ بەم سەربازانەی سەرەوە. کە لە خشتەکەیدا ناوی ١٧ سەرباز «عن جماعت غلامان بتلیس» هاتووە. سەیر ئەوەیە دیار نییە نووسەرانی پاشکۆ واتەی «عن غلامان وان»، «لە سەربازانی وان»یان لەکوێوە هێناوە و خستوویانەتە ژێر ناوی ٢ سەرباز لەم خشتەیەدا؟ چونکە لە دەقی بەڵگەنامەکەدا هیچ ئاماژەیەک بە «وان» نابینین. لە وەرگێڕدراوی هەمان بەڵگەنامە لە کتێبی «تابلۆکانی شەرەفنامە، عەبدولرەقیب یۆسف»یشدا «وان» نابینین و لەویشدا ئاماژە بە ١٧ کەس کراوە.

■ بەرپرسی عوسمانی نووسیوێتی، بۆ ٢٤ لە پیاوەکانی «زەوی ئیبتیدا». شەرەفخان نووسیوێتی، فەرمان بدەن زەویی «ئیبتیدا» ببەخشری بەم سەربازانەی سەرەوە. کە لە خشتەکەیدا ناوی ٢٥ سەربازی هێناوە، نەک ٢٤.

٥ بەڵگەنامەی ١ بە «بندە فرمان پادشاهمدر»، واتە بەندە لەژێر فەرمانی پادشاکەم دام»، تەواو دەبێت کە دەربڕینی کارمەند و یان بەرپرسەکەی عوسمانییە و «بەڵگەنامەی ٢»، بە دەربڕینی: «بندە شەرەف» کۆتایی پێدێت.

٦ شەرەفخان دوو جار ئاماژە بە «بەپێی یاسای ئیمپراتۆری» و جارێکیش بە «پشتبەستوو بە قانوونی ئیمپراتۆری» دەکات، بەڵام نووسەرانی پاشکۆ باسیان نەکردووە.

٧ «خەتی» نووسینی بەڵگەنامەی ١ و ٢، جیاوازن.

دواتر نووسەرانی پاشکۆی ١، باسی کوڕێکی دیکەی شەرەفخان بەناوی تاتار، بەم شێوەیە دەورووژێنن»

«هێندەی ئێمە ئاگادار بین، ئەرشیفەکانی دەوڵەتی عوسمانی ناوی تاتاری کوڕی شەرەفخانیان تێدا هاتووە (لەکام «ئەرشیف»دا؟ دیسان دیار نییە! جگە لە نامەکەی خەڵەفخاندا نەبێ). ڕەنگە بچووکترین کوڕی شەرەفخان بووبێ. چونکە ساڵی ١٠١٠ی کۆچیی تەمەنی هەشت ساڵ بووە. ئەم بە جیا ناوی نەهاتووە، بەڵکوو خەڵەفی مامی ئیشارەی پێ کردووە. زانیاریی ئەوتۆش سەبارەت بە پیشە و ژیانی بەدەستەوە نییە، تەنیا ئەوە نەبێ کە ساڵی (؟) (لێرەدا ساڵەکەی نەنووسراوە! دیارە وشەی «ساڵی»، لە دەقە کوردییەکەی لێ زیاد کراوە و لە دەقی ئینگلیزی نووسەرانی پاشکۆدا نییە) کاربەدەستێکی سوڵتان محەممەدی سێهەم بە ناوی ئەحمەدپاشا دەستگیری کردووە و بە بارمتە گرتوویەتی. خەڵەف ساڵی ١٠١٠ی کۆچیی، نامەیەکی بۆ سوڵتان نووسیوە (لە ژێرەوە پتر باسی ئەحمەدپاشا دەکەین کە لە دوایین ساڵانی دەسەڵاتی سوڵتانی محەممەدی سێهەمدا لەگەڵ «جەلالییەکان» کەوتووە) و بەرەسمی داوای ئازاد کردنی کردووە. جێی باسە تاتار وەک خەزێنەداری ئەحمەدپاشا

ناوی هێندراوە (لەکوێ؟)، بەڵام لەو نامەیەدا زانیاریی سەیر لە بارەی مەرگی شەرەفخانەوە نووسراوە کە پێشتر نەمانزانیوە».

بەڵام سەبارەت بەم بڕگەیەی سەرەوە لە پاشکۆی ١دا:

**یەکەم:** تاتاری ٨ ساڵە چۆن دەتوانێ «خەزێنەداری ئەحمەدپاشا» بووبێت؟ و لەکوێ وەک «خەزێنەداری ئەحمەدپاشا» ناوی هاتووە؟ دیار نییە.

**دووەم:** ئەو ساڵەی ئەحمەدپاشا، تاتاری دەستگیر کردووە دیار نییە؟

**سێهەم:** لەم ساڵەدا کە ئاماژەی پێ نەکراوە، ئەم «کاربەدەستەی سوڵتانی عوسمانی»، واتە «ئەحمەدپاشا»، ئایا گوێڕایەڵی سوڵتان بووە و لە «پۆستەکەی» خۆیدا مابووە، یان دژی سوڵتان ڕاپەڕیبوو و بووەتە «جەلالی»؟ ئەمانە لە ژێرەوە و لە بەسەرهاتی ئەحمەدپاشادا شی دەکەینەوە.

بەڵام سەبارەت بە بەڵگەنامەی ژمارە ٤، واتە نامەی خەڵەفخان:

**یەکەم:** لەم بەڵگەنامەیەدا، وەک دەیبینیین لە گۆشەی دەستی ڕاستدا لە نێو دوو کەواندا بەلاتینی نووسراوە (١٠١٠)، واتە ئەم بەڵگەنامەیەش ڕێکەوتی ڕەسەنی کاتی نووسینەکەی پێوە نییە و لە ژێرەوەشی نووسراوە: Z.F کە ماناکەی دیار نییە.

**دووەم:** دیسان دیار نییە لەسەر چ بنەمایەک لە سەردەمی «کۆماری تورکیا»دا، ئەم ڕێکەوتە بە لاتینی لەسەر بەڵگەنامەکەدا نووسراوە. کەواتە ئێمە کە دەستمان بەم ئەرشیڤخانەیە ناگات، ئاگادار نیین بەپێی چ لێکدانەوەیەک ئەم ڕێکەوتانە لەسەر بەڵگەنامەکاندا نووسراون. بۆیە:

لەسەر ئەو بڕوایەم کە ڕێکەوتی ١٠١٠ی کۆچی، لەسەر ئەم بەڵگەنامەیەدا هەڵەیە و پێویستە لە ڕێکەوتی ڕاستەقینەی ئەم نامەیەی خەڵەفبەگ، بکۆڵدرێتەوە. بۆ ئەم کارەش هەوڵ دەدەین لە ڕێگەی بەسەرهاتی ئەو کەسانەی کە لە بەڵگەنامەکەدا ناویان هاتوون، لە ڕێکەوتی ڕاستەقینەی بەڵگەنامەی ٤ نزیک بینەوە تاکوو پتر لە نێوەڕۆکی ئەم بەڵگانامەیەش تێبگەین و دەرگایەکیش بکەینەوە بۆ دەرخستنی ڕێکەوتی مردنی شەرەفخانی پێنجەم.

نووسەرانی پاشکۆ دەڵێن کە بەڵگەنامەی ژمارە ٤، بریتییە لە نامەی خەڵەفی برای شەرەفخان بۆ «سوڵتان محەممەدی سێهەم». بەڵام لە هیچ شوێنێکی ئەم نامەیەدا ئاماژە بە بەردەنگی داخوازییەکانی خەڵەفبەگ، واتە بە «سوڵتان محەممەدی سێهەم» نەکراوە. وادیارە نووسەرانی پاشکۆ تەنیا بە پشتبەستن بەم ڕێکەوتە لاتینییەی سەر نامەکە کە ڕەسەن نییە و پاشان لێی زیاد کراوە، پێیان وایە ئەم نامەیە بۆ سوڵتان محەممەدی سێهەم نووسراوە، چونکە دەسەڵاتی سوڵتان محەممەدی سێهەم پاش کۆچی دوایی لە ١٨ی ڕەجەبی ساڵی ١٠١٢ی کۆچیدا، کۆتایی هاتووە و سوڵتان ئەحمەدی یەکەم (لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا) جێگای گرتووەتەوە. کەواتوو ئەمە هەڵەیەکی زەقی نووسەرانی پاشکۆیە کە بە بێ بنەما پێیان وایە ئەم نامەیە بۆ سوڵتان محەممەدی دووەم نووسراوە.

بەڵام «ئەحمەدپاشا» کێ بووە؟

■ بەگوێرەی بابەتێکی نووسەر و لێکۆڵەری کوردستانی باکوور موراد جوان، ئەحمەد پاشا بە «ئالاجائاتلی ئەحمەدپاشا alacaatli ahmet paşa» بەناوبانگە.

■ بەگوێرەی کتێبی «تاریخ عالم آرای عباسی»، ئەحمەدپاشا وەک «ئەحمەدپاشای جەلالی» باسی کراوە. (سەبارەت بە «جەلالییەکان» دواتر ئاماژە بە هێندێک زانیاری دەکەین).

ئەسکەندەری مونشی لە «تاریخ عالم آرای عباسی» لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٠١٢-١٠١٣ی کۆچی و لە لاپەڕەی ٦٦٣دا، کە باسی هێرشی سوپای سەفەوی دەکات بۆ

سەر «ئەحمەدپاشای جەلالی»، دەڵێ: «ئەحمەد پاشا لە کەسە نزیکەکانی جەعفەرپاشای (عوسمانی) حاکمی تەوریز بووە و هەر لەسەر داوای ئەویش، سوڵتان دەیکاتە «حاکمی وان» (دەبێتە بەگلەربەگی وان)، بەڵام پاشان لە فەرمانڕەواییی وان لێدەخرێ و هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی هێز و توانای شاعەباس لە ئازەربایجان ئەویش چیتر گوێ ناداتە فەرمانەکانی سوڵتان و لێی یاخی دەبێ و دەستدەکات بە هێرش بردن بۆ سەر ویلایەتەکانی نزیک و تاکوو نزیک دیاربەکر داگیر دەکات و نزیک بە ١٢ هەزار کەس لەخۆی کۆدەکاتەوە». واتە ئەویش دەکەوێتە ڕیزی «جەلالییە یاخییەکان». ئەم سەرچاوەیە هەر لەم ساڵەشدا ئاماژە بە «هەڵای مەزنی جەلالییەکان» لە دژی سوڵتانی عوسمانی دەکات، هەر بۆیەش بە «ئەحمەدپاشای جەلالی» ناوی هێناوە و دواتریش لە لاپەڕی ٦٦٤دا، دەڵێ: «ئەحمەدپاشا، پاش کۆچی دوایی سوڵتان محەممەدخان پادشای ڕۆم و هاتنە سەر کاری سوڵتان ئەحمەدخان (واتە پاش ١٨ی ڕەجەبی ساڵی ١٠١٢ی کۆچی کە سوڵتان ئەحمەدی یەکەم بووەتە سوڵتانی عوسمانی)، پەشیمان دەبێتەوە و گەلێک درۆ و دەلەسە دەنێرێتە ئیستامبوول و کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی پێیان گونجاو بووە چاوپۆشی لە کارەکانی ڕابردووی بکەن و دیسان دەیکەنەوە بە بەگلەربەگ».

«بەرزبوونەوەی هێز و توانای شاعەباس لە ئازەربایجان»، لە مانگی سێپتەمبەری ١٦٠٣ی ز. (ڕەبیعی یەکەمی ١٠١٢ی کۆچی) واتە ٥ مانگ پێش کۆچی دوایی سوڵتان محەممەدی سێهەم، دەستپێدەکات (بڕوانە: ڕاجر سیوری. ص. ٨٣. ئەگەرچی ئەم کتێبە گەلێک پەروباڵی داوەتە دەسەڵاتی سەفەوییەکان، بەتایبەتیش شاعەباس، بەڵام دەکرێ هێندێک زانیاری لێ هەڵێنجین). پاش ئەم ڕێکەوتە شاعەباس لە یەکەم هەنگاوی هێرشی خۆی بۆ سەر عوسمانییەکاندا، کۆتایی بە دەسەڵاتی عوسمانی لە تەوریز دێنێ و بەرەو نەخجەوان هەڵدەکشێ و هێزەکانی عوسمانی بەرەو یەرەڤان پاشەکشە دەکەن (هەمان سەرچاوە. لاپەڕەی ٨٤).

کەوابوو، دەبێ ئەحمەدپاشا پاش «بەرزبوونەوەی هێز و توانای شاعەباس لە ئازەربایجان لە ڕەبیعی یەکەمی ١٠١٢ی کۆچیدا» (واتە ٥ مانگ پێش مردنی سوڵتان محەممەدی سێهەم) یاخی بووبێ، بۆیە بە «جەلالی» ناوی هاتووە و هەر لەم کاتەشدا دەستیکردووە بە تاڵان و هێرشکردنی ناوچەکان تاکوو نزیک دیاربەکر، و ڕەنگە هێرشی بردبێتە سەر بەدلیسیش و ماڵی شەرەفخانیشی تاڵان کردبێ. بەڵام پاشان دەکەوێتە بەر هێرشی شاعەباس و کاتێک بەرگە ناگرێ، دیسان لار دەبێتەوە بەرەو سوڵتانی تازەی عوسمانی، واتە سوڵتان ئەحمەد و ئەمجارە سوڵتانی تازە دەیکاتە بەگلەربەگی سێواس. بەپێی ئەم لێکدانەوەیە، نامەکەی خەڵەف بۆ سوڵتانی عوسمانی دەبێ لەکاتی «جەلالی»بوونی ئەحمەدپاشادا نووسرابێ، واتە تاڵانکردنی ماڵی شەرەفخانی پێنجەم و ڕێکەوتی نامەکە دەبێتە پاش «ڕەبیعی یەکەمی ١٠١٢ی کۆچی»، کەوابوو شەرەفخانیش هەر دەبێ پاش ئەم ڕێکەوتە کۆچی دوایی کردبێ و ئیتر ئەو ڕێکەوتەی کە تاکوو ئێستا بۆ مەرگی شەرەفخان زانرابوو، بەتەوای لە جێگەی خۆیدایە و شەرەفخان پاش مانگی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ١٠١٢ی کۆچی، کۆچی دوایی کردووە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە زانیارییەکی دیکەش بکەین کە لە نووسراوەکانی نووسەرانی تورکی بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی کۆن دەرکەوتووە.

بەپێی بابەتێک بە سەردێڕی «سەردەمی عوسمانی Osmanlı Dönemi» زانیارییەکی تازە بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەی ئەرشیڤی عوسمانی ئاشکرا بووە (سەرچاوەی ژمارە ١٠).

کەسێک بەناوی «تارەت ئەفەندی Taret Efendi»، قازیی شارۆچکەی «عەرەبگیر» (Arapgir kadısı) لە ناوچەی مەلەتییە لە نزیک سێواس، لە ساڵی ١٦٠٣ی زایینیدا نامەیەکی بۆ سوڵتانی عوسمانی نووسیوە کە بریتییە لە سکاڵا لە دژی «ئالاجائاتلی ئەحمەدپاشا»، بەگلەربەگی سێواس و تێیدا هاتووە؛ چەکدارەکانی ئەحمەدپاشا خەریکی تاڵان، فڕاندن و کوشتنی خەڵکی ناوچەکەن و داوای لە سوڵتانی عوسمانی کردووە تا خەڵکی ناوچەکە لە «زوڵم و تاڵانی» ئەحمەدپاشا ڕزگار بکات. لە نامەکەدا هەروەها ئاماژە بەوە کراوە کە ئەحمەدپاشا هێز و هاوکاریی ناردووە بۆ «قەرەیازیچی جەلالی» (ڕێبەری جەلالییەکان لە سەردەمی سوڵتان محەممەددی سێهەم، دواتر باسی دەکەین). جێی ئاماژەیە کە مانگی یەکەمی ساڵی ١٦٠٣ زایینی بەرامبەرە بە ١٩ی ڕەجەبی ١٠١١ی کۆچی و مانگی ١٢ی هەمان ساڵی زایینی بەرامبەرە بە ٢٧ی جەمادی دووەمی ساڵی ١٠١٢ی کۆچی. بەم ڕوونکردنەوەیە و پشتبەستن بە زانیارییەکانی پێشتر، دەردەکەوێ کە ئەحمەدپاشا ڕێک ساڵی ١٠١٢ی کۆچی بووەتە بەگلەربەگی سێواس. (ڕێکەوتی بەگلەربەگبوونی ئەحمەدپاشا لە سێواس بۆیە گرینگە، چونکە لەو بەڵگەنامەیەدا کە نووسەران پاشکۆکانی ١ و ٢، لە بەڵگەنامەی ژمارە ٤ی پاشکۆی ٢دا پێشانیان داوە، سوڵتانی عوسمانی لە نووسراوەیەک بۆ بەگلەربەگی ئەو کاتی وان، مستەفاپاشا، ئاماژەی بە ناوی ئەحمەدپاشا کردووە و وەک «بەگلەربەگی پێشووی وان و بەگلەربەگی ئێستای سێواس» ناوی بردووە و نووسەرانی پاشکۆ دەڵێن ئەم نامەیەی سوڵتان لە ڕێکەوتی «١١ی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ١٠١١ی کۆچی» نووسراوە (بەرامبەر بە ١٦٠٢/٠٨/٢٨ی زایینی) کە ناتوانێ ڕاست بێ و ئەمەش هەڵەیە؛ چونکە لە ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ١٠١١ی کۆچی، ئەحمەدپاشا بەگلەربەگی سێواس نەبووە، بەڵکوو وەک ئاماژەمان پێ کرد، بەگلەربەگی وان بووە و وەک «جەلالی» ناوی هاتووە و لە دژی سوڵتانی عوسمانی ڕاپەڕیوە و خەریکی تاڵان و ڕێگری بووە. (هەر لێرەشدا دەردەکەوێ کە پشتبەستن بەو ڕێکەوتانەی کە لەسەر ئەم بەڵگەنامانەدا بە لاتینی نووسراوە، هەڵەیە).

دواتر پاشکۆی١ دەپەرژێتە سەر «خەڵەف» برای شەرەفخان و دەڵێ:

«خەڵەفبەگیش کە کوڕی دووهەمی میر شەمسەدین بووە، لێرەدا ناوی هاتووە (لە کوێ دا؟ لە بەڵگەنامەی ٤دا؟ دیار نییە)، بەڵام شەرەفنامە تەنیا زانیارییەکی سنوورداری لە بارەی ژیان و کار و پیشەیەوە باس کردووە. وەکوو دیارە قۆرچی و دواتریش یووزباشی شاتەهماسبی یەکەم بووە. هەروەها کاربەدستێکی نزیک بووە لە هەمزەمیرزا. دوای کوژرانی هەمزەمیرزاش، ئیتر خەڵەف پێوەندی بە سوڵتان مرادی سێهەمەوە کردووە و بۆتە میری عوسمانی و کراوەتە سنجەقبەگی ئەلەشکورد و مەلازگرد».

بەگوێرەی شەرەفنامە: «خەڵەفبەگ ماوەیەک کەوتبووە ڕیزی پاسەوانانی شاتەهماسب و چەند ساڵێکیش کرابوویە یووزباشی... لە سەردەمی شاسوڵتان محەممەددا گەیشتە پلەی میرایەتی و یەکێک بوو لە یاران و نزیکانی هەمزەمیرزا. دوای کوژرانی هەمزەمیرزا، سەری وەبەر دەرانەی بەرزی ... سوڵتان مرادخان هێنا و شانازیی میرایەتیی ناوچەی ئالشکورد و مەلازگردی پێ برا» (شەرەفنامە. ل. ٦٥٦). هەمزە میرزا لە ٢٥ی زیحەججەی ٩٩٤ی کۆچیدا کوژراوە، کەوابوو ٨ ساڵ پاش گەڕانەوەی شەرەفخان بۆ بدلیس، واتە ساڵی ١٠٠٢ی کۆچی دەبێ خەڵەفبەگ گەڕابێتەوە بدلیس. نووسەرانی پاشکۆی ١ لەدرێژەی ئەم بڕگەیەدا بەم شێوەیە باسی خەڵەف دەکەن:

«خەڵەف، هەرچەندە ناوبانگی بە دەسکەوتەکانی خۆی دەرکردووە، بەردەوام لە

هەردوو ئیمپراتۆریی سـەفەوی و عوسمانیدا، لەژێر کاریگەریی شەرەفخاندا بووە».

لێرەشـدا نازانین مەبەسـتی نووسەرانی پاشـکۆ لەم دێـرە، چییە و دیاریشـی ناکەن خەڵەفبـەگ چ دەسـتکەوتێکی هەبووە کە ناوبانگی پێوە دەرکردبوو؟ پاشان دەڵێن:

«بەڵگەکانی دەوڵەتی عوسـمانی ئاشکرای دەکەن کە خەڵەف بەرپرسێکی دەسەڵاتداری بدلیس و لێپرسـراوی باجی گوندییەکان بووە. بەگوێـرەی بەڵگەنامە تازەکەی نێو پاشـکۆکە (بەڵگەنامـەی ژمـارە ١-٢)ش، دوو کـوڕی هەبوون بەناوی عەلیخان و مستەفا».

فەرموون! لێرەدا نووسـەرانی پاشـکۆ تازە بۆیان دەردەکـەوێ کە ئەم دوو کوڕە، کوڕانی خەڵەفخان بوون، نـەک «دوو کوڕی دیکەی شـەرەفخان» کە زۆر هەوڵیان دا بیدۆزنەوە! و دەڵێن:

«خـاوەن «زەعامەت»ەکانیـش هەمـوو ئەمەگداری شـەرەفخان بوون. خەڵەف ساڵی ١٠١٠ی کۆچی هێشـتا ماوە، کە شەرەفخانی براشـی کۆچیدوایی کـردووە، بۆیە کاروباری بدلیسی گرتۆتە دەست».

لێرەدا دیسـان دووپاتـی دەکەینەوە ئەو ڕێکەوتەی کە لە گۆشەی ڕاستی بەڵگەنامەی ٧دا، بە پیتی لاتینی نووسراوە، جێگای متمانە نییە. بۆیە ئەم بۆچوونە تەواو نییە.

ئینجا نووسـەرانی پاشکۆی ١، لە درێژەدا دەچنە سـەر بابەتی «شەرەفخان چیی بەسەر هاتووە؟» و دەڵێن:

«شـەرەفخان، سـاڵی ١٠٠٥ی کۆچـی، دەسـەڵاتەکانی خۆی بۆ شەمسەدینی کوڕی بەجێهێشـتووە، بۆیە بە بۆچوونی توێژەرانی نێوخۆ و دەرەوە کە پشتیان بە زانستنامەکانی تورکان بەستووە، شەرەفخان خانەنشین بووە و تەمەنی خۆی بۆ نووسینی شەرەفنامە تەرخان کردووە و ساڵی ١٠١٢ی کۆچی، کۆچیدوایی کردووە، بەڵام ئێمە ئەم سـاڵی مردنەی ڕەت دەکەینەوە».

نووسـەرانی پاشـکۆی ١، لە پاشکۆی٢دا لـە نێـوان مـردن و کوژرانی شـەرەفخاندا، ئاڵۆزییەکی دیکەش ساز دەکەن و لە کۆتاییدا ساخی ناکەنەوە کە ئاخۆ شەرەفخان مردووە و یان کوژراوە!

پاشان دەڵێن:

«ئاراکێلـی مێژوونووسـی ئەرمەنـی لـە تەورێـز سـەبارەت بـە سـەردار جیغاڵەزادە نووسـیویەتی: لە جەنگەی دووهەم پەلاماریدا لە ئەرزرۆم ماوەتەوە و شـازادەی هەموو ناوچە کوردنشینەکان و گورجستان و لە نێویاندا میر شەرەفی شازادەی مەزنی کوردی بانگ کردووە. بەپێی ئەم سـەرچاوە ئەرمەنییە، میر شەرەفی کورد لە پشـتیوانانی دەوڵەتی عوسمانی بووە، بەڵام کاتێک هەسـتی کردووە بەرەی سەردار لە شەڕەکەدا شکسـتی هێناوە. دەسبەرداری بەرەکە بووە و ساڵی ١٠١٥ی کۆچی گەڕاوەتەوە شـوێنی خۆی. بۆیە ناکرێ سـاڵی ١٠١٢ی کۆچی بۆ مردنی شەرەفخان ساڵێکی دروست بێ. کێشـەکە لێرەدا، نەبوونی هیچ ئاماژەیەکە بە ناوی بدلیسـەوە. خۆ ڕێی تێدەچی ئاراکێل مەبەستی لە مەزنەمیری کوردان، میر شەرەفی جزیرەی هاوزەمانی شـەرەفخان بووبێ، بەڵام هیچ جـۆرە پەیوەندییەکیش لەگەڵ جزیرە و گورگێـل و ناوچەکانی دیکەی جزیرەدا بەدی ناکرێ. ئەمە سـەرباری ئەو ڕاستییەیە کە میر شـەرەفی جزیرە هەرگیز هێندەی شەرەفخان بەناوبانگ نەبووە».

نووسـەرانی پاشـکۆی١، لێرەدا ئاڵۆزی و سەرشێواوی ساز دەکەن و لە زمان نووسەرێکی ئەرمەنییەوە ڕووداوێک دەوروژێنن کە نەک لـە سـاڵی ١٠١٥ی کۆچیـدا ڕووی نەداوە، بەڵکوو هیچ پەیوەندییەکیشـی بە شەرەفخانی بدلیسییەوە نییە.

ئەم مێژوونووسە، «ئارکێل تەوریزی (آراکل تبریزی)»یە کە ناوی بەزمانی ئەرمەنی دەبێتە «ئارکێل داورێژتسـی» (١٥٩٠ی ز- ١٦٧٠ی ز) قەشـەیەکی ئەرمەنی بووە لە شاری تەورێز

و کتێبەکـــەی، «کتاب تاریـــخ»ی لە کۆتاییی ژیانیدا نووســـیوە (واتە پاش تاریخ عالم آرای عباسی کە لە ســـاڵی ١٠٢٥ی ک/ ١٦١٦ی. ز نووســـراوە) و مەبەستیشی لە میر شەرەف، ڕێـــک هەمان «میر شـــەرەفی بوهتـــی» بووە نەک شەرەفخانی بدلیسی و ئەوەشی ڕێک لە کتێبەکەی ئەســـکەندەری مونشی وەرگرتووە، بڕواننە گێڕانـــەوەی ئەم ڕووداوە لە لایەن دوو مێژوونووســـی ناسراوی سەفەوی، بەتایبەت لە زمان ئەسکەندری مونشی کە لەوێدا باسی میر شەرەفی جزیرە دەکات و دەڵێ «بەناوبانگترین میری کورد» بـــووە. کەوابـــوو دەتوانین دڵنیا بین کە مێژوونووسە ئەرمەنەکە ئەم «واتایەی» ڕێک بۆ میر شـــەرەفی جزیـــرە لە کتێبەکەی «ئەسکەندری مونشی»یەوە وەرگرتووە.

لە «تاریـــخ عالم آرای عباســـی» لاپەڕەی ٧٠٣ و لـــە ڕووداوەکانی ســـاڵی ١٠١٤، نەک ساڵی ١٠١٥ی کۆچیدا، ئەسکەندەری مونشی ڕێک باســـی ئەم ڕووداوە بەم شێوەیە دەکات: «یەکێک لە پیاوانی میرشەرەفی حاکمی جزیرە بەدیل گیرا و هێنایانە «بەر نەزەری ئەشرەف» (واتە لای شـــاعەباس). (میرشەرەف) لەڕووی ژمـــارەی هۆزەکانی لە میرانـــی دیکەی خێڵە کوردەکان، مەزنتر و «تابعی پادشـــای ڕۆم» بوو و لەم هێرشەدا بە ســـوپای خۆی لە جزیرەوە هاتبـــوون و ببووە «ڕەفیقی چغال ئۆغلی» و لە کاتی شـــەڕدا لای ئەو مابووەوە و بەشـــداری شـــەڕ نەببوو. میر شەرەف چەند ساڵێک دەبوو پەیوەندیی لەگەڵ بەرپرســـانی دیوانی مەزنی شـــاهانە (واتە لەگەڵ بەرپرســـانی سەفەوی) هەبـــوو و یەکتریـــان دەناســـی و «ئیزهـــاری خلووسی عەقیدەت و سەفای توربەت»ی هەبوو. «حەزرەتی والا» (واتە شا عەباس سەفەوی) ئەو دیلـــەی ئازاد کرد و لە ڕێگـــەی ئەوەوە چەند دێڕێکی بۆ (میرشـــەرەفی جزیرە) نووســـی». شـــاعەباس لەم نامەیەدا داوا لە میر شـــەرەف دەکات «ئێمە پیاوانی دیلی ئێوەمان نەکوشتووە و هەموویان زیندوون، ئەگەر دەتوانی بگە لای ئێمـــە، ئەگینـــا خۆت لەم هەڵایـــە دوور بگرە و بگەڕێوە جزیرە». پاشـــان لەم سەرچاوەیەدا هاتـــووە کە میر شـــەرەف ســـوارانی خۆی کۆ دەکاتە و بەرەو جزیرە پاشەکشە دەکات.

«مەلا جەلالـــی مۆنەجم»یـــش لە کتێبی «تاریخ عباســـی»دا و دیســـان لە ڕووداوەکانی ســـاڵی ١٠١٤ی کۆچیـــدا و نـــەک ١٠١٥ی کۆچی، باســـی شەڕی شـــا عەباس و «سەردار چیغاڵـــەزادە» لە نزیک تەوریز دەکات و زۆر بە ڕوونی چەند جار ناوی «میر شـــەرەفی بوهتی (واتە میری جزیرە)» دێنێ نەک شـــەرەفخانی بدلیسی. «ملا جلال الدین منجم» دەڵێ، «میر شەرەفی بوهتی» لە سەرەتا لە بەرەی «سەردار چیغاڵـــەزادە» بـــووە بەڵام پاش پاشەکشـــەی هێزەکانی عوسمانی، شـــاعەباس نامەیەک بۆ میر شەرەف دەنووســـێ و فەرمانێکی ئاراستە دەکات. مـــەلا جەلالی مونەججیم ئەم ڕووداوە بەم شـــێوەیە بـــاس دەکات: «پیاوێکی کوردی کەلەبچەکراویان هێنا بەر «نەزەری ئەشرەف»، پـــاش لێکۆڵینەوە، دەرکەوت کـــە پیاوی میر شەرەفی بوهتی‌یە، (شاعەباس) بێ یەک و دوو فەرمانـــی دا ئازادی بکـــەن و «فەرمانێکی» بۆ میر شـــەرەف نووســـی کە تۆ لە ئێمەی و «بە مـــا تعلق داری»، ئاگاداربـــە کە بەیانی هێرش دەبەینە سەر «چغال اوغلی»، نەکا کەسێک لە پیاوانـــی ئێوە وەبەر کەون. ئەگەر بۆت دەکرێ بگـــە لای ئێمە. ئەگینا لە گۆشـــەیەکدا خۆت بشـــارەوە، نەکا کەســـێک لە ئێوە بەر کەوێ» («تاریخ عباسی. ١٣٦٦. ل. ٢٩٣).

دواتر نووسەرانی پاشکۆ دەڵێن:

«هـــۆی دووهەم کـــە وامان لـــێ دەکات ئەو ســـاڵە بە دروســـت نەزانیـــن، ئەوەیە کە دەفتەرەکانی دەوڵەتی عوســـمانی ئاماژە بەوە دەکەن کە شـــەرەفخان ساڵانی ١٠١٣ی یان ١٠١٤ی کۆچـــی، لە ســـەنجەق بـــووە (کام ســـەنجەق؟ دیارنییـــە). «دەفتـــەری تەحریر» (دەفتـــەری خاقانـــی)ی ٧٣٠، کـــە مێژووی ساڵانی سەرەتای سوڵتان ئەحمەدی یەکەم و

«توغرا»ی ئەوی پێوەیــە، دوو جار ئاماژەی بە «حاکمی بدلیس» کردووە».

لێرەدا پێویستە بۆ ئاگاداری بڵێین کە پاش مردنی ســوڵتان محەممەدی سێیەم، لە ١٢ی ڕەجەبــی ســاڵی ١٠١٢ی کۆچیدا، ســوڵتان ئەحمەدی یەکەم دەســتەڵاتی بە دەســتەوە گرتووە. کەوابوو «ســاڵانی ســەرەتای سوڵتان ئەحمەدی یەکەم» بە لانی کەم دەبێ دوو یان سێ ساڵی پاش ئەم ڕێکەوتە بێت. واتە ساڵانی ١٠١٤ یــان ١٠١٥ی کۆچی. بەڵام دیار نییە مادام نووسەرانی پاشکۆ، «دەفتەری تەحریر»یان لەبەر دەستدا بووە و ئەویش ڕێکەوتی پێوەیە، بۆچی ئاماژەیان بە ســاڵەکە نەکردووە و تەنیا دەڵێن «مێژووی ســاڵانی ســەرەتای سوڵتان ئەحمەدی یەکەم و توغــرای ئەوی» پێوەیە؟»

پاشان نووسەرانی پاشکۆی ٢ دەڵێن:

«نووســەر (واتــە نووســەری «دەفتەری تەحریــر»)، لــە ژماردنــی «خاص»ەکانــی شەرەفخاندا، سەرەتا شەرەفخانی بە فەرمانڕەوای بدلیس ناو بردووە و کەمێکیش دواتر نووسیویە: بەشــێک لە موڵکەکانی شەرەفخان لە دەستی کوڕە گەورەکەی (واتە شەمســەدین)، حاکمی بدلیســدا بووە. گرینگــە لێرەدا ئامــاژە بەوە بکەین کە شــەرەفخان لەو کاتەدا بە حاکمی بدلیس ناوی نەبردراوە. نووســەری عوسمانی لە دەفتەری «تەحریر ئەمینی»دا پێناسەیەکی ســادەی فەرمانــڕەوای بەناوبانگی بدلیســی کردووە. وا دەردەکەوێ ئاماژەی بۆ کەســێکی زیندوو کردووە کە بڕیاری داوە دەســبەرداری دەوری خۆی ببێ لە حکومەتدا.»

لێرەدا زۆر ســەیرە، دەی دیارە لە «ساڵانی سەرەتای دەســەڵاتی سوڵتان ئەحمەد»دا واتە پاش ١٠١٢ی کۆچی شەرەفخان لە ژیاندا نەماوە و زۆر پێشــتر و لە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچیشدا، دەســەڵاتی خۆی بۆ شەمسەدین جێهێشتووە. کەوابــوو ئەمە هیــچ گرینگایەتییەکی نییە و زۆریش ڕوون و ئاشکرایە.

بریا نووسەرانی پاشکۆ ئەم بەڵگەنامەیەیان بڵاو کردباوە، تاکوو بزانیین مانای «پێناسەیەکی ســادە» بۆ «فەرمانڕەوای بەناوبانگی بدلیس» چ دەگرێتەوە و چۆن چۆنــی زانیویانە «ئاماژە بە کەسێکی زیندوو» دەکات؟

پاشان نووسەرانی پاشکۆی ١ دەڵێن:

«ژێــدەری MD 78, hkm. 1227، کە تاکە بەڵگەی ڕوونە لە بەردەســتماندا، وای پێشان دەدا کە ئەو کوڕە ئاماژە پێکراوە زیائەددینە».

وەک دەبینیــن، گێژاوەکە هەر بەردەوامە! مەبەســت لە «ئەو کوڕە ئاماژەپێکراوە» کێیە؟ و لە کوێ ئامــاژەی پێکراوە؟ ئەم بەڵگەنامەیە ڕێکەوتی ساڵی ١٠١٨ی کۆچیی پێوەیە و وەک پێشــتریش گوتمان بەگوێرەی «ئەسکەندەری مونشی»، لەساڵی ١٠١٥ی کۆچیدا زیائەددین میری بدلیس بووە. دواتر دەڵێن:

«پاشــان شــەرەفخان بۆ دواجار ســاڵی ١٠٠٢ی کۆچی، لە دەفتەرەکانی عوســمانیدا نــاوی هاتووە. هێنــدەی ئێمە ئــاگادار بین، هیچ ئاماژەیەک بــە فەرمانڕەوایانی بدلیس لە تۆمارەکانی ساڵانی ١٠٠٢ی کۆچی تا ١٠١٨ی کۆچی نەکراوە».

مەگەر لەســەرەوە نەگوتراوە لە «دەفتەری تەحریر»دا و لە «ســاڵانی ســەرەتای سوڵتان ئەحمەدی یەکەم»دا باسی «کوڕە گەورەکەی» شــەرەفخان، واتــە شەمســەددین وەک فەرمانــڕەوای بدلیس کرابێت. کــە وابوو «لە دەفتەرەکانی عوسمانیدا» ئاماژە بە فەرمانڕەوای بدلیس کراوە. لە درێژەی ئەمەدا نووســەرانی پاشکۆی ١، دەڵێن:

«ئەمــەش وامــان لــێ دەکا دوو خــاڵ پێشــنیار بکەین: یەکەم، میرە جێنشینەکانی بدلیس ئاژاوە و نائارامییەکیان لە سەرتاسەری میرنشــینەکەدا خوڵقانــدووە. دووهــەم، عوســمانییەکان کە بە بڕیاری کاربەدەستانی بدلیــس ڕازی نەبوون، نوێنــەری متمانە پێ کراوی خۆیان لەو ناوچەیە دامەزراندووە».

نووســەرانی پاشــکۆی ١، بەبــێ هیــچ بەڵگەیەکــی مێژوویی ئــەو دوو خاڵە تەنیا بە

«ڕێی تێدەچی» و «دەشــێ» پێشنیار دەکەن و دەڵێن:

«بەگوێرەی هێندێک لــە زانیاریی بنەتای دەستنووســەکانی ئەرمەنــی، ڕەنگــە بتوانین بڵێیــن: شــەرەفخان چەنــد ســاڵێک بەرلە ١٠١٢ی کۆچی، یان وردتر لە نێوان ســاڵانی ١٠٠٧ یــان ١٠٠٩ی کۆچــی، کۆچیدوایی کردووە. بێگومانین کــە حوکمداری بدلیس، ڕێی تێدەچێ شــەرەفخان بووبێ کە لە ساڵی ١٠٠٧ی کۆچی، دژی دەوڵەت ڕاپەڕیوە. خۆی لە ژیاننامەکەدا نووســیویە: ســاڵی ١٠٠٥ی کۆچی، دەستی لە حوکمڕانی هەڵگرتووە، بەڵام دەشێ دووبارە دەسەڵاتی گرتبێتەوە دەست».

و هەر لێرەدا دیسان بەبێ هیچ بەڵگەیەک و بێ ناوهێنانی نوێنەرێکی عوسمانی کە گوایە دووجاریش هێرشــی کردووەتە ســەر بدلیس دەڵێن:

«جێــی ســەرنجە، نوێنەری عوســمانی لە ناوچەکەدا، لە دووهەم هێرشــیدا بۆ ســەر بدلیــس، دەوروبەری ســاڵی ١٠٠٩ی کۆچی حوکمــداری بدلیســی کوشــتووە هەرچەندە هیچ بەڵگەیەک نییە بەڵام دەشێ شەرەفخان، ئەگەر مەسەلەکە بەم شــێوەیە بووبێ، ئەوسا پشــتیوانیی ڕاپەڕینەکــەی «جەلالی»یەکانی کردبــێ. چونکە ئــەو زنجیرە ســەرهەڵدانانە دەوری ئەو ساڵانە ڕوویان داوە».

ئیتر بەمە دەڵێن توێژینەوەی زانســتیانە! چونکــوو لەم ســاڵەدا جەلالییــەکان زنجیرە ســەرهەڵدانیان هەبووە، کەوابوو شــەرەفخان پشتیوانیی لێ کردوون و ئینجا کەوتووەتە بەر دووەم هێرشی نوێنەرێکی «بێ ناوی» عوسمانی و کوژراوە؛ هەمووشی بە بێ بەڵگە!

لێرەدا پێویســتە هێندێــک بابەت ڕوون بکەینەوە.

■ یەکەم، سەبارەت بە «جەلالییەکان»:

بەگوێرەی گەلێک سەرچاوەی عوسمانی و تورک، لە ساڵی ٩٢٥ی کۆچی و لە سەردەمی ســولتان ســەلیمی یەکەمدا، دەروێشــێکی تورکمان بەناوی «شــێخ جــەلال یوز ئۆغلی» سەرهەڵدانێک لە شاری «توقات» ساز دەکات و خۆی بە «مێهدی» دەناسێنێ. بەڵام «فەرهادپاشا بەگلەربەگــی ڕۆم ئیلــی» و بەگلەربەگــی مەرعەش، ســەرکوتی دەکەن و شێخ جەلال لە ڕێگای هەڵاتنی بۆ لای ســەفەوییەکان، لە ئەرزڕۆم دەگیرێ و لەســێدارە دەردێ. پاشان لە ســەردەمی ســوڵتان ســولەیمانی قانوونی و لــە نێــوان ســاڵانی ٩٣٢-٩٣٥ی کۆچیدا، گەلێک دەرویش و سۆفی لەدەوری «سووگلۆن یان ســولۆۆن قۆجە» و کورەکــەی کۆدەبنەوە لەدژی سوڵتانی ڕادەپەڕن، ئەم شۆڕشە بەهۆی هاوشــێوەبوونی لەگەڵ سەرهەڵدانەکەی شێخ جەلال، بە «ســەرهەڵدانی جەلالــی» ناوبانگ دەردەکات. ئیتــر پاش ئەمە، هەر شورشــێک لەدژی عوســمانییەکان ڕوویدەدا بە «شۆڕشی جەلالی» ناودێر کراوە.

سەردەمی ســاڵانی ١٠٠٤ تاکوو ١٠١٩ی کۆچی بە سەردەمی «فیترەتی مەزنی جەلالی» و یان «عوســیانی مەزنی جەلالی» لە مێژووی عوســمانیدا بەناوبانگــە. جێــی ئاماژەیە ئەم «جەلالیانــە» هیچ پێوەندییەکیــان بە هۆزی کوردی جەلالییەوە نەبووە و نییە. ئەسکەندەری مونشــی لە «تاریخ عالم آرای عباسی»دا دەڵێ، پاش مەرگی ســوڵتان مراد (سێیەم) و هاتنە سەر دەسەڵاتی کورەکەی، سوڵتان محەممەد خان (مانگی جەمادی یەکەمی ساڵی ١٠٠٣ی کۆچی)، لــە «مەملەکەتەکانی ڕۆم خەڵکانێکی ئەوباش و بەدفەڕ لە هەموو چینەکان دەستیان بە شــۆڕش و کاری نەشــیاو کرد و خۆیان بە جەلالی دەناساند». /اسکندر منشی. ل. ٦٣٥/. هەروەها دەڵێ: «پاشــایان و ســەربازانی سەر سنووریش هاوشێوەی جەلالییەکان دەجوڵان»، واتە یەکێک لەوانەش ئەحمەدپاشا بووە. دواتر و لە لاپەڕی ٧٦٦-٧٧٨دا و لەژێر ســەردێڕی «باسی سەربردەی جەلالییەکان و شەڕەکانیان لەگــەڵ ڕۆمییەکان و هاتنــی فەوجێکیان بۆ دەرانەی شــای خاوەنشــکۆ (واتە بۆ دەرانەی

شـــاعەباس)» دەڵێ: «لە ســـەرەتای دەسەڵاتی ســـوڵتان محەممـــەدی ســـێیەمەوە، یەکـــەم سەرهەڵدانی مەزنی جەلالی لە لایەن کەسێک بەناوی «عەبدولرەحیـــم قەرەیازیچی» لە دژی دەوڵەتی عوســـمانی هەڵگیرسابوو». پاشان زۆر بە تێروتەســـەلی تێکەهەڵچوونەکانیان لەگەڵ سوپای عوسمانی و دواتر هەڵاتنیان و هاتنیان بۆ لای شـــاعەباس و بەشدارییان لە شەرەکانی کوردستان باس دەکات. جەلالییەکان، بەتایبەت لە شـــەڕی قەڵای «دمدم»یش بەشـــداربوون. ســـەرنجڕاکێش ئەوەیـــە کە هەڵســـەنگاندنی سەرچاوە مێژووییەکانی عوسمانی و سەفەوی بـــۆ جەلالییـــەکان هاوشـــێوەن و هـــەدوولا، جەلالییەکانیان بـــە چەتە و ڕێگر و پیاوکوژ و «یاغـــی و باغی» و تەنانـــەت «کافر و مولحید»، ناوبردووە و میرنشینی بدلیسیش لە تالانکاری و هێرشیان بێ بەهرە نەبووە.

■ دووەم، ســـەبارەت بـــە هاوکاریکردنـــی شەرەفخانی پێنجەم لەگەڵ جەلالییەکان:

نووســـەرانی پاشـــکۆ بۆ ئـــەم بابەتە، هیچ بەڵگەیەکیـــان لەبەر دەســـتدا نییە، بەڵام زۆر ســـەیرە پێداگرانە گەرەکیانە دیسان هێندێک ڕووداوی ئـــەو ســـەردەمە بە بـــێ بەڵگە لێک گـــرێ بدەن و شـــەرەفخان تێکـــەڵ بکەن و ســـەرەنجام «بەبێ بەڵگە» بگەنە ئەو ئاکامە کە شـــەرەفخان چونکە لەدژی دەوڵەتی عوسمانی بووە و سەروسەودای لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی هەبـــووە، کەوتووەتـــە بـــەر دووەم هێرشـــی «نوێنەرێکـــی عوســـمانی» و کوژراوە. ســـەیرە نووســـەرانی پاشـــکۆ بۆچی لێـــرەدا بە ڕوونی ئاماژە بە نـــاوی ئەم «نوێنەرەی عوســـمانی» ناکەن؟ خۆ پێشـــتر ئەمەیان ورووژاندبوو. ئەم «نوێنەرەی عوسمانی» هەمان «ئەحمەدپاشا»یە کە پێشـــتر باســـمان کرد کە بووە «جەلالی». دەی باشـــە ئەمە چۆن دەگونجێ. شەرەفخانی پێنجەم بووەتە هاوپەیمانـــی جەلالییەکان لە دژی عوســـمانی و ئەحمەدپاشـــاش کە ئیتر بووەتە جەلالی و هاوپەیمانی شەرەفخان، چۆن چۆنی نەک جارێک بەڵکوو دووجاریش! هێرش دەکاتە ســـەر هاوپەیمانەکەی خۆی و تەنانەت دەیکوژێ؟! جگەلەمەش، سەرنجڕاکێشە:

- نووســـەرانی پاشـــکۆ ئـــەم «دوو جـــار هێرش»ەیان لەکوێ هێنـــاوە؟ «جاری یەکەم» کەی بووە و بەپێی کام بەڵگە؟ دیار نییە.

گریمـــان تـــەواوی ئـــەم بۆچوونانـــەی نووســـەرانی پاشکۆ، ڕاســـتیش بن، ئەگەرچی تەنیا گریمانەیەکی بێ بەڵگەن، کەوابوو ساڵی تەنانەت «نەمانی» شەرەفخانیش دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ســـاڵی ١٠١٢ کە تاکوو ئێستا گوتراوە و زانراوە.

دواتر نووسەرانی پاشکۆ دەڵێن:

«دواجـــار پێویســـتە بڵێیـــن: تۆمـــارە ئەرمەنییەکان و دوا ئاماژەی عوســـمانییەکان بـــە زیائەددین، لەگەڵ یـــەک کۆکن؛ کە واتە زیائەددیـــن ســـاڵی ١٦٠٩ی کۆچی/١٠١٧-١٠١٨ی ز، فەرمانـــڕەوای بدلیـــس بـــووە و هـــەر ئەویش میری مـــووش و دوو کوڕەکەی کوشـــتووە. زانیاریی بنەتای دەسنووســـەکانی ئەرمەنـــی، یەکـــەم جار ســـاڵی ١٦٠٣ی ک/١٠١١-١٠١٢ی ز، تەنیـــا یەک ســـاڵ دوای ١٠٠٩ی کۆچـــی، کـــە پێمـــان وایە ســـاڵی کوژران یا مردنی شەرەفخان بێ، ئاماژەیان بە زیائەددین کردووە».

لەم دەقەی سەرەوە بە هەڵە دووجار ساڵی کۆچی و زایینـــی جێگۆڕکێی پێ کراوە. دواتر هاتووە:

«تێبینییەکەی ســـەر نامەکەی خەڵەف بۆ سوڵتان محەمەدی ســـێهەم، یارمەتیمان دەدا ئەو مێژووانەی پێشـــوو ساخ بکەینەوە. نامەکە هەر چەند بەڵگەنامەیەکی دیپلۆماتانەی خەڵەفە بۆ ئازاد کردنی تاتار لە چنگی عوسمانییەکان، بەڵام ســـەرنجێکی زۆر ڕوون و پربایەخیشـــی تێدایە. جا لەبەر ئەوەی شـــەرەفخان پێشـــتر کۆچیدواییـــی کردووە، خەڵـــەف لە نامەکەدا نووســـیویە: «مرحـــوم شـــەرەفخان»، واتـــە خوداڵێخۆشـــبوو شەرەفخان. نامەکە کە ساڵی

١٠١٠ی کۆچی، نووسراوە، بەداخەوە مانگ و ڕۆژەکەی دیار نیین بەڵام ئیتر دڵنیاین کە شەرەفخان سەرەتای ساڵی ١٠١٠ی کۆچی، یان پێشتر نەماوە. ئەمەش تا ڕادەیەک لەگەڵ ساڵی ١٠٠٩ی کۆچیدا یەک دەگرێتەوە کە پشت بە بەڵگەنامەکانی ئەرمەنی دەبەستێ».

وەک پێشتر ئاماژەی پێ درا، یەکەم: ڕێکەوتی ئەم نامەیە گومانی لەسەرە چونکوو بە لاتین نووسراوە و هی سەردەمی تازەیە و بەڵگەنامەکە هیچ ڕێکەوتی ڕەسەنی پێوە نییە؛ دووەم: لە نامەکەدا ناوی سوڵتان محەممەدی دووەم وەک بەردەنگی پێوە نییە، هەروەها زۆر سەیرە نووسەرانی پاشکۆی ١، بەزۆر گەرەکیانە سەرەتای ساڵی ١٠١٠ی کۆچی بکەن بە ساڵی ١٠٠٩ی کۆچی تاکو لەو گوایە «بەڵگەنامە ئەرمەنییەکان» کە نە نێوەرۆکیان و نە سەرچاوەکەیان دیار نییە، نزیکی بکەنەوە! بەڵام بەگوێرەی ئەو ڕوونکردنانەوەی کە لەسەرەوە سەبارەت بە ئەحمەدپاشا باسمان کرد؛ بە ڕوونی ئاشکرا دەبێ کە ڕێکەوتی ئەم نامەیە دەبێ ساڵی ١٠١٢ی کۆچی بێت.

دواتر نووسەرانی پاشکۆی ١، دیسان بە بێ بنەما دەڵێن ئەو نامەیەی خەڵەف بۆ سوڵتان محەممەدی سێهەم نووسراوە و دەڵێن:

«خاڵێکی گرینگی دیکە کە لە نامەکەی خەڵەفدا بۆ سوڵتان محەممەدی سێهەم بەدی دەکرێ، ئەوەیە کە زۆر ڕێی تێدەچێ شەرەفخان لە لایەن عوسمانییەکانەوە کوژرابێ».

وەک پێشتر گوترا، ئەگەرکوو کوژابێش، بەدەست ئەحمەدپاشای جەلالی کوژراوە و لە درێژەدا دەڵێن:

«لە نامەکەدا هاتووە: «تاتاری کورە هەشت ساڵانەکەی خودالێخۆشبوو شەرەفخان، لەگەڵ گەنجینەکەی ئەحمەدپاشای زاڵمدا هێنراوە».

لێرەش لە بەڵگەنامەکەدا بەتورکی وشەی «هێنراوە» ڕوون نییە، ڕەنگە «بردراوە» بێت ئەویش نەک بۆ کۆشکی سوڵتانی عوسمانی کە ئاماژەی پێ نەکراوە، بەڵکۆ بۆ وان کە شوێنی دەسەڵاتی ئەحمەدپاشای جەلالی بووە. دواتر دیسان بەبێ بەڵگە دەڵێن:

«جا وا دەردەکەوێ شەرەفخان خۆی لەبەر شمشێری ئەحمەدپاشا نەگرتبێ و سەرەنجام لە لایەن عوسمانییەکانەوە کوژرابێ و کورەکەی بە کۆیلە گیرابێ و برابێتە کۆشکی سوڵتانی عوسمانی».

ئەمەش لێکدانەوەیەکی سەیری دیکەی نووسەرانی پاشکۆی ١ە، لە ئاماژەی «خودالێخۆشبوو» و «ئەحمەدپاشای زاڵم» لە بەڵگەنامەکەدا ئاشکرای دەکەن کە گوایە شەرەفخان «خۆی لەبەر شمشێری ئەحمەدپاشا ڕانەگرتووە» و «سەرەنجام شەرەفخان» کوژراوە! پاشان دەڵێن:

«دەکرێ لێکدانەوەیەکی تیپۆلۆژی و ڕەمزی بۆ هەردوو وشەی زاڵم و خەزێنەش بکەین و بزانین چی و بۆچی ڕووی داوە. جا بۆ ئەوەی بتوانین بێلایەنانە بەرەورووی ئەم پرسە ببین، پێویستمان بە چەند بەڵگەیەکی وردە بۆ نیشان دانی تێڕوانینی کورد سەبارەت بە نارەزایەتییەکانی خەڵەفبەگ».

واتە، «زاڵم»، یانی بکوژ و هێنانی دەستەواژەی «پارە و زێڕی خەزێنە» بە مانای ئەوەیە کە نارەزایەتیی خەڵەفبەگ بۆ «پارە و خەزێنە» بووە و ئەمەشیان وەک «تێڕوانینی کوردی» زەق کردووەتەوە و لەم ڕێگەیەشدا گوایە خەریکی دۆزینەوەی «بەڵگەی ورد»ترن بۆ سەلماندنی ئەم «لێکدانەوە تیپۆلۆژی و ڕەمزی»یە دەگمەنە. لە درێژەدا دەڵێن:

«ئێستا پێش هەر لێکۆڵینەوەیەکی دیکە یا بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە لەم هەڵسەنگاندنەدا چی بە هێند بگرین، دەبێ ئەم داوایەی خەڵەفبەگ کە تەنیا بەڵگەیە لەبەردەستماندا، باشتر بەکار بهێنین. زانیارییەکانی «باب آصفی، دیوان همایون مهمه قلمی ٩٥/٣»، دەیسەلمێنن کە دەوڵەتی عوسمانی زۆر توند هەوڵەکانی دانپێدانانی ڕەوشی سیاسی بدلیسی داوەتە دواە؛ بۆیە ژمارەیەک «عولەمای

بدلیس»، کــە زۆربەیان خاوەن پێگەی ئایینی و هەڵبەت کۆمەڵایەتییش بــوون، نامەکەیان بۆ ســوڵتان نــاردووە و داوایان لــێ کردووە زوڵم و زۆری ســەر خەڵکی بدلیس هەڵبگرێ. نووســیویانە: «امید در کــە رضا الله ایچون بو ظلــم بو ویلایتــە رفع و رحم النــوب.» واتە: چاوەڕێمــان لە بەخشــەندەیی ئێوەیە. هیواداریـن لەبەر خاتری خودا، ئەم زوڵم و زۆرییە لەســەر ویلایەتەکەمان هەڵگرن.

کەواتــە کۆمەڵێــک زانــای موســڵمان هەســتیان کــردووە ئیتــر دەبــێ دۆخەکە بگــۆڕدرێ، بۆیــە داوایان کردووە ئــەو بڕیارە ئیمپراتۆریانــەی وا دوای مردنی شــەرەفخان دەرکراون، هەڵبوەشــێندرێتەوە. کێشە لێرەدا ســاڵەکەیە ٩٨٦ی ک/١٥٧٨ی ز، کە گۆمانی تێدا نییە هەڵەی ئەرشیف کردنی کارمەندێکی «BOA»یە.

نامەکــە، شــەرەفخانی بــە «مرحــوم شــەرەفخان» ناو بردووە، بــەڵام ئەوانەی وا لە بــارەی کار و ژیانــی شــەرەفخانەوە زانیاریی سەرەتاییشــیان هەیە، دەتوانن زۆر ئاســان ئۆباڵ بکێشــن، کە شــرەفخان ساڵی ٩٨٦ی ک، ماوە. ئەمە لە چەندین بەشــی شەرەفنامە و پاشــکۆکەی ئێرەشــدا دەردەکــەوێ و لە خودی بەڵگەنامەکەشدا ئاشکرا دیارە. مامۆستا ئەبووبەکــری مودەریس لە ئیخلاســییە، کە یەکێکە لەو زانا ئیســلامییانەی وا نامەکەیان ئیمزا کــردووە، زۆر بە ڕوونی ســاڵی ٩٨٦ی ک، ڕەت دەکاتەوە، چونکە شــەرەفخان، نەک تەنیا ســاڵی ٩٩٨ی کۆچی، فەرمانی کردووە مەدرەســەی ئیجلاســییە دروســت بکرێ لە بدلیس، بەڵکوو هەر خۆی ئەوســا شەمسەدین مەولانا محەمەد شەرانشبی کردۆتە مامۆستای وانەبێژی ئەم مەدرەسەیە».

لێــرەدا ڕێکەوتی ئــەو زانیارییانەی «باب آصفی» و « دیوان همایون مهمه قلمی ٩٥/٣» کە گوایە «دەیسەلمێنن کە دەوڵەتی عوسمانی زۆر تونــد هەوڵەکانــی دانپێدانانی ڕەوشــی سیاســیی بدلیســی داوەتە دواە»، دیار نییە. بەڵگەنامەی ژمارە ٣ش، نەک «کۆمەڵێک زانای موسڵمان»، بەڵکوو ٤ کەس واژۆیان کردووە و نووسەرانی پاشکۆ لەســەر بنەمای ناوی تەنیا یەکێکیان (واتە، ابوبکر مدرس بالاخلاصیە)، ٣ کەســەکەی دیکەشیان بە «زانایانی موسلمان» هەژمار کردووە و هەوڵی ئاشــکرا کردنی ناو و پێگەی ٣ کەســەکەی دیکەیان نەداوە. (بڕوانە ٤ واژۆی ژێر بەڵگەنامەی ژمارە ٣). نووسەرانی پاشــکۆ هەرووەها بە بێ بنەمــا گەرەکیانە ئەم دوو نامەیە لێک گرێ بدەن. بۆیە بۆ گەیشتن بەم مەبەســتەی خۆیان، گومانیان خستووەتە سەر ڕێکەوتی نامەکەی «٤ زانای موسلمان» لە بەڵگەنامەی ژمارە ٣دا و گوایە دەبێ ڕێکەوتی ســاڵی ٩٨٦ی کۆچــی لە لایــەن کارمەندی ڕێکوپێــک کردنی بەڵگەنامەکانی ئەرشــیڤی عوسمانییەوە، بەهەڵە نووسرابێ!

بــەڵام بەپێچەوانە، ســاڵی ٩٨٦ی کۆچی ڕاســتە و ئــەم ڕێکەوتە ڕێک دەبێتە ســاڵی پێــش گەڕانــەوەی شــەرەفخانی پێنجەم لە نەخجەوانــەوە بۆ بدلیس. شــەرەفخان دەڵێ: «ســێهەم ڕۆژی مانگی شەشەکان (شەوال)ی ٩٨٦ی کۆچی، لە نەخجەوانەوە «بەرەو بدلیس بزووتیــن». (شــەرەفنامە، ل. ٦٦١). وادیارە جگە لە «هەوڵ و هەڵســوڕانێکی بێوچانی خوسرەو پاشــا» بۆ گەڕانەوەی شــەرەفخان کە لەگەڵ «ســەرکردەکانی وان و زەینەلبەگــی میری هەکاری و حەســەنبەگی میری مەحموودی، لەدەرانــەی ســوڵتان مرادخانــەوە مزگێنیی حکوومەتی بدلیســیان» بۆ هێنــا نەخجەوان (بڕوانــە شــەرەفنامە، ل. ٦٦٦)، دەبێ لە ئاســتی کۆمەڵایەتییــش ئــەم چەند کەســەی دیکە (ڕەنگە ٣ کەسەکەی دیکەش «زانای ئایینیی» بووبن. بەڵام تا ئاشــکرا بوونی ناو و پێگەیان، ناکرێ لەمە دڵنیا بین) هەوڵی خۆیان دابێ تا سوڵتانی عوسمانی ئەم «زوڵم و زۆرییە لەسەر ویلایەتەکەیــان»، هەڵگرێ و مەبەستیشــیان لە «خوالێخۆشبوو شــەرەفخان» لەم نامەیەدا،

شـــەرەفخانی چوارەم، واتە باپیری شەرەفخانی نووسەرە و داواکارییەکەشـــیان بۆ گەڕانەوەی مافی سامان و پێگەی خانەدانی دەسەڵاتداری بدلیس، بۆ شەرەفخانی پێنجەم، واتە نووسەری شـــەرەفنامە بووە. لە لایەکـــی دیکەوە، وەک لەسەرەوە جەختی لەســـەر کراوە، دەبێ «کام بڕیاری ئیمپراتۆری پاش مردنی شـــەرەفخان» دەرکرابـــێ و نووســـەرانی نامەکـــە داوای هەڵوەشـــاندنەوەیان کـــردووە؟ زۆر ڕوونە کە ئەم بڕیارە پاش کوشـــتنی شەرەفخانی چوارەم بەدەســـت ئۆلمە دەرکراوە کـــە بریتی بوو لە ئەســـتاندنەوەی میراتگریی میرنشینی بدلیس لـــە میراتگرەکەی، واتە شەمســـەدین (کوڕی شـــەرەفخانی چـــوارەم و باوکی شـــەرەفخانی پێنجەم لە ساڵی ۹۵۰ی کۆچی لە سەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانوونی) کە فەرمانڕەوایی میرنشینی بدلیس بۆ ماوەی ۴۴ ساڵ هەتاکوو گەڕاندنەوەی میرایەتی بدلیس بۆ شەرەفخانی پێنجەم، لەژێر دەســـەڵاتی عوســـمانیدا بووە. هەروەها دەزانین کە پاش مردنی شەرەفخانی پێنجەم، هیچ بڕیارێکی ئیمپراتۆری سەبارەت بە میرنشـــینی بدلیس دەرنەکـــراوە. بۆیە ئەم نامەیە هیچ پێوەندییەکی بە ســـاڵی ۱۰۱۰ی کۆچییەوە نییە.

۲- بـــەڵام ســـەبارەت بـــە «مەدرەســـەی ئیخلاسییە» لە بدلیس کە «مامۆستا ئەبووبەکر»، «مودەریس»ی ئەم مەدرەســـەیە واژۆی لەسەر نامەکە هەیە:

ئـــەم مەدرەســـەیە لـــە ســـاڵی ۱۲۱۶ی زایینی، واتە ســـاڵی ۶۱۲ی کۆچی بەدەســـت ســـەلجووقییەکان لە بدلیس ساز کراوە و هەر خانووبەرەکەش شـــێوازی ئەوانی پێوە دیارە و شـــەرەفخان لە ســـاڵی ۹۹۸ی کۆچی نۆژەنی کردووەتەوە. (بڕوانە: سەرچاوەی ژمارە ۱۳)

کەوابوو:

■ دەبێ پێش ســـاڵی ۹۹۸ی کۆچی، واتە پێش نۆژەنکردنەوەی مەدرەســـەی ئیخلاسییە لە لایەن شـــەرەفخانی پێنجەمەوە، لە ســـاڵی ۹۸۶ی کۆچیدا «ابوبکر» ناوێک، «مودەرِســـی» ئەم مەدرەســـەیە لـــە بدلیـــس بووبێت و لە بەرەبـــەری گەڕانەوەی شـــەرەفخاندا، لەگەڵ چەند کەســـی دیکە ئەم نامەیەیان بۆ سوڵتانی عوسمانی (سوڵتان مرادی سێیەم) نووسیوە.

■ «شەمســـەدین مەولانـــا محەمـــەد شەرانشـــیبی» کە لە شەرەفنامەدا باسی کراوە، پاش نۆژەنکردنەوەی ئەم مەدرەسەیە لە لایەن شـــەرەفخانەوە، وەک مامۆســـتای وانەبێـــژی ئیخلاســـییە دامەزراوە. ئەگەر ئـــەم نامەیە لە ساڵی ۱۰۱۰ی کۆچی نووسرابێ، دەبوو واژۆی ئەو زانایەشی پێوە بووبا.

بەگوێرەی ئـــەم ڕوونکردنەوەیـــە، نامەی خەڵەفبـــەگ و نامەی «زانایانی بدلیس» نە لە ڕووی کاتەوە و نـــە لە ڕووی نێوەڕۆکەوە هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکترەوە نییە.

وەرگێڕانـــی ئـــەم دوو بەڵگەنامانە، چەندە تـــەواون و چ بابەتـــی دیکـــەی تێدایـــە کە نووســـەرانی پاشـــکۆ خۆیان لێ گێل کردووە، دەیهێڵینەوە بۆ لێکۆڵینەوەی کەسانی پسپۆڕی دەقـــە کۆنـــەکان و ئاشـــکراکردنی نێوەڕۆکی تەواوی نووســـراوەکە. تەنیا ئـــەوە دەڵێین کە «چاومان لە بەخشەندەییی ئێوەیە» لە نامەکەدا بەدی ناکرێ، بەڵام نووسەرانی پاشکۆی۱، ئەم واتایەیان لێ زیاد کردووە.

پاشان نووسەرانی پاشکۆی ۱، دەڵێن:

«بۆ دوایین سەرنجیش، ئاماژە بە نامەیەکی بڵاو نەکراوەی شەرەفخان دەکەین. شەرەفخان لە تێبینییە ڕەسمییەکەی نامەکەدا «A.DVN 12/85»، پێشـــنیاری بە ســـوڵتان محەمەدی ســـێهەم کردووە تا عەلیبەگ بکاتە سەرۆکی هەردوو خێڵی کوردی بیلان و خەندەقی. ئەم نامەیە ســـاڵی ۱۰۱۰ی کۆچی لەسەرە، بەبێ ئەوەی هیـــچ ئاماژەیەک بە مانگ و ڕۆژەکەی کرابێ. جا کە خەڵەف ساڵی ۱۰۱۰ی کۆچی، براکـــەی بە «مرحـــوم شـــەرەفخان» ناوبردبێ (پێشـــتر دیتمان کە ئـــەم ڕێکەوتە هەڵەیە) و هەر ئەو ساڵەش شەرەفخان مابێ، زۆر وێدەچێ

براکەی ســـەرەتاکانی ئەو ساڵە، واتە ١٠١٠ی کۆچـــی، کوژرابێ یـــا کۆچی‌دواییـــی کردبێ. بەگوێـــرەی «A. NST 9/26» کۆتایـــی ڕەبیعی یەکەمـــی ١٠١٠ی کۆچی، خەڵەفبەگ پاش براکەی بۆتە حاکم. بەڵگەنامەکە دەریدەخا کە ئەو ساڵە هەمان بنەماڵە حوکمرانیی بدلیسیان کـــردووە. چونکە لـــە بەڵگەنامەکـــەدا هاتووە: «داخوازیـــی بەندەی نۆکەرتـــان خەڵەفخان، فەرمانڕەوای بتلیس.»

مـــادام ســـەلماندمان کـــە ڕێکەوتـــی ڕاســـتەقینەی نامەکەی خەڵەفبەگ ١٠١٢ی کۆچییـــە، ئیتر ئـــەم نامەیەی شـــەرەفخانی پێنجەمیش بەتـــەواوی ڕوونکردنەوەکانی ئێمە دەســـەلمێنێ و بـــە ڕوونی ئاشـــکرا دەبێ کە لە ســـاڵی ١٠١٠ی کۆچیدا شـــەرەفخان هەر زیندوو بووە. بەڵام سەبارەت بە فەرمانڕەواییی میرنشینی بدلیس پاش دەست لەکارکشانەوەی شـــەرەفخان (لە ســـاڵی ١٠٠٥ی کۆچیدا) و بەتایبەت ســـەردەمی میرایەتیی شەمسەدینی کوڕی و ئیتر دواتریش، لانی کەم ئەم پرســـە لـــە نێو دەقە مێژووییـــەکان و بەڵگەنامەکاندا بزرە و پێویستی بە توێژینەوەی تایبەت هەیە. ئەگەرچی دەزانین کە ســـەرەڕای لاوازکردنی دەســـەڵاتیان، مافی میراتگرانـــەی خانەدانی دەسەڵاتداری شەرەفخان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە میرنشینی بدلیس هەر بەردەوام بووە.

لێـــرەدا، نووســـەرانی پاشـــکۆی١، لەژێر ســـەردێڕی «پاشـــکۆ» کۆتایی بە بابەتەکەیان دێنن و دەڵێن:

«ئـــەو بەڵگەنامەیـــەی وا لێـــرە دەیبینن (بەڵگەنامەکانـــی ١ و ٢)، لـــە ڕووی «BOA A.NST 1138, fols 5-6»ی ســـاڵی ١٠٠١ی کۆچی، وێنەی گیراوەتەوە. وەک بەڵگەنامەیەک کە لە «باب آصفی» هەڵگیراوە. وا دەردەکەوێ لـــە کۆشـــکی تۆپقاپـــی پارێزرابـــێ و دواتر گواسترابێتەوە بۆ ئەرشـــیفی تازە بنیات‌نراوی بابی عالی (پاشا قاپیسی). بەڵگەنامەکە بریتییە لـــە دوو پـــەڕی دووقەدکـــراو. هـــەر پەڕێکی دووقەدکراو ٦-١٣ دێـــڕی بە خەتی دیوانی و سیاق تێدا نووسراوە. دوایین لاپەڕەش مۆرێکی شەرەفخانی بە سەرەوەیە کە نووسراوە «بەندە شەرەف».

پاشان لەژێر سەردێڕی ناڕوونی «پوختەی بۆچـــوون: کارمەندێکی لایەنگـــری دەوڵەتی عوســـمانی» و ئاماژە بە بەڵگەنامەکانی ١ و ٢ دەکەن کە دیار نییە مەبەستی نووسەران لەم ســـەردێڕە ئەوەیە کە شەرەفخان کارمەندێکی لایەنگـــری دەوڵەتـــی عوســـمانی بـــووە یان بەڵگەنامـــەی ژمارە ١ بۆچوونـــی کارمەندێکی لایەنگری دەوڵەتی عوســـمانییە؟ دیارە پێشتر بە تێر و تەسەلی باســـی «بەڵگەنامەکانی ١ و ٢»مان کرد و سەلماندمان کە گریمانەی دووەم ڕاستە. واتە بەڵگەنامەی ١ «پوختەی بۆچوونی کارمەندێکی لایەنگری دەوڵەتی عوسمانی»یە و بەڵگەنامەی ٢، داواکاری شەرەفخانە. بەڵام دیار نییە بۆچی نووسەرانی پاشکۆ لێرەدا ڕاستەوخۆ و بە ڕوونی ئەمە نابێژن؟ بەهەرحاڵ نووسەرانی پاشکۆی ١ لە درێژەی ئەم برگەیەدا دەڵێن:

«دیاری کردنی ژمارەی دەست‌وپێوەندەکانی شـــەرەفخان لایەنێکی ڕوونی بەڵگەنامەکەیە. شەرەفخان لێرەدا، ســـەرباری نیگەرانییەکانی لە بـــارەی گوزەرانی دەســـتوپێوەندەکانییەوە، کە ژمارەیان ٥١ کـــەس بووە، ئاماژە بە چەند تەوەرێکـــی تری گرینـــگ دەکا، کە بێ‌گومان بەکەڵک دەبن و زانیاریی زۆرتر دەخەنە ســـەر لایەنە فەرامۆش کراوەکانی ژیاننامەکە».

پاشکۆی ١ لەو ٦ خاڵەی ژێرەوەدا کۆتایی پێ دێت:

«**١** ســـەرەتای بەڵگەنامەکە ئەوە پێشـــان دەدا کە شـــەرەفخان ویســـتوویەتی بەردەوام خزمەتـــی دەوڵەتـــی عوســـمانی بـــکا، (ئەمە دەربڕینـــی کارمەندەکەیـــە لـــە بەڵگەنامەی ١دا، نـــەک ویســـتی خودی شـــەرەفخان لە داخوازییەکانیدا لە بەڵگەنامەی ٢دا) بۆیە هیچ هۆیەک بـــۆ ڕەت کردنەوەی داواکانی لە ئارادا نییە. (ئەمەش لێکدانەوەی خودی نووســـەران

و بەرپرسە عوسمانییەکەیە) شەرەفخان دوای هەڵمەتەکانــی ڕۆژهــەڵات، داوای کــردووە هێندێک پلــە و پایە بدرێتــە بنەماڵەکەی و تەواوی ئەو کەســانەش کە لــەو هەڵمەتانەدا بەشداربوون، خەڵات بکرێن. (لە بەڵگەنامەکەدا نەهاتووە دوای ئــەم هەڵمەتانە داوای کردبێ، بەڵکوو کارمەندەکەی عوسمانی دەڵێ «لەگەڵ خێڵەکەی بەشداریی هەڵمەتەکانی ڕۆژهەڵاتی کــردووە و جەنگاوەرێکــی دڵســۆز بــووە». شەرەفخان لە بنەماڵەکەی، تەنیا بۆ دوو کوڕی خۆی و دوو کوڕی خەڵەفبەگی برای داواکاریی هەبووە، ٥٢ کەسەکەی دیکە سوارەکانی بوون) لە وەڵامی ئەم داوایەدا، «تەرەقی»، ســێیەکی «تیمــار» و «ئیبتیدا» بە خــەڵات دراوەتە ئەو سوارە و دەســتوپێوەندانە کە لە هەڵمەتەکەدا لەگەڵی بــوون. نــاوەکان نیشــانەی «ح»یان لەســەر دانراوە، وەک ئاماژەیەک بۆ «بلووک». «بلووک»یــش ناوێکی زۆر کۆنــی تورکییە، بۆ یەکەی ســەربازیی ١٠٠ کەسی بەکار هاتووە کە یووزباشی (نەقیب) سەرکردەیان بووە».

**٢** ژمارەیەکی بەرچاوی دەستوپێوەندەکانی شــەرەفخان، بەپێی بەڵگەنامــەی هاوپێچی، خەڵکی دەرەوەی بدلیس بوون. ئەم سەرنجانە دەمانگەیێننــە ئــەو ئەنجامە کە شــەرەفخان دەســەڵاتی هەبوو، نــەک هەر لــە بدلیس، بەڵکوو لە مــووش و وانیش، کورد کۆ بکاتەوە و بیانجووڵێنــێ ئەمەش زۆر جێی بایەخە کە بەڵگەنامەکە باســی پێگەیەکــی گرینگ دەکا بــۆ محەمەدی مووش. بۆیە ئــەم بەڵگەنامەیە ئاماژەیەکیشە کە شەرەفخان بەردەوام بایەخی بە ناوچەکەی خۆی داوە».

نووســەرانی پاشــکۆ لە ســەرەوە دەبێژن «شەرەفخان بۆ ٥١ کەس لە دەستوپێوەندەکانی» داوای چــی و چی کردووە کە هێندێک لەوانە گوایە خەڵکــی «دەرەوەی بدلیس» بوون، واتە بەهۆی ئەم چەند کەســەی دەرەوەی بدلیس بۆ نووســەرانی ئەم پاشــکۆیە دەرکەوتووە کە شــەرەفخان «هەر نەک لــە بدلیس بەڵکوو لە مووش و و وانیش توانیوێتی کورد کۆبکاتەوە و بیانجووڵێنێ»! لێرەشدا دیسان دیار نییە لەکوێی ئەم بەڵگەنامەیەدا دەرکەوتــووە کە هێندێک لەم کەسانە خەڵکی دەرەوەی بدلیس بوون. تازە ئەگەر ئەمەش ڕاســت بێ، وا دیارە نووسەرانی پاشــکۆ هیچ لە ژێرخانی هۆز و هۆزایەتیی ئەو ســەردەمە، و هێز و توانــای هۆزەکانی کورد و بەتایبــەت هۆزی ڕۆژەکــی و هاوپەیمانەکانی و دەوری خانەدانە حوکمڕانەکانی کوردســتان نازانــن و یان خۆیان لە گێلی داوە! لە لایەکی دیکە، وەک پێشــتر باســمان کرد، بەگوێرەی بەڵگەنامەی ٢، ژمارەی «دەســتوپێوەندەکانی» شەرەفخان جگە لە زیائەددین و سەیدی و دوو کوڕەکانی خەڵەفبەگ، ٥١ کەس نیین، بەڵکوو ٥٢ کەسن! دیار نییە بۆچی نووسەرانی پاشکۆ خۆیان زەحمەت نــەداوە ئەم دوو بەڵگەنامەیە لەگەڵ یەکتر هەڵســەنگێنن و جیاوازییەکانی ئاشکرا بکەن؟

«**٣** ئاشــکرایە زەوییــە دەرەبەگییەکانی عوســمانی دراون بەو کەســانە، کە خزمەتی باشیان لە هەڵمەتە ســەربازییەکاندا کردووە. بەگوێــرەی بەڵگەنامەکــە، زیائەددیــن بەرز کرانــەوەی پلەکــەی بــۆ «موتەفەریقەلیق» ڕەت کراوەتــەوە. هەر ئەمەش وامان لێ دەکا بەڵگەنامەکە بە دروست بزانین. داخوازییەکانی دیکــەی شــەرەفخان دەریدەخــەن (کام داخوازیی دیکە؟) کە عوسمانییەکان هەمیشە «بویرولدی»یان پێشــان داوە. واتە داواکانیان ســەبارەت بــە دەســتوپێوەندەکان قبووڵ کــردوون. (بەپێــی کام بەڵگەنامــەی دیکە «داخوازییەکانی دیکەی» شەرەفخان «هەمیشە بویرولــدی» پێشــاندراوە؟). بــە ڕای وەزیر، زیائەددیــن خزمەتی ســەربازیی نەکردووە و هیــچ ئەرکێکی حکوومەتیشــی نەبووە، بۆیە داوای پلــە بەرز کردنــەوەی دراوەتە دواوە». (کام «وەزیر»؟).

«پلــەی موتەفەریقەلیق، بەپێــی نەریتی ئیداریــی عوســمانی، بەخشــراوەتە کوڕانی

کاربەدەستانی دەوڵەت (بەڵێ ئەمە بۆ «کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی» نەریت بووە، نەک بۆ میرنشینە سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆکانی کورد. لێرەدا یاسای ئیمپراتۆری کە لە سەردەمی سوڵتان سەلێمەوە پەیڕەو کراوە، کاریگەریی هەبووە و میراتگری و جێنشینیی میرنشینەکان بەخواستی هۆز و خێڵەکان و هۆزە یەکگرتووەکانی کورد بەڕێوەچووە. دیارە هەرچی میرنشینەکان و پشتیوانیان، واتە هۆز و خێڵ و هۆزە یەکگرتووەکانی کورد لاوازتر بوون و لێکتر هەڵبڕاون جا چ بەهۆی کێشە نێوخۆییەکان و یان پیلانەکانی دەوڵەتەکانی عوسمانی بووبێت، ئەم یاسایە پشتگوێ خراوە و لە کۆتاییشدا لەنێوچوونی میرنشینە سەربەخۆ و نیمچەسەربەخۆکانی کوردی لێ کەوتووەتەوە). کوڕی دەرەبەگەکانیش، بۆ نموونە: خانی نیمچەدوڕگەی کریمە «قرم»، بەگە کوردەکان، بەگەکانی ئەفلاق، بوغدان و ئەردەڵ، زۆرینەی ئەو پلەدارانەیان پێکهێناوە. بە عوسمانی کردنی ئەم جێنشینە میراتگرانەی وا لە ئیستامبووڵی پایتەختی ئیمپراتۆرییەکەدا گەیبوونە پلەی بەرزی خوێندەواری، ئامانجی سەرەکیی ئیدارەی ناوەندی ئیمپراتۆریی عوسمانی بووە. کۆمەڵێک پلە وپایەی سەرەتاییی ڕەسمیشی هەر لە چوارچێوەی ئەو ئامانجەیدا پێ بەخشیون. بە واتایەکی دیکە، ئەمە دەرفەتێکی گرینگ بووە بۆ کوڕە میرەکان تا ئاشنای کەشوهەوا و کاروباری کۆشک ببن». (ئەگەریش بۆ ئەوان دەرفەتێک بووبێت، مەبەستی عوسمانییەکانیش بووە، بۆ لاوازکردن و دەسەمۆکردنی میرنشینەکان و لەئەنجامدا لەنێوبردنیان).

«ئەم سیستەمە ئیدارییە وەک هەڕەشەیەک لە دژی میرنشینەکانیش کاری پێ کراوە، تا کێبەرکێ لەسەر پێشەنگایەتیی نێو کۆشک بکەن (ئەم ڕستەیە زۆر سەرنجڕاکێشە!؟ نەک «کێبەرکێ لەسەر پێشەنگایەتیی نێو کۆشک»! بەڵکو دەسەمۆکردنی جێنشینەکانی میرانی کورد، وەک کەرەسەیەکی گرینگ لە لایەن عوسمانییەکانەوە بەکار هاتووە بۆ لاوازکردن و گوێڕایەڵکردنی میرنشێنەکانی کورد). بەپێی نەریت، کوڕە گەورە بارمتەی قانوونی و جێنشینی پلە و پایە خۆجێیییەکانیش بووە، بەڵام دۆخەکە لە بدلیس، وەک میرنشینێکی «یورتلیق-ئۆجاقلیق» گەلێک جیاواز بووە (بۆ جیاواز بووە؟). وا وێدەچێ میرنشینەکە خۆی هۆکار بووبێ (ئەم هۆکارە چی بووە؟ نووسەران ئەمانە ڕوون ناکەنەوە) تا شەرەفخان داوای پلەی «موتەفەریقەلیق» بۆ زیائەددین، نەک شەمسەددینی کوڕە گەورەی بکا (ئەمە نە بۆ ناردنی کوڕەکەی و بەشداربوون لە کێبەرکێ بووە، بەڵکوو بەهۆی ئەوە بووە کە لەنێو هۆزی ڕۆژەکی و خێڵە هاوپەیمانەکانیدا، «شەمسەددین» شایستەییی میراتگری و جێنشینیی میرنشینەکەی هەبووە. لە لایەکی دیکەوە ڕەنگە بۆ پێشگرتن لە دووپات بوونەوەی دەستبەسەرداگرتنی بدلیس لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بووبێ، تا لەم حاڵەتەشدا کەسێکی دیکەی ڕۆژەکی لە هەمان خانەدان، واتە «زیائەددین» بکرێ بە میری بدلیس). بەگوێرەی ژیاننامەکە، شەرەفخان بە خواستی خۆی دەسەڵاتی بۆ شەمسەددین بەجێهێشتووە، دەردەکەوەێ زۆر مەبەستی بووە کەسێکی دیکە بنێرێ بۆ کۆشک. هەروەها لە دێڕی ۴ی بڕگەیەکی بەڵگەنامەکەی خوارەوەدا، بە ئاماژەیەک نووسراوە: کوڕی خانێکی پێشوو «خان اوغلو خان» (ئەمە هەمان واتای «خانی کوڕی خان»ە کە پێشتر لە بەڵگەنامەی ۲دا دەبا هاتبا بەڵام نووسەرانی پاشکۆ قرتاندبوویان و لێرەدا بۆ یەکەمجارباسی دەکەن، دیارە لەبەر ئەوەی لێرەدا «کاریان پێی هەیە). ئەم بڕگەیە پرسی جێنشینی بدلیس دەردەخا، بۆیە شەرەفخان مافی هەبووە کوڕە گەورەکەی خۆی یان جێنشینی داهاتووی لە ناوچەکە

بهێڵێتەوە».

«هاوکات پێویستە باسی هێندێک حاڵەتی دیکە بکەین. چەمشگەزک، وەک میرنشینێکی «یورتلیق-ئۆجاقلیق»، دۆخێکی کەموێنەی هەبووە».

ڕاستە «دۆخی» میرنشینی چەمشگەزک لەنێو میرنشینەکانی دیکەی کورد کەم وێنە بووە، بەڵام دیار نییە بۆ نووسەرانی پاشکۆ باسی ئەم «دۆخە کەموێنە»یە، بەدیرێکیش ناکەن! شەرەفخان لە «باسی میرانی چەمشکەزک» لە لاپەڕەکانی ۳۰۲-۳۱۲ی شەرەفنامەدا باسی ئەم دۆخە دەکات. لە سەردەمی سوڵتان سولەیماندا بەهۆی ناکۆکیی نێوان ۱۶ کوڕی «پیر حوسێن‌بەگ»، دوایین میری کۆچکردووی ئەم میرنشینە، میراتگرانی بڕیار دەدەن تا بەشێک لە داهات و زەوی و زاری میرنشینەکەیان ببێتە «بەش و مڵکی تایبەتی» سوڵتانی عوسمانی و «ئەوەی دەشمێنێتەوە بکرێ بە دوو سنجاق و چاردە زەعامەت و تیمار» و بەم شێوەیە چارەنووسی میرنشینی چەمشگەزەک و دیاریکردنی فەرمانڕەوایانی میرنشینەکە، بەپێچەوانەی نەریتی باوی میراتگری لە میرنشینەکانی دیکەی کورد، ئیتر بەکردەوە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی سوڵتانی عوسمانی و سەربەخۆیی خۆی لەدەست دەدا.

لە درێژەی خاڵی ۳دا، هاتووە:

«ئاشکرایە سوڵتان سولەیمانی یەکەم (م. ۹۷۴ی کۆچی) هەموو هەوڵێکی خۆی خستۆتە گەڕ تا مافی جێنشینیی میرنشینەکان سنووردار بکا. دواجار دەوروبەری ساڵی ۹۵۰ی کۆچی، توانیویەتی جێنشینی کورد لەسەر کار لابەرێ و زولقەدر ئۆغلوو عەلی بەگ لە جێی ئەو بکاتە فەرمانڕەوا». (بەڵێ ئەمە ئەو بڕیارەی ئیمپراتۆرییە بوو کە لە نامەکەی «عولەمای بدلیس»دا داوا کرابوو هەڵبوەشێتەوە).

«هەر ئەم هەوڵانەی دەوڵەتی عوسمانییش، یەکێک بوون لەو هۆیانەی کە تیرەی ڕۆژەکییان ناچار کردووە بدلیس بەجێ بهێڵێ و ڕوو بکاتە وڵاتی ئێران، لە کاتێکدا «مەلاتییە» و «مەرعەش»یش دراوەتە میر شەمسەدین. سولەیمان‌بەگ، کە لە خزمانی «ساسۆن»یی دایکی بووە، ئامۆژگاریی کردووە سەرەنجام میر شەمسەدین ناچار کراوە پەنا بۆ وڵاتی ئێران بەرێ».

دیارە نەریتی جێنشینی و بەردەوامیی خانەدانە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بە فەرمانێک نەگۆڕدراوە و ئەگەریش سوڵتانەکانی عوسمانی ویستوویانە بیگۆڕن، وەک زۆر نموونە کە لە شەرەفنامەشدا هاتووە، پاش ماوەیەک پاشەکشەیان کردووە و ملکەچی خواستی خەڵک و هۆزە یەکگرتووەکانی کورد بوون و بەناچاری میراتگرانی میرنشینەکانیان دیسان گەڕاندووەتەوە سەر دەسەڵات. بۆ نموونە: کاتێک سوڵتان سولەیمان «هەرێمی بدلیسی گرت و شەمسەدین‌خانی لەوێ دەرپەڕاند... «خێڵانی بایەکی و نۆدەکی و بڵباسی ماوەی ۳ ساڵان سەریان وەبەر فەرمانی کاربەدەستانی نەهێنا. تەنانەت تەواوی میر و سەرکردەکانی کوردان بە پێی فەرمانی سولەیمانی، وەکوو دێوەکانی قاف هرووژمیان کردە سەریان، بەڵام نەیانتوانی بە چۆکیاندا بێنن و دەستەمۆیان کەن. سوڵتان سولەیمان ... وەختایەک بۆی ڕوون بووەوە کە بە زەبروزەنگ چی بۆ ناکرێ، بەهائەددین‌بەگی میری حەزۆی ڕاسپارد و ئەویش بە زمانی خۆش جەماوەری دۆڵی کیفەندۆر و تیرە و تایفەکانی بایەکییانی بۆ کەوی کرد و هێنانییە بەر بار. لە لایەکی دیکەشەوە خودی سوڵتان کەوتە لاواندنەوە و دڵدانەوەی برایم‌بەگ و قاسم‌بەگی کوڕانی شێخەمیری بڵباسی و ئاوا دەسەڵاتی بەسەر بدلیسدا شکایەوە و بە زەبری زۆر چی بۆ نەکرا». (شەرەفنامە، ل. ۵۵۶).

«**۴** هەڵبەت دژایەتیی زیائەددین بە هۆی سیاسەتێکی عوسمانییەکانەوە سەری هەڵداوە.

ئەوان ویستوویانە گرفت بۆ شەرەفخان بخولقێنن (پێشتر باسمان کرد زیائەددین لە ساڵی ١٠١٥ی کۆچیدا، «بەیعەتی بە شاعەباسەوە» کردووە، دیارە ئەو کاتی شەرەفخان کۆچی دوایی کردبوو). وەزیری عوسمانی داوای لە سوڵتان کردووە گومانەکە بڕەوێنێتەوە. بەڵام وەڵامەکەی، کە ڕەنگە لە خولی دواتری کۆشکی پاشادا گفتوگۆی لەسەر کرابێ، دیار نییە (کام وەزیر و لە کوێ ئەم داوایەی کردووە و چ گومانێکی ڕەواندووەتەوە؟ دیار نییە و نووسەرانی پاشکۆی ١، تەنیا بە «ڕەنگە» چارەی دەکەن، بەڵام لە کۆتاییدا دیسان دەڵێن «دیار نییە»). زۆر وێدەچێ عوسمانییەکان داخوازییەکەیان نەدابێتە دواوە، چونکە داوایەکی یاسایی میرێکی یەکجار ئەمەگداری کورد بووە. (بێ ئاگایی لە بارودۆخی هۆز و هۆزایەتیی میرنشینەکان، لێکدانەوەی وەها لاوازی لێ دەکەوێتەوە و نووسەرانی پاشکۆی ١، هەموو ڕووداوەکە دەبەستنەوە بە «ئەمەگداریی یەکجار زۆری» میرێکی کورد و گەرەکیانە بە «زۆر وێدەچێ» بیسەلمێنن).

خۆ دووریش نییە، زیائەددین خۆی، نەک باوکی، هۆی گرفتەکە بووبێ. دۆسییەی سیاسیی پاڵێوراوە کوردەکان لە هی نەیار و ئامۆزا و تەنانەت برا و باوکیشیان جیا بووە؛ بۆیە وێدەچێ وەزیر (دیسان «وەزیر»، کام وەزیر و لە کوێ؟)، وەک کەسی دەسنیشانکەر، مەبەستی بووبێ هێندێک لایەنی ڕابردووی کاری سیاسیی زیائەددین وەبیر بێنێتەوە. ڕەنگە زیائەددین هێندێک پێوەندیی ژێربەژێری لەگەڵ ئێرانییەکان هەبووبێ (دیسان «وێدەچێ» و «ڕەنگە» بە بێ بەڵگە! ئەم «پێوەندییە ژێربەژێرە» لە ساڵی ١٠١٥ بووە و هیچ پێوەندییەکی بە کاتی نووسینی داخوازییەکەی شەرەفخانەوە لە ساڵی ١٠٠١ی کۆچیدا نییە.)، وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد ساڵی ١٠١٥ی کۆچی، بەیعەتی بە شای سەفەوی کردووە. گومانی تێدا نییە، سەرچاوەی زۆرینەی ئاڵۆزییەکانی دوای مردنی زیائەددین (کەی زیائەددین مردووە و چ ئاڵۆزییەک سازبووە؟ هیچیان دیار نییە)، لەو ئیمپراتۆرییە دەرەکییەوە بووە کە زیائەددین پێشتر جۆرێک پێوەندیی لەگەڵیان بووە (بڕوانن بە «وێدەچێ» و «ڕەنگە» چۆن چۆنی گەرەکیانە ئەم دڵنیاییە بسەلمێنن، تاکوو ئەم چەند تێڕوانینەی لێ هەڵێنجن:) جا لەبەر ئەوەی شەرەفنامە وەک بەشێک لە سیاسەتێکی ڕێک لەگەڵ عوسمانی نووسراوە، نووسەر ژێرانە هەنگاوی هاوێشتووە و زۆر خۆی لە باسی زیائەددین نەداوە. دیارە شەرەفخان تەواوی هەستی بە نیگەرانیی عوسمانییەکان کردووە» (پەیوەندی زیائەددین لەگەڵ سەفەوییەکان» ساڵی ١٠١٥ی کۆچی بووە و نووسینی شەرەفنامە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچی تەواو بووە).

«**٥** پێویستە سەرنج بدەینە دوو کوڕی دیکەی شەرەفخان، کە ناویان لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە. سێهەمیان، بەداخەوە ناوی نەهێنراوە. جگە لە «زەعامەت»، هیچ شتێکی دیکەی لە بارەیەوە نازانین. بایەخی ئەم بەڵگەنامەیە لە ئاماژە کردنیدایە بە کوڕی چوارەمی شەرەفخان کە لە هیچ شوێنێکی تردا ناوی نەهاتووە. ئێمە تەنیا دەزانین ناوی «سەیدی» بووە و چ دەورێکی لە کەرتی سەربازیی عوسمانی و ڕێکخستنی ملکداریدا بینیوە، بۆیە گەلێک پرسیار هیشتا بێ وەڵام ماونەتەوە».

سەبارەت بەم خاڵە وەک پێشتر باسمان کرد، شەرەفخان لە بەڵگەنامەی ٢دا، تەنیا باسی ٢ کوڕی خۆی دەکات: «پلەی قاپوو موتەفەرریقەلغی ببەخشن بە زیائەددین» و «بەپێی یاسای ئیمپراتۆری، زەوی زەعامەت ببەخشن بە کوڕی بەندە سەیدی». بەڵام ئەوە بەرپرسەکەی عوسمانییە کە لە خشتەی بەڵگەی ١دا، هەڵەی کردووە و نووسەرانی پاشکۆ ئەم هەڵەیان قۆستووەتەوە و بە تێکەڵکردنی لەگەڵ بەڵگەی ٢، بەم شێوەیە

چوار کوڕیان بۆ شەرەفخانی پێنجەم بژاردووە: «بۆ یەکێک لە کوڕەکانی: موتەفەرریقەلیق» (کە ئەمە زیائەددینە) و «بۆ دوو لە کوڕەکانی: زەوی زەعامەت بەخشرا» (کە ئەمانە دوو کوڕی خەڵەفبەگن نەک کوڕانی شەرەفخان)، لەگەڵ کوڕی دووەمی شەرەفخان، «سەیدی» کە نووسەرانی پاشکۆی ١، بە کوڕی چوارەمی شەرەفخان دەیقەبڵێنن و لە خاڵی شەشەمدا دەڵێن:

«٦ گرینگە کەمێک باسی پلە و پێگەی «چاووشلیق» بکەین. ئەم ناسناوە بۆ فەرمانبەرانی بەشە جیاجیاکانی کۆشک و پیاوانی پلەنزمی سەربازیش بەکار هاتووە، بەڵام وەک لە نووسراوەکانی شەرەفخاندا دەردەکەوێ، ئەو کاتە واتایەکی تەکنیکیشی هەبووە و بۆ ئەو کوردانە بەکار هێنراوە کە لە کۆنەوە لە کۆشک ماونەتەوە (بەپێی چ سەرچاوەیەک «واتایەکی تەکنیکی!» واتە، ڕواڵەتیی هەبووە؟ و بەپێی چ بنەمایەک لە نووسراوەکەی شەرەفخاندا ئەمە دەر دەکەوێ؟) هەر لە چوارچێوەی ئەم نەریتەشدا شەهاب چاووش، کە یەکێک بووە لە پیاوانی شەرەفخان، وەک چاووشی دەرگا نێردراوەتە کۆشکی ئیمپراتۆری. دوای مردنیشی شەرەفخان پلەکەی بۆ کەسێکی دی داوا کردووە.

دڵنیا نیین کام میرنشینی کورد توانیویەتی «چاووشلیق» بنێرێتە کۆشک. گومان هەن لەوەی وا هەموو میرنشینە «یورتلیق-ئوجاقلیق»ە کوردییەکان، لەو سیستەمەدا بووبن. لەبەر ئەوە چەمکەکە نێوەنێوە بۆ ئەم مەبەستە دەکار کراوە». (دیار نییە نووسەرانی پاشکۆی ١، بەپێی چ بنەمایەک ئەم گومانەیان هەیە، لە کاتێدا شەرەفخان بەم شێوەیە دەریبڕێوە: «هەر «ئوجاقبەگ»ێک بەردەوام یەکێک لە پیاوەکانی، وەک «دەرگا چاوشلیق»، دەنێرێتە پایتەخت. بڕواننە بەڵگەی ٢).

لێرەدا نووسەرانی پاشکۆی ١، لەژێر سەردێڕی «ئاکامی وتار»، بەم شێوەیە کۆتاییان بە پاشکۆی ١ هێناوە:

«جگە لە وردەکاری، زۆر لایەنی ژیانی شەرەفخان هێشتا نادیارن. هەڵەش دەکەین ئەگەر بمانهەوێ پشت بە چیرۆکە باوەکەی ژیانی ببەستین، چونکە کاتی ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکە سنووردارە و بە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچی، دوایی دێ. سەرباری ئەوەی کە هەستی خۆی لە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکەدا ڕەنگی داوەتەوە، دەکرێ بڵێین سەرجەمی مێژووەکان نەیانتوانیوە ئەو بەرگەی لە بەر دابماڵن و تەواو بابەتیانە بینووسنەوە. مێژوویەکی دوورودرێژی پڕ لە بۆچوونی تایبەتی کەسیمان بۆ بەجێماوە کە هێندە ڕاستیی لە بارەی شەرەفخانەوە تێدا نییە».

واتە «مێژووە دوورودرێژە»کەش «هێندە ڕاستی»ی تێدا نییە. جوان سەرنج بدەنە دوایین ڕستەی پاشکۆی١ کە دەڵێ:

«ناکرێ ئەمە وەبەرچاو نەگرین کە ئێمە لێرەدا بەرەورووی نموونەیەکی هاڵۆزی کوردی و گرۆی جیاجیا و ئامانجی جۆراجۆر و ڕوانگەی جیاواز دەبینەوە. دەسەڵاتی عوسمانی و ئێرانی و ئەرمەنی، شەرەفخانیان باش ناسیوە و سەرنجیان خستۆتە سەر ڕووداوەکانی میرنشینەکەی. سەرەنجام هێندێک جار گۆشەی جیاواز لەمەی خۆمان، لە نووسین و باسەکانیاندا دەبیندرێ».

دەبێ بڵێین نەک هەر ئەو کاتی، ئێستاش دەسەڵاتەکانی تورکیا و ئێران و ئەرمەنی، نەک هێندێک جاریش و نەک بەگۆشەی جیاواز، بەڵکوو بەردەوام و بە بەربڵاویی خەریکی شێواندنی ڕووداوەکانی مێژووی کورد و کوردستانن. نووسەرانی پاشکۆی١، لە دوایین دێڕدا دەڵێن:

«هەر بۆیە گرینگە ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی ئەوان وەبەر چاو بگرین هەتا باشتر لەگەڵ ژیان و کاری شەرەفخان ئاشنا ببین. ئەمە سەرەتایەکە و دەکرێ تێگەیشتنێکی دیکەمان بۆ ڕووداوە گرینگەکان لا دروست بکا، بەڵام

زانیارییەکان هێشتا کەمن و بەشی پڕ کردنەوەی کەلێنەکانی ئەم بوارە ناکەن».

واتە دەبێ لەمەوبەدوا چاوەڕوانی «کاری هاوبەش»ی «تاران- ئەنقەرە- یەریڤان» لەم بوارەدا بکەین و ڕەنگە «مۆسکۆ»و هێندێک «پسپۆڕی کورد»یش تێکەڵیان بن و ئەم بابەتەش ببێتە سەرەتایەک بۆ گەلێک «کاری هاوبەشی ئاکادێمیانە!» بۆ شێواندنی مێژووی کورد و کوردستان.

## کۆتایی شیکاریی پاشکۆی ١

بەگوێرەی پێداچوونەکانی نووسەری ئەم دێڕانە، «مستەفا دێهقان» و «فورال گەنچ» پاش بڵاوکردنەوەی ئەو دوو پاشکۆیە، خۆیان خەریکی گەلێک بابەتی دیکەی تایبەت بە کورد و مێژووی کوردستان کردووە، بەتایبەت لە دواین بەرهەمیان (٢٠١٩) بەناوی: «١٦th- Kurdish Emirs in the Century Ruus Registers»، «میرانی کورد لە سەدەی ١٦دا ڕئووس دەفتەرلەری» واتە لە «دەفتەرەکانی تۆماری کاربەدەستانی دەوڵەتی»دا، هەموو توانایان بۆ شێواندنی شەرەفنامە و مێژووی کۆنی کورد و کوردستان تەرخان کردووە و بە پشتبەستن بە «ڕئووس دەفتەرلەری» عوسمانییەکان و بەپێی ڕوانگەی باوی مێژوونووسینەوەی چەواشەکارانەی فەرمیی ئێرانی و تورکی، ڕێک بەشی هەرە گرینگی شەرەفنامە، واتە بەشی یەکەمی شەرەفنامە کە باسی کۆمەڵێک لەو میرانەی کوردستان دەکات کە «ئاڵای سەربەستییان هەڵداوە و مێژوونووسان لە ڕیزی پادشایاندا ڕیزیان کردوون»، خستووتە ژێر پرسیار و هەوڵیانداوە خەوشداری بکەن و لە ئاکامیشدا دەڵێن، سەتاسەری ئەم مێژوویە بە هەڵە نووسراوە!

هیوادارم مێژوونووسانی کورد نەکەونە شوێن ئەو هێڵە هەڵەیە کە بە ئەگەرێک، فیتی دوژمنان و داگیرکەرانی خاکەکەمانی لەپشتە.

هەڵبەت گومان لەوەدا نییە کە دەقێکی پتر لە ٤ سەدە کۆن، ناکرێ بەری لە هەڵە بێت. بەڵام ئەمە نابێ ببێتە پاساو و بیانوو بۆ کێشانی هێڵی سوور بەسەر تەواوی ئەو مێژوو و بەسەرهاتانەی کە شەرەفخان لە شەرفنامەدا وەک بەشێک لە مێژووی کورد و کوردستان ئاماژەی پێ کردوون. لێکۆڵینەوە لە دەقە کۆنە مێژووییەکان کاری ئاکادێمیکی زانستیانەیە، بەڵام ئەگەر کەوتە خانەی شێواندنی مێژوو، بەرهەمێکی وەک پاشکۆی ١ و ٢ و نووسراوەکانی دیکەی ئەم دوو کەسەی لێ دەکەوێتەوە.

بۆیە هیوادارم نێوەندەکان و توێژەرانی مێژووی کورد و کوردستان لەهەمبەر ئەم شێواندنانەدا هەست بە بەرپرسیارەتیی خۆیان بکەن و بەرپەرچی زانستییانەی پێویستیان پێ بدەنەوە.

## سەرچاوەکان


١. بدلیسی شەرەفخان، شەرەفنامە. وەرگێڕ سەلاحەددین ئاشتی، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١٧.
٢. عەبدالرقیب یوسف، تابلۆکانی شەرەفنامە. بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٥.
٣. چەڵەبی ئەولیا، سیاحەتنامە. کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا، وەرگێڕ سەعید ناکام، بەغدا، کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٩.
٤. ڕاجر سێیڤری، ئێرانی سەردەمی سەفەوی. وەرگێر سەلاحەددین ئاشتی، بنکەی ژێن، سلێمان ٢٠٠٦.
٥. ماڵپەڕی موراد جوان. www.muradciwan.com
٦. اسکندر بیگ منشی، تاریخ عالم آرای عباسی، ٣ جلد. ایرج افشار، تهران ١٣٥٠ شمسی.
٧. ملا جلال الدین عباسی (منجم)، تاریخ عباسی (روزنامه ملا جلال). به کوشش سیف‌الله وحیدنیا، تهران ١٣٧٧ شمسی.
٨. راجر سیوری. ایران عصر صفوی. ترجمه کامبیز عزیزی، تهران ١٣٨٥ شمسی.
٩. ابوبکر بن عبدلله، تاریخ عثمان پاشا. ترجمه یونس زیرک، تهران ١٣٨٧ شمسی.
١٠. والتر هینتس. شاه اسماعیل دوم صفوی. ترجمه کیکاوس جهاندار، تهران ١٣٧١،
١١. Osmanlı Dönemi لە ماڵپەڕی:
http://www.malatya.gov.tr/osmanli-donemi?fbclid=IwAR1lnOEXA3BvGgZTir4f8V8h7ak205Yl7ftncDSZDvab5NujiVgjdI4PgMY
١٢. ویکیپێدیا. فارسی، بابەتی «آراکل داوریژتسی».
13. Muhammet Kemaloğlu XI.-XIII. YÜZYIL TÜRKİYE SELÇUKLU DEVLETİNDE EĞİTİ ÖĞRETİM MEDRESELER. s. 99.